


# یادێک لە
# شەهید سولێمان موعینی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# ناوەڕۆک


١- بە بۆنەی سەرهەڵدانی سالەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ و سولەیمانی موعینی(فایق) ................. سیامەند موعینی ..... ٣

٢- لە سەر داوای ساواک مەلا مستەفا، سلێمانی موعینی شەهید کرد و تەسلیم بە ئێرانی کردەوە ... کوردستانپۆست .... ٢١

٣- هێندێک بەڵگەی ساواک سەبارەت بە شەهادەتی سەرکردەی نەمر سولەیمان موعینی ............ حەسەن قازی ..... ٣٢

٤- دوو بەڵگەنامە سەبارەت بە گیرانی نەمر سولەیمان موعینی لە ساڵی ١٩٥٦ بە فەرمانی فەرماندارییی عەسکەری تاران ........................................................................... حەسەن قازی ..... ٥٠

٥- مەسعوود بارزانی ئاوا باس لە چارەنووسی سلێمان موعینی دەکا ...................................................... ٥٣

٦- سولەیمان موعینی (فایق) و هەواڵانی ................................................ مامۆستا هەژار ..... ٥٤

٧- چەند سەرنجێک لە سەر "چێشتی مجێور"ی هەژار موکریانی ............................ مەلا ڕەسووڵی پێشنماز ..... ٦٣

٨- سیامەند موعینی: چیدی خیانەت ناتوانێت کۆسپ بێت لە بەرانبەر ڕێچکەی شۆڕشگێڕیدا ............... دیمانە ..... ٧٨

٩- لە ساڵیادی تیرۆرکردنی تێکۆشەری ڕۆژهەڵات سولەیمان موعینی ................................ شاسوار مامە ..... ٨٧

١٠- ئەمڕۆ ساڵیادی تیرۆرکردنی سولەیمانی موعینی تێکۆشەری رۆژهەڵاتی کوردستانە لەلایەن بارزانی و پارتییەوە ........ .................................................................................. ژ - ت(ناوەندی هەواڵ) ..... ٩٧

❊ کورتە ژیاننامەی محەمەد ئەمینی موعینی .......................... ١٠٢


❊ کورتە ژیاننامەی عەبدوڵلا موعینی ............................ ١٠٥

❊ کورتە ژیاننامەی سەعید موعینی(خانە) ........................... ١٠٨




سەرچاوە Serchawe

## بە بۆنەی سەرهەڵدانی سالەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ و سولەیمانی موعینی(فایق)





نوسین و ئامادەکردن سیامەند موعینی

### لەجیاتی پێشەکی!

لە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی دا، ڕستەی بە ناوبانگی(ڕابوردوو چرای ڕوناکیدەری داهاتوو)یە، ئەگەرچی بۆ ساکاران ڕستەیەکی



سەرچاوە
Serchawe

ساکار دێتە بەرچاو، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی چاوکراوەی خاوەن ئەرشیڤ و ئەزمون، چەشنی کلیلی دەرگای مێژووی کۆمەڵگەکە دێتە هەژمار. دوو وشەی(ئەرشیڤ) و (ئەزمون)، برای بڕبڕەی پشتی یەکترن و، بە جووتە هەر ئەو واتا و مانایە دەبەخشن کە ڕستەی بەناوبانگی ئاماژە پێکراو خاوەنێتی.

ئەگەر بڵێم لە نێو ڕێکخراوە کوردییەکاندا (ئەرشیڤ)ی سیاسی نییە، قسەیەکی نابەهەقم گوتووە. لە کوردەواریدا حیزب و تاقم و دەستە نییە، کە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، لە بەشی نهێنیی سازمانی دا، ئەرشیڤۆکی خۆی دانەمەزراندبێت. بەڵام ئەگەر تووشی ڕەشبینی نەبووبم، دەبێ بڵێم، بابەتی هەرە گرنگ و بەرچاوی ڕاگیراو لە ئەرشیڤە سیاسییەکانی تاقمە شۆڕشگێڕەکانی کوردی دا، بریتی بووە و بریتین لە کۆمەڵە ڕاپۆرتێک دەربارەی خاڵە نەگەتیڤەکانی هێزە سیاسییەکانی هاوشانی خۆیان؛ یان بە تایبەت دەربارەی ئەم و ئەوێک، کە ئەو ئەم و ئەوانە لە ڕوانگەی دەزگا سیاسییەکانەوە بە(لادەر)،(ناحەز) و (دژبەر) ناسراون. خۆ ئەگەر سەرجەم ئەو لادەر و ناحەز و دژبەرانە بخرێنە بەر ڕوناکی و، دەفتەری کرداریان بەچاوی ئینسافەوە بخوێندرێتەوە، گەلێک بە زەحمەت و زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کە(جاشێکی) ڕوو ڕەشیان دەناو دابێت!! زۆربەی هەرە زۆری ئەوان، کەسانی خاوەن هەڵوێستن، کە هەڵوێستەکانیان دەگەڵ کردەوە و هەڵوێست و بیر و بۆچوونی سەرکردایەتییەکان یەکتر ناخوێننەوە.

ئەرشیڤی وەتۆ و زەینییەتی وەلۆ، قەت قەت هیچ کراسێکی دەبەر هیچ هەتیوێکی رووت و قوتی کورد نەکردووە و هەرگیز هیچ بەردێک لەسەر هیچ دارێک وەلا نابات، بگرە بەردەوام توخم و تۆوی دایک گەرای گەندەڵیی سیاسی زۆرتر دەگورێنێت و ماڵی کوردی زیاتر پێ کاول دەکرێت.

لە گۆڕەپانی سیاسەتی حیزبایەتی کوردی دا هەل هەڵکەوتووە کە حیزبێک تووشی قەیرانێکی سیاسی دا هاتبێت و لە ئاکامدا چەندێک لە کادری ڕێبەرایەتی و بەشێک لە بەدەنەی تەشکیلاتی حیزبەکە، لە سەر دۆخ و خەتی سیاسەتی پێشێن و تەنانەت هەر بە هەمان ناو، سەریان هەڵدابێتەوە و خەباتیان دەست پێکردبێتەوە. نموونەی ڕووداوی ئەوتۆیی، هەتا حەز بکەی لە کوردستاندا زۆر و زەبەنن و، لێرەدا من نموونەیەکی مێژووی ئەم سەردەمە، کە بەداخەوە زۆر بە دانستە بەردی گرانی فەرامۆشی لەسەر داندراوە و بە دەستی زۆر لەبیر بردراوەتەوە، دەیخەمەوە بەر ڕوناکایی دیدی سیاسیکارانی کوردی.

هەڵگرانی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەگەر هەڵە نەبم، هەر دوای جوانەمەرگبوونی کۆماری کوردستان، بە ناچاری و بۆ خۆ پاراستن، ڕێی دەرەوەیان گرتەبەر و لە مەنفا و لە دەربەدەریدا، بە خۆڕاگری و بەردەوامبوون لەسەر سەودای

پیرۆز، نەیان هێشت گڕ و گەرمای بیری حیزبی ناوبراو دابمرکێت و لەبیر بچێتەوە. ئەوان، لە دیوی گەرمێنەوە بە نووسینی شەونامەی نهێنی، لە دەرەوە لە ڕێی ڕادیۆ (پەیکی ئێران)، یان بە هەوڵ و خەباتی چەند کەسێکی خوێن گەرمی ئوروپانشین و دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان، ئەرکی ڕاگرتنی ناو و ناسنامەی حیزبی ناوبراویان بەجێ گەیاند.

کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم(١٩٦٥) لە عێراق و ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی و گۆڕکردنی پەیمانی بەغدا، ئەنگوتنی کارزیوەیەکی دڵخۆشکەری دێموکراسی لێکەوتەوە. لە بەرەکەتی ئەو چەند شەو و ڕۆژە دێموکراسییە دا، هەلێک بۆ تازەکردنەوەی پشووی ئازادی سیاسی هەڵکەوت و گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستان و ڕەخسانی بواری چالاکیی سیاسیی کوردی، دەرفەتە زێڕینەیەک بوو بۆ ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە هەموو لایەکەوە بۆی چوون. بەڵام زۆری نەخایاند، ئەمپریالیزم لە هەموو لایەکەوە بۆ ڕووشاندن و ڕووخاندنی حکومەتی نیوە دیموکراتیکی عەبدولکەریم قاسم، داری خستە بەر ڕەوتی ڕەوەڕەوی دیموکراسی و کەش و هەوای دیمۆکراسی گۆڕا و شەڕی نێوان کورد و بەغدا دەستی پێکرد.

شۆڕشی تازە پێگرتووی کوردستان، لە ژێر کارکردی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق - زۆری نەخایاند کە وەک بزووتنەوەیەکی میللی و جەماوەری، بەشێکی یەکجار زۆری لە زەحمەتکێشانی گوندەکانی کوردستانی بەرەو خۆی ڕاکێشا.

بزوتنەوەی جەماوەریی کوردستان ئەگەرچی خاوەنی مەکتەبی سیاسی بوو و زۆربەی ئەندامانی ئەو مەکتەبە ڕوناکبیرانی وردە بورژوای شارەیی بوون، بەڵام چونکە دەق و ڕاستە تەختەی شۆڕشی کوردستان عەشیرەتی بوو، هەر بۆیە شێوەی بەڕێوەچوونی شۆڕشەکە خسڵەتی عەشیرەتی وەرگرت. ساڵی (١٩٦٤)، لە پەیوەندیی کۆمەڵە ئاستەنگ و لەمپەرێکی کە لە نێوان دوو چەشنە بیری بەڕێوەبردنی شۆڕش هاتە ئاراوە، پۆلێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی دژ بە سەرکردایەتیی شۆڕش ڕاوەستان و لە ئاکامدا جیابوونەوەی دوو باڵی تاڵەبانی و بارزانی، شۆڕشەکەی لەت کرد.

هەر لە ژێر کارتێکەریی ڕوودانی لەتبوونی شۆڕشی کوردستانی عێراق، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تووشی قەیران هاتن و لە کۆنگرەی دووەمی حیزب، کە لە گوندی (سونێ)ی باشووری کوردستان دا بەسترا، شادڕەوان عەبدوڵڵای ئیساقی(ئەحمەد تەوفیق)، سەرۆکایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان گرتە دەست. دەستەیەک لە تێکۆشەرانی تری حیزب، کە سەربەخۆ مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە بنەڕەتی تێکۆشان دەزانی، لە جەماعەتی ئەحمەد تەوفیق جیا بوونەوە و کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیان پێکهێنا.



سەرچاوە
Serchawe

کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە بەوە تاوانبار کرا کە گۆیا هاودەستی جەماعەتی (تاڵەبانی)ن و لەوان یارمەتی وەردەگرن، هەر بۆیە وەک دوژمن و نەیار حیسابیان بو کرا و ڕێی هاتوو چۆیان لێ پاوان کرا. حکومتی ساواک و پۆلیسی ئێرانیش کە بە ڕواڵەت دەستی لاواندنەوەی بەسەر شۆڕشی کوردستانی عێراق دا دەهێنا، پەیتا پەیتا ڕادەست کردنەوەی جەماعەتی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکڕاتی لە بارەگای بارزانی دەویستەوە.

بزوتنەوەی چەکداریی ساڵانی(١٩٦٨ - ١٩٦٧)، کە کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکرات بە ناچاری و بە زۆرەملی تووش کرا، لە دوو لایەنانەوە جێی سەرنجە.

**لایەنی یەکەم** ڕووی لە سەرۆکایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراقە و دەڵێ: " ئاخۆ کەم کەس وەکی بارزانی تامی دۆستایەتیی شای ئێران و حکومەتەکەی دەزانی و دەیزانی کە لە خسڵەت و زاتی پادشا و ڕژیمەکەیدا هیچ سۆز و پەیمانێک بەدی ناکرێت. بارزانی لە حکومەتی کۆماری کوردستاندا وەک کەسایەتیی و سەرۆک عەشیرەی باشوری کوردستان، ئاگای لە قەول و بەڵێنیەکانی شای ئێران بە قازی محمدیش هەبوو. هەروەها دوای ڕوخانی کۆمار و بڕیاری ڕۆیشتن، بارزانی لە سەر سۆز و پەیمانەکانی شای ئێران، بە بێ شەڕ و شوور، مەهابادی جێهێشت و ڕۆییشت، بەڵام ڕێگرتن و هێرش کردن و تۆپ باران و کەلەکۆمەی تورک و عەرەب و عەجەم بۆ سەر کوردی بێچارە، تێکستی گۆرانییەکی کۆنی ئەو سەردەمەیە کە منداڵی ساباڵاغی دەیانگوتەوە.

بارزانی هەر نەک هەموو ئەو سۆز و پەیمانە بەتاڵانەی شای ئێرانی دەزانی، تەنانەت ئەوەیشی دەزانی کە شای ئێران یەکێک لە جگەرسووتاوەکانی پەیمانی بەغدای گۆڕ کراوە!! بارزانی کاتی هاتن بۆ باوەشی گەرمی کۆماریشی لە بیر بوو، بەڵام سەد حەیف نەما هەتا کۆچ و ڕەوە خەمناکانەکەی کوردی کوردستانی باشوور ببینێت و، ببینی کە کێ دۆست و پشتیوانی کێیە و کێ دوژمن و سەربڕی کێیە"!!


**لایەنی دووەم** ڕووی دە حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەڵێ: "ئەرێ ئێوە لە ئەرشیڤی ئەستووری سیاسی دا هیچ ناویک لە سەرجەم کۆنگرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان هەیە؟! ئەگەر هەتانە، ئەرشیڤەکەتان کۆنگرەی دووەم و بەرهەڵستکارانی ئەو کۆنگرەیە چلۆن ناو دەبات و چ لێکدانەوەیەکی لە سەریان دا هەیە؟

ئەوەندی کە خۆیا و ئاشکرایە، لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریتان بە دژی کۆماری ئیسلامی ئیران، یەکێک لە

هێزەکانی پێشمەرگەتان، ناوی(هێزی موعینی) بە سەرەوە بوو. موعینی و یارانی ئەو، دامەزرێنەرانی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوون. خۆ دیار و ئاشکراشە کە شادرەوان عەبدوولا ئیسحاقی و یارانی ئەویش هەر هەڵگری هەمان ئارمان و ئامانجی گەلی کورد بوون و تەنانەت ناوی حیزبی دیموکراتیشیان بیر نەکردووە، ئەدی هۆی چییە هەرگیز و هیچ کەس جارێکی چاوێکی بەو تەونانە دا نەخشاندووە و هەمیشە وەک ڕەمز و ڕازێکی خەوتووی نێو کۆنە ئەفسانەکان دا لە ژێر تەپ و مژ دا ماونەتەوە."

وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان هەرگیز تاریخی وڵاتەکەیان لە کەس ناشارنەوە. ئەڵمان بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ دەڵێ کە مێژووی وڵاتەکەیان (هیتلەر) و حکومەتی (رایش)ییشی پەروەردە کردووە و (مارکس)یشی لە داوێن زاوە.

**سولەیمان موعینی (فایق)**



Sulayman Moeini 17 February 1933 – 15 May 1968
سولەیمان موعینی ١٧ مانگی شوبات ساڵی ١٩٣٣ - ١٥ مانگی ئایار ساڵی ١٩٦٨
South Kurdistan – Sulayman Moeini, 1960s
سولەیمان موعینی، باشووری کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٠کان

ڕۆژی هەینی ١٧ - ٢ - ١٩٣٣ (٢٨ - ١١ - ١٣١١ هەتاوی) لە گەڕەکی سەهۆڵخانەی شاری مەهاباد لە دایکبووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان، سولەیمان بۆ خوێندن دەنێردرێتە شاری تەورێز .دوای جوانەمەرگبوونی کۆماری کورد و گیرانی باوکی، دەگەڕێتەوە مەهاباد و دەست بە خوێندن دەکاتەوە. کاتێک کە باوکی بۆ تاران دوور دەخرێتەوە، سولەیمانیش دەچێتە تاران و لە وێ دەخوێنێ. دەگەڵ گەڕانەوەی باوکی بۆ مەهاباد، ئەویش دیسان دەگەڕێتەوە و لە فێرگەی محمدرەزاشا پەهلەوی، دەست بە خوێندن دەکاتەوە.

سولەیمان هەر لە تەمەنی لاوی و لە سەردەمی خوێندکاریدا، دەگەڵ هاوڕێیانی وەک سەید عەبدوڵلا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، خەریکی کاری سیاسی و تەشکیلاتی دەبێت. هاوکات دەگەڵ کاری سیاسی، لە خزمەتکردن بە هەژار و بێدەرەتانان نامێنێتەوە و دەکرێ بگوترێ بەشی هەرە مەزنی ڕۆژگارانی ژیانی سەردەمی لاوێتێی سولەیمان بەم بوارانە دا تێپەڕ بووە.

سولەیمان شان بە شانی بیری شۆڕشگێرانەیەوە، کەسایەتییەکی چالاکی بواری وەرزشی و مەیداندارێکی کارامەی گۆڕەپانی چالاکیی وەرزکاریش بووە و ئۆگرایەتییەکی پتەوی دەگەڵ کەژ و کێو داوێنی سروشتی جوانی کوردستان هەبووە.

ساڵی ١٩٥٣ (١٣٣٢ی هەتاوی)، لە سەردەمی دەسەڵاتی دوکتور محمد موسەدیق دا، سولەیمان دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە لە ڕێکخستنی گەنج و لاوان و سازدانی خۆپێشاندان و میتینگەکانی شاری مەهاباد. هەروەها ماوەیەکیش بەرپرسایەتیی ڕاهێنانی سرودی نەتەوەیی کوڕ و کچانی شارەکەی بە ئەستۆیەوە بووە.

ڕۆژی ١٥ - ٦ - ١٩٥٣ ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد، بە ڕێبەرایەتیی سولەیمان و سەید عەبدوڵلای ئیسحاقی و چەند لاوی تێکۆشەری دیکە کۆبونەوەیەکی بەرین لە باغی میکائیل سازدەدەن. مەبەست لەو کۆبونەوەیە ئەوە دەبێت کە لاوانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریی لە چوارەمین ڤیستیڤاڵی جیهانیی یەکێتی لاوانی دیموکراتی هەڵبژێرن. بەڵام لەگەرمەی گوتوبێژی ئەو لاوانەدا ژاندارمە دڕندەکانی حکومەتی ئێران هەڵدەکوتنە سەریان و پاش لێدان و ئازاردانیان، لولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەیان دەکەن و مێرمنداڵێک بەناوی «حسن ڕەمەزانی» شەهید و چەند کەس بریندار دەکەن. ئیدی ئەو لاوە شۆڕشگێڕانە، دەکەونە شەقامەکانی شار و بە گێڕانی تەرمی ئەو لاوە شەهیدە، ڕێپێوان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە بەڕێدەخەن.

هەر لەو سەردەمەدا پێداگری و خەباتی نەپساوەی بەرهەڵستکارانی سەراسەری بوو بە هۆی هەڵاتنی شای ئێران و هاتنە سەر حوکمی حکومەتی دوکتور موسەدیق، کە هیوای چاکسازی و بوژانەوەی لێدەکرا، بەڵام بەداخەوە بە هۆی پشتیوانیی ڕۆژئاوا لە شای ئێران و لە ئاکامی کۆدیتایەکی نیزامی، شای ئێران گەڕاندرایەوە و حکومەتی دیموکراتیکی موسەدیق تێک ڕووخا. دوای ڕووخانی حکومەتی دوکتور موسەدیق، لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٤، هێزەکانی سەرکوتکەری ئێرانی هێرشیان کردە سەر جەماوەری شار و گوندەکان و، گرتن و کوشتن و بێ سەروشوێن کردن دەستی پێکرد.

لە شاری مەهاباد دا، یەکێک لە گیراوەکان محمدئەمین معینی، باوکی سولەیمان بوو کە بە ماوەی ٢٠ ڕۆژان لە گرتوخانەی سەربازیدا ڕایان گرت. هەر ئەودەم لەلایەن فەرماندەی نیزامیی شاری مەهاباد، کە سەرلەشکەر کەریم وەرئەهرام ی ناو

بوو، بە باوکی سولەیمانیان ڕاگەیاند کە بە شوێن سولەیمان دا بنێرێت و پێی بڵێ کە حکومەت لێی دەبوورێت و دەتوانێ بەبێ هیچ ترسێک بگەڕێتەوە ماڵی خۆی. بەڵام سولەیمان بەهۆی ناسینی کارنامەی کرداری ڕژێمی ئێران، ئەم داوایەی بەرپەرچ دایەوە و وەڵامی نای دانەوە. پاش ماوەیەک، سولەیمان بەنیازی چوونی تاران و بەردەوامبوونی ژیانی سیاسی و نهێنی، لە ساڵی ١٩٥٦دا بەرەو ناوندی ئێران وەڕێ کەوت. بەڵام لە نێوان ڕێگای تاران تەورێز دا بە هۆی سیخوڕە نهێنییەکانی ڕژێم دەناسرێتەوە و دەگیرێت. لە گیرانی سولەیمان هیچ کەس خەبەردار نەبوو. دوای تێپەڕینی چەندێک، عەبدوڵلای حەکیمزادە عەکسی سولەیمان لە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک لە نێو زیندانییەکانی ژێردەستی ڕژێم دا دەبینێت و خەبەر بە بنەماڵەکەیان دەگەیەنێت. سولەیمان لەژێر ئازار و شکەنجەی زیندانەوانانندا دەمێنێتەوە هەتا ڕۆژی ١ - ٣ - ١٩٥٧ کە لە بری ئەسپاردنی بارمتەیەکی دەهەزار تمەنی ئەو سەردمە، ئازاد دەکرێت.



Sulayman Moeini 17 February 1933 – 15 May 1968
سولەیمان موعینی ١٧ مانگی شوبات ساڵی ١٩٣٣ - ١٥ مانگی ئایار ساڵی ١٩٦٨
South Kurdistan – Barzan Sulayman Moeini with Barzani, 1961
لە لای ڕاستەوە:١- مسعود بارزانی،٢- سولەیمان موعینی،٣- مەلا مستەفا بارزانی،
٤- ئەدریس بارزانی،٥- سابر بارزانی،٦- ئەسعەد خۆشەوی، بارزان باشوری
کوردستان ساڵی ١٩٦١

سولەیمان ماوەیەک لە تاران دەمێنێتەوە و دەگەڵ هاوبیرێکی خۆی بەناوی (بەحری) دەست بە چالاکی دەکەنەوە، بەڵام بۆ داپۆشینی هەڵسوڕانی سیاسی، دوکانێکی وێنەگری دەکەنەوە و خەریکی کار دەبن. بەڵام سولەیمان ناتوانێ خەڵکی خۆی لەبیربکات و لە هەندەران بمێنێتەوە،

هەربۆیە دەگەڕێتەوە مەهاباد. لە ساڵی ١٩٥٩، دەگەڵ کچێکی خەڵکی گوندی سیاقۆڵ، بەناوی خانمی «مریەمی عومەری»، زەماوەند دەکات و ساڵی ١٩٦٠ دەبنە خاوەنی کوڕێک کە «سیامەند»ی ناو لێدەنێن.

پێکەوەنانی خێزان و باوەشی گەرمی بنەماڵەش ناتوانێ ئەو هیوا گەرمەی کە دە مێشکی سولەیماندا دەبێ، تووشی خەو و بێهەستیی بکات.



سەرچاوە
Serchawe

لە میانەی ساڵی ١٩٦٠ دا ڕژێمی پاشایەتیی ئێران هێرشێکی هەمە لایەنە و بەربڵاو دەکاتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ئاکامی ئەو هێرشەدا زیاتر لە ١٥٠٠ گەنج و لاو دەکەونە بەردەستی هێزەکانی پۆلیس و ژاندارم. ئەم ڕەشبگیری و گرتن و بێ سەر و شوێن کردنە بە هۆی عەبدوڵلای موعینی، براچکۆڵەی سولەیمان بەو ڕادەگاتەوە و ئەویش هەواڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە و بە پێی بەرنامەیەکی زۆر نهێنی، دەگەڵ چەند هاوڕێیەک، بەهیوای گەیشتن بە باوەشی شۆڕشی باشووری کوردستان، بەرەو باشور دەکەونە ڕێ.

سولەیمان و هاوڕێیانی هەرکە دەگەنە باشووری کوردستان، بە ئاگاداریی و لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکایەتی ئەوسەردەمەی باشووری کوردستان، لە هەوڵی سازمانکاری و بووژاندنەوەی ڕێکخراوەی پرژ و بڵاوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەون. دەزگای ساواک و ژاندارمی ئێرانی لە ساڵی ١٩٦٥ دا، دیسان هێرش دەبەنە سەر ڕێکخراوە نهێنییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە خەباتکارانی دەگرن. بەڵام ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب، کە یەکێک لەوان عەبدوڵلای موعینی دەبێ، لە زەختی پۆلیس ڕزگاریان دەبێ و پەنا دەبەنە بەر سایەی شۆڕشی کوردستان لە باشووری وڵات. کۆمبوون و تێکەڵبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕەپانی شۆڕشی باشووری کوردستاندا و ڕێکخستنەوە و سازماندەهیی ئەوان لە لایەن سولەیمان (فایق) و عەبدوڵلای ئیساقی (ئەحمەدتۆفیق)ەوە، ڕژێمی ئێرانی تۆقاند.

ساواک لە مەهاباد بۆ ڕاگرتن و تێکدانی ڕێکخراوەی تازە دامەزراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر سێبەری شۆڕشی کورد دا کەوتەوە خۆ. لە یەکەمین هەنگاودا مۆرە چالاک و کاراکانی ڕێکخراوەی ناوبراو دەخەنە بەر هێرشی تیژی تێکدەرانە ؛ بۆ ئەنجامی بەڕێوەچوونی پیلانە گلاوەکەیشیان، پێشەکی بنەماڵەی کەسانی بەناوبانگی وەک سولەیمان دەخەنە لیستەی هەرە باڵای میکانیزمی کار و خەباتە دژێوەکانی خۆیان. هەربۆیە لەلایەن ساواکەوە بە محەمەدئەمینی موعینی، باوکی سولەیمان، ڕادەگەیەندرێت کە شای ئێران لە کار و کردەوەکانی سولەیمان و هاوکارانی ئەو خۆش دەبێت بە مەرجێک دەست لە چالاکی هەڵبگرن و بگەڕێنەوە زێد و نیشتمانەکەی خۆیان. تەنانەت ساواک بەڵێنیی هەمە چەشنە کارئاسانی و، پێدانی پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئیداریی بۆ سولەیمان دەستنیشان دەکات. باوکی سولەیمان سەری بۆ ئەم فەرمانە نزم نەکرد و هیچ وەرامێکی پێنەدانەوە. هەربۆیە، ساواک کەسێکی بەناوی کەریم خوسرەوی، کە لە کەسانی ناسراوی مەهابادی و لەباری خزمایەتیشدا دەگەڵ خانەدانی موعینییەکان خزمەیەتییەکی هەبوو، بەهەمان مەبەست و بە هەمان بەڵێنەکانەوە ڕەوانەی باشووری کوردستان دەکات.

هاوکات ساواکی ئێران بە ڕێگای عەلی قازی کوڕی پێشەوا قازی محەممەد کە بە میرمنداڵی بە هۆی پەیوەندی بنەماڵەی



سەرچاوە
Serchawe

موعینی و قازیەوە لە گەڵ کاک سولەیمان ڕەفیق بوون، و پاش ڕوخاندنی کۆمار کەوتبووە خزمەت بکووژانی باوکی و تێکدەرانی کۆماری کوردوستان نامەیەک بۆ کاک سولەیمان دەنیریت و لەو نامەیەدا هاتوە: ... سولەیمان تو بۆت نیە و بۆت ناکریت لە بەرامبەر حکومەتی مەزنی شاهەنشاهی ئیراندا دژایەتی بکەی وا باشترە بی یەوەو ژیانی ئاسایی خۆت بکەی و هەر ئیمکانیاتیکیش پیویستت بێت بۆت ساز دەکرێت، من وەک هەواڵیک ئەم نەسیحەتەت دەکەم بۆ خۆت و مالباتەکەشت وا باشترە دژایەتی حکومەتی شاهەنشاهی ئیران نەکەیت هێندێک لە فکری خۆت دابە باشترە. ...

لە وولام دا کاک سولەیمان دەنوسیتەوە،... کوڕی ڕەش شتێک بزانە کە پێشەوا لە ڕێگای گەل سەری چووە سەر سێدارە ئێمە ڕێگای ئەو بۆ رزگاری وولات بەر نادەین تۆ کوڕی قازی محەمەد نی، من و هەوالانم کە ڕێڕەو و درێژەدەری کۆمارین، کووڕی قازی محەمەدین، تۆ بویت بە کاسەلێسی دوژمنان و بکوژانی کۆمار، من ژیانی سەربەستی و ئازادیم هەڵ بژاردوە، ئەو ژیانەی تۆش هەڵت بژاردوە پێشکەشی خۆت. ...

سولەیمان، کە دوژمنی کورد و پیلانە گلاوە مێژووییەکانی باش دەزانی، وەڵامی بۆ ناردنەوە کە من ڕۆڵەی کوردم و خۆم بە ئالاهەڵگر و درێژەدەری ئامانجە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان دەزانم. من پێشەکی و هەر لەسەرتای کار و هەڵوێستگرتنەکانمدا شێوە ژیان و شیوە مەرگی خۆم دیاری کردووە و هەرگیز ئەم گرانبارە زەنگین و ڕەنگینەم بە هەموو ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی ناگۆڕمەوە.

سولەیمان بەدڵ و گیان هەموو پتانسیەلی خۆی دەخاتە خزمەت شۆڕشەوە و لە نزیکەوە لە گەڵ مەلا مستەفا بارزانی کاردەکات و بەشێکی هەرە زۆری ڕۆژنامەی «دیسان بارزانی» بە قەڵەمی ئەو دەنوسرێت. لە کار و چالاکی سیاسی و نیزامیش دا مۆرەیەکی بەکار و گیانبەختکەر دەبێت و لە هیچ خەتەرومەترسییەک خۆی کل ناکات.

بەڵام سولەیمان و ژمارەیەک لە هاوخەباتانی ئەوهەتا زیاتر لە دەقی شۆڕشی باشووری کوردستان خوردتر دەبنەوە و وردبینانەتر سەیری پەیوەندییەکان و پلە و پایەی کادرەکان دەکەن، زۆر زوو تێدەگەن کە دەزگای شۆڕش بە سەرۆکایەتیی بارزانی، لە ڕێگای خزمەت بە گەلەکەی لای داوە. هەمیسان سولەیمان بە چاو دەبینێ کە دەرەبەگە مەزنەکانی ئەو سە ردەمە، لە ناو پارتی دیموکرات، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی عەشیرەتی خۆیان و دەرە بەگەکانی تر کەڵکی ناسیاسی لە ئیمکانیاتی شۆڕش وەردەگرن. هەر ئەم شێوە کارەی مەلامستەفا و دار و دەستەکەی دەبێتە هۆی دابڕان و دوور کەوتنەوەی ڕوناکبیر و زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراقدا. هەر درێژەدان بەم سیاسەتە و لایەنگیری لە دەربەگانیش بوو کە دەتوانێ بوویتە هۆی شیواندن و تاریک کردنی پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم

قاسم و مەلامستەفا، کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت و سەرەنجام شەڕی لێ کەوتەوە. لە درێژەی شەڕی نابەرامبەری هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان دا، مەلامستەفا دەستی یارمەتیی بەرەو شای ئێران درێژ کرد و شۆڕشی کوردی خستە باوەشی ڕژێمی دژبەکوردی ئێرانی.

بارزانی بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی شای ئێران، سیاسەتی خۆی لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی ئێران داڕشتەوە و لە وتەکانی خۆیدا دەڵێ کە ئێمە دەبێ پێشەکی گەلی کورد لە عێراق ئازاد بکەین، جا دوایە دە فکری بەشەکانی تر دا بین؛ بە مانایەکی تر، خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکرێتە قوربانی لە ڕێی سیاسەتی پێوەندییەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕش دەگەڵ شای ئێراندا.

بەڵام سولەیمان و هاوڕێیانی مل بۆ ئەم سیاسەتە نادەن و لە ژێر تیشکی بیر و فەلسەفەیەکی نەتەوەیی دا ئەم شێوە خۆ بەدەستەوەدانە بەرپەرچ دەدەنەوە و پێوەندییەکانی مەلامستەفا و شای ئێران بە قومارێکی پڕ لە مەترسی دیپلۆماسی دەزانن.

بارزانی کە لە هوشیاری و زانایی سولەیمان ئاگادار بوو، پێی وابوو ئەگەر پلە و پایەی ئەو لە شۆڕش دا بەرێتە سەر، ئەوا لایەنگریی ئەو بۆ خۆی دەکرێتەوە و ئەوانی تریش بەشوین ئەودا دێن.بەڵام سولەیمان، کە ڕۆڵەی دڵسۆزی گەلی خۆی بوو و بە کردەوە هەموو ژیانی خۆی و ئاسایشی بنەماڵەکەی خۆی لە پێناو هەست و شعوری بەرزی نیشتمان پەروەری دا فیدا کردبوو، هەرگیز لە بەرامبەر پلە و پایەی حیزبی و سیاسی دا ئامادە نەبوو مل بۆ سیاسەتی ناڕاست کەچ بکات و لە ڕێی خزمەت لابدات.

بەهۆی قووڵ بوونەوەی پەیوەندییەکانی مەلامستەفا و ڕژێمی ئێران، بەرەبەرە دەزگای پاراستنی ئێران (ساواک)، شوێن پێی زیاتر و قوڵتری لە جەرگەی شۆڕشی کوردستان دا دەست کەوت و دەستەڵاتی قایمتری تێدا وەدەست هێنا.

لە دایک بوونی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، لەو سەردەمە دا، جوڵانەوەیەکی دە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان خست ، کە دەزگای پاراستنی ئێرانی بە مەترسییەکی مەزنی لێکدایەوە. کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی وەک هەڵوێست، لە هەنگاوی یەکەمدا خەباتی سیاسیی گرتبوویە پێش، بەڵام ساواک و دەزگای سیخوڕیی ئێرانی لە دایک بوونی ئەو سیستیمە نوێیەیان بە مەترسییەکی گەلێک مەزن زانی، هەربۆیە بە هەموو تواناوە، لە ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هێزی نیزامی و جاش و سیخوڕیان بۆ

وەگەڕ خست و له بەشی باشووری کوردستانیش دا ئاستەنگی توند و تۆڵیان خستە سەر ڕێ.

دەزگای بە ڕێوە بەری کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکرات کە بریتی بوون: سولەیمان موعینی، سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، خەلیل شەوباش، عەولای موعینی، مەلا مەحمود زەنگەنە و چەند خەباتکارانێکی دیکە، کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی جاش و جەیش لە هەر دووک بەری سنووران و بزوتنەوە ساواکەیان لە خوێن دا نوقوم کرد.

لە ڕاستیدا ئامانجی بەرنامەی کۆمیتەی ئینقلابی، پەیوەندی گرتن دەگەڵ زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە شار و دێهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان دا بوو، کە هەر لە دەسپێک و سەرەتای کاردا، لە سای سەر ڕاستی و دڵ و دەروون خاوێنیی ئەندامانی بەڕێوەبەر و کادرڕ و هەوادارانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب دا، ژمارەیەکی بەرچاوی هێزی زەحمەتکێشیان پێوە لکا.

سازماندانی هێزی زەحمەتکێش و ڕاکێشانی ڕۆناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمیتەی ئینقلابی ئەوەندە ناودار کرد، کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو مەڵبەندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە.

دەزگای ساواکی ئێران کە لە باشوور دا حوکمی دەڕۆییشت و لەوێوە دەستی پێکرد. لە یەکەم هەنگاودا، بۆ بەرگیری کردن و لە ڕیشە دەرهێنانی کۆمیتەی ئینقلابی، بە فەرمانی شای ئێران، یەکێک لە خوێنخۆرترینی مۆرەکانی خۆی تەرخانی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات کرد، کە ئەویش ژەنەڕاڵ ئەرتەشبود ئوەیسی بێت کە لە ئاست شای ئێران دا بە گەورە نۆکەر و، لە لایەن گەلی کوردەوە خوێنمژترین دوژمن ناسراو بوو. ئەو ژەنەڕاڵە چەکمەڕەقە فەرمانی خاشەبڕکردنی بزووتنەوەی نوێی گەلی کوردی لە شای ئێران وەرگرت و دەستی پێکرد. ژەنەرال ئوەیسی دوای ئەوەی کە لەو دیوی سنوور دڵنیا بوو، لەم دیوەش دا هێزێکی لە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان ساز کرد و ئینجا بە هەموو هێزێ سیخوڕی و جاش و جەیشەوە قۆڵی فەوتاندنی لێ هەڵماڵین.

زۆری نەخایاند لە ئاکامی پیلانێکی لە ڕێدا چاندراو، کە کەسێک بەناوی قادر تەگەرانی بگێڕی پیلانەکە بوو، سولەیمان و خەلیل شەوباش لە ڕێگای سلێمانی - سیتەکەوە، دەکەونە داوی پیاوانی سەدیق ئەفەندی و ڕەوانەی بارەگای بارزانی دەکرێن.

شایانی باسە بگوترێ کە شێخ لەتیفی حەفید، دۆستایەتی و نزیکایەتی و هاواڵبەندییەکی زۆر گەورە و گرانی دەگەڵ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. گەلێک جاران کارئاسانیەکانی ئەو دەبوو بە هۆی پێشوەچوونی بەرنامەکانیان.

لەم بوارەدا ناوی بەزری ئەو کەسایەتییە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.

شایانی ئاماژەپێکردنە، شەوێک کە سولەیمان و سیامەندی کوڕی و خەلیل شەوباش سەردانی شێخ لەتیف دەکەن، شێخ لەتیف بەئاشکرا پێیان دەڵێت کە خۆیان لە داوی قادر تەگەرانی بپارێزن، چونکە ناوبراو گرێدراوی چەند سیاسەتێکی دژ بەیەکە و پێدەچێت لەم بوارە دا خەریکی سات و سەودای سیاسیش بێت. سولەیمان لە وەرامدا دەڵێت: «من لەمێژە قادر تەگەرانی دەناسم و باوەڕ ناکەم ئەو بیری پیس و چەوتی بۆ ئێمە ببێت». بەڵام بەداخەوە دوایی دەرکەوت کە قادر تەگەرانی هاوکات پیاوی ئێران و عێراق و بارزانییە و سێ سەرە خەریکی سات و سەوداکردنە.

هەر ئەو ڕۆژەی کە قادر تەگەرانی بە پێی پیلانێکی لە پێش داڕێژراودا، سولەیمان و خەلیل شەوباش بە جێپ لاندرۆڤەرەکەی لە ڕێگەی سیتەکەوە بۆ سولەیمانی دەبات، دەیانباتە جێداوی کەسێک بەناوی سەدیق ئەفەندی و دەسبەجێ دەیانگرن. سەدیق ئەفەندی لە ڕێگادا خەلیل شەوباش شەهید دەکات و سولەیمان بۆ بارەگای بارزانی ڕادەگوێزێت. دەگێڕنەوە کە مەلامستەفا لەبری بەخێرهێنانەوەی سولەیمان و لە جیاتی دڵدانەوەی، بە ئەوپەڕی بێحورمەتی و بەدەم جوێن و قسەی ناشایستە، کە لە سەرۆکی بزوتنەوەی میللەتێک بەدوورە، سولەیمان دادەگرێت و تەنانەت پێی دەڵێت:

باشترین کار ئەوەیە خۆی ڕادەستی ئێران بکاتەوە و دەگەڵیان پێکبێت، بەڵام سولەیمان ڕابوردوی دەخاتەوە بیر و دەڵێت:

«ئەو سەردەمەی کە وا شۆڕشی کوردستان لە ئەوپەڕی هەژاریدا بوو، من و کەسانی وەک من بۆی تێکۆشاوین و هەرگیز چاومان لە حەسانەوە و سازان دەگەڵ حکومەتە داگیرکەرەکان نەبووە کە ئێستا من هەم بێت. من وەک کوردێک کە هەڵگری بیر و باوەڕێکی خاوێنی کوردانەم، بۆم هەیە سەر بە شوێن ئاواتەکانمدا بڕۆم و گیانمی بۆ بەخت بکەم. من هەرگیز ئامادە نیم سەرشۆڕ بکەم و مل بۆ ڕژێمێک دابنەوێنم کە دەستی بە خوێنی کۆمار سوورە. »




Sulayman Moeini 17 February 1933 – 15 May 1968
سولەیمان موعینی ١٧ مانگی شوبات ساڵی ١٩٣٣ - ١٥ مانگی ئایار ساڵی ١٩٦٨
South Kurdistan – Barzan Sulayman Moeini with Barzani, 1961
لە لای ڕاستەوە:١- جەمیل مەردوخی،٢- ئەحمەد تۆفیق،٣- سولەیمان موعینی، ٤- عارف قەرەچەتانی،٥- مەلا مستەفا بارزانی،٦- قادر شەریف،٧- ئەسعەد خۆشەوی،٨- ڕەشیدی فەلاحیان، بارزان مانگی حوزەیران ساڵی ١٩٦١



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی کە ئاشکرایە، لەو دەمەدا جگە لە مەلا مستەفا، ئیدریس و مەسعودی کوڕی و دوو کارگێڕی ساواکی ئێرانیش ئامادە بوون و گوێگری ئەم قسە و باسەی بارزانی و سولەیمان بوون.

مەسعود بارزانی لە کتیبی *البارزاني و الحركة التحررية الكردية* لە لاپە رە ی ٣٦٢ دا دە نوسیت:

"لە ١٩٦٧ دا شۆرش ناچاربوو کاریکی ناخۆش ئەنجام بدات، کە نەدەتوانرا خۆی لی ببویردریت. ئەویش کاتیک سلیمانی موعینی کە دژی ئەحمەد توفیق بوو،دەستگیر کرا، کە چوو بووە پال جاشەکانی ٦٦ و هاوکاری رژیمی عیراقی لە دژی شۆرش کردبوو، ئیدی کوژراو لاشە کەی بۆ ئیران نیردرایەوە. نەدەکرا وا چاو لە مەسەلەی چارە نوسی سلیمانی موعینی بکریت کە مەسەلەیەکی حیزبی ناو خۆییە. ئەو هاوکاری جاشە کانی ٦٦ی کردووە و دوژمنی شورشە و ناکریت کیشەکەی جیابکریتەوە بە بیانووی ئەوەی کە پەیوەندی بە کاروباری حیزبەکەیەوە هەبووە. هەرچەند ئیمە ئەو کوتاییە ناخۆشە شمان بۆ ئەو پیاوە نەدەخواست." وە رگیردراو لە کتیبي البارزاني و الحركة التحررية . مەسعود بەبی بەلگە کاک سولەیمان تاوانبار دەکات و کوشتن و تەحویل دانەوەی رۆلەکانی رۆژهەلاتی کۆردستان بە ئیران بە کاریکی ئاسایی دادە نیت و فرۆشتنی شۆرشی رۆژهەلاتی کۆردستان بە ئیران لە ژیرسیبەری شۆرشی باشور حەقانیەت پی دەدات. ...

مەلا مستەفا ئەمر دەردەکات سولەیمان بخەنە بەندیخانەی شۆڕش. پاشان بە هەژار، شاعیری دە ربار دەستوور دەدات کە سە ردانی سولەیمان بکات و بە هەر زمانێک بێت، ئەو ناچار بە چونەوە و خۆ بەدەستەوەدان بکات. هەژار، هەر ئەو جۆرەی کە لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا نووسیویەتی، لەجیاتی دڵدانەوە و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بەردە وامبوونی خەباتی کوڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەست دەکات بە مەحاکمەکردنی سولەیمان .تەنانەت لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا کە دوای مردنی لە چاپدراوە، گەلێک ناو و ناتوورەی بەدوور لە ڕاستیی داوەتە پاڵ سولەیمان و تاوانەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی پێ شاردووە تەوە .ئەگەرچی نوسراوەکانی هەژار لە ئاست سولەیمان سەر بە سەری سووکایەتین و بێحورمەتی، بەڵام دیار و ئاشکرایە کە هیچیان ڕاستنین و هەر هەمووی ئەوەندە ساختەچییانە سازکراون، کە ڕواڵەتی شاعیرانەی هەژاریان هێناوەتەژێر پرسیارەوە .دەبێ بڵێین جێی گەلێک داخ و کەسەرە بۆ پیاوێکی ئەدیب و شاعیری وەک هەژار، کە سەر و سەردەمێک دەگەڵ مامۆستا «هێمن » دوو شاعیری میللیی کوردستان بوون و لە ڕیزەی یارانی بەوەفای پێشەوا قازی محەمەد دەناسران، لەو سەردەمە ناسکەدا کە بزوتنەوە و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دنەدەر و چاوسوری زانا و لێهاتووی گەرەک بوو، هەژار لە جیاتی کۆمەک و پشتیوانی لە سەرهەڵدانی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شان بە شانی کاربەدەستانی ساواک، تێکۆشە رێکی کورد مەحاکمە دەکات و دوای تێرۆر کردنیشی، بە ئەوپەڕی هەژاری و کەسادی و دۆڕاوییەوە لە چێشتە، مجێور نەخۆرە کەیدا بە خراپە باسی ئەو کەسە دەکات، کە هەر لە سەردەمی کوڕ و کاڵی و لە هەڕەتی لاوەتیی خۆیدا دەستی لە هەرچی

خێر و خۆشی ناو بنەماڵەکەی هەڵگرتبوو و فیداکارانە خۆی بە فیدای کورد و کوردستان کردبوو.

لە کتیبی؛ چپ در ایران بە روایت اسناد ساواک؛ لە لاپەرەی ٣٠٦ سەبارەت بە هەژار ئاوادە نوسیت: عبدالرەحمان شەرەفکەندی کوری مەلا محەمەد ناسراو بە هەژار لە ساڵی (١٣٢٥ هەتاوی)١٩٤٦ زایینی لە گەل یاخیەکان هاوکاری کردووە و پاش تیکشکانی سەرهەلدانی ئازەربایجان و لە بەین چونی قازی محەممەد، هەژار هەلدیتە عیراق و لەو ناوچەیەی مەلا مستەفای لیدەبیت جیگیر دەکریت، ناوبراو لەو ماوەیە کە لە عیراق دەبیت لە گەل حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هاوکاری دەکات و هاوکاریەکەش بەو چەشنە دەبیت کە، شیعر و هەلبەستیان بە زمانی کوردی بو ساز دەکات و هاوکات کاری تەبلیغیان بو ئەنجام دەدات.

بە پی ی راپورتی ساواک لە (١٤ - ٨ - ١٣٥٤ هەتاوی) ١٩٧٠ زایینی ناوبراو وەبەر عەفوی شا دەکەویت و لەگەڵ مەلامستە فادیتەوە ئیران و دەنیردریتە کەرەج و مالیکی کە نرخی زیاتر لە یە ک میلیون بوە دەدریتی، و مانگانەش موچەی چوار هەزار تمەنی بو دەبردریتەوە، ناوبراو لە وەزعی خوی زور رازی بووە. بە پی ی راپورتی ساواک لە سالی ١٩٧٠دا لە گەڵ محمود جعفریان، جیگری سازمانی رادیو تلویزیونی میللی ئیران قسە دەکات و زوری پی خوش دەبیت لەگەڵ بەرنامەکانی کوردی رادیو ئیران هاوکاری بکات، و لە ساڵی ١٩٧١ ئەو کارە پی دەسپیردریت.

بە پیی راپورتی ساواک لە (٧ - ٨ - ١٣٥٦) ١٩٧٢ زایینی هەژار باس دەکات کە: تەمەنیکم تیپەرکردوە و تیگەیشتوم کە ژیانم دوراندووە ئیستاش دەم هەوی بو خوم بژیم، دوای ناهومێد بوونی دەزگای بارزانی بۆ ڕوخاندنی کەسایەتیی سولەیمان، مەلا مستەفا دەستور دەدات ڕادەستی ئێران بکرێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی ساواک لە وەرگرتنی سولەیمان بە زیندوویی خۆ دەپارێزن و داوای تەرمی بێ گیانی ئەو لە بارزانی دەکەن .سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی باشووریش بە بێ ئەوەیکە مەبەستی ساواک لێکبداتەوە، ئەم کارەش دەکات و سولەیمان دەست بەستە شەهیددەکات.

ساواک لەم کارەدا دوو ئامانجان دەپێکێت؛ یەکەم ـ تێکدان و لێک بڵاوکردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی تازە پێگرتوو .دووەم ـ ڕەش و دزێوکردنی ڕواڵەتی شۆڕشی کوردستانی باشوور بەلای خەڵکی کورد، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بوو؛ کە هەر دووک مەبەستیشی بۆ پێکهات .بزوتنەوەی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوقمی خوێن کرد و شەپۆلی نارەزایەتی و قین و تووڕەیی خەڵکی زەحمەتکێشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی لە سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کوردستان بزواند.

ڕۆژی چوارشەممە (٢٥ - ٢ - ١٣٤٧ هەتاوی) ١٥ - ٥ - ١٩٦٨ زایینی، بە ئەمری سەرۆکی شۆڕشی کوردستان، سولەیمان شە



سەرچاوە
Serchawe

هیددەکرێت .هەر ئەو ڕۆژەش تەرمەکەی بە هێلی کۆپتەر دەگوازرێتەوە ئەو دیوی سنوور و لە پادگانی پێرانشار دادەندرێت و بۆ ورە بەرزکردنەوەی هێزی نیزامیی شاهەنشاهی، نیشانی سەرباز و ژاندارمەکان دەدرێت و دوای وێنەکێشانێک ڕەوانەی شاری مەهاباد دەکرێتەوە.

ئەو ڕۆژەی کە خەبەری شەهیدکرنی سولەیمان لە نێو خەڵکی مەهاباد و دەور و بەر دا دەنگدەداتەوە، خەڵک دەڕژێنە نێو شەقام و کۆڵانەکان. دوکان و بازاڕ و دایرەکان دادەخرێن و بە عام بەرەو گۆڕستانی بداغ سوڵتان دەکەونە ڕێ.

ڕۆژی هەینی (٢٧ - ٢ - ١٣٤٧ هەتاوی) ١٧ - ٥ - ١٩٦٨، شەهیدی سەربەرزی کورد، لە سەر دەست و باوەشی گەرمی خەڵکی کورد بە خاکی نیشتمانەکەی دەسپێردرێت. شایانی باسە ئاماژە بەمەش بکەین کە هەتا ئەو ڕۆژە، مەلا مستەفا وەک ڕەمزی شۆڕش و بەوێنەی کاریسمایەکی بەتوانای کوردایەتی ناوی لەسەر زمانی کوردی ڕۆژهەڵات بە خۆشی و ڕەوانی دەگەڕا، بەڵام بەم هەڵوێستە ناشایستەیە و بەم سور کردنی ئەنگوچکی شۆڕش بە خوێنی ڕۆڵەی شۆڕش، نەخوازا بە ئەمری خوێنخوارترین قاتڵی قازی محەمەد و یارانی ئەو، ئیتر ڕەمز و کاریسماکە شکا و هەتا لە ژیان دا بوو، نەکەوەتەوە نێو دڵی گەلی کوردستان بە تێکڕایی.

کاتێک محەمەد ئەمینی موعینی هەواڵی شەهیدکردنی سولەیمانی کوڕی دەبیستێت، دەڵێت: «پێم وانییە مەلامستەفا ئەم کارەی کردبێت، چونکە من گەلێکم خزمەتی مەلامستەفا کردووە و قەت بڕوا ناکەم ئەو خەیانەتە مەزنە بە دەستی ئەو لە کورد کرابێ!» بەڵام دواتر دەرکەوت کە کارەساتەکە بە فیتی ساواک و بە دەستی بارەگای بارزانی کراوە.

هەواڵی شەهیدبوونی سولەیمان موکریان دەهەژێنێت و لە شاری مەهاباد دا خەڵک دەڕژێنە سەر شەقامان، کە لە ئاکامی خۆ ڕاگری و کۆڵنەدانی خەڵک و داخستنی دوکان و بازاڕی شار، ساواک ناچار دەکەن تەرمی سولەیمان بدرێتەوە کەس و کارەکەی لە شاری مەهاباد .خەڵکی مەهاباد بە ئەو پەڕی ڕێز و پێزانینەوە تەرمی سولەیمان لە گۆڕستانی بداغ سوڵتان بە خاک دەسپێرن.

بەم جۆرە و لە ئاکامی هێرشی وەحشییانەی هێزەکانی ئێرانی و بە هۆی بەرژەوەندیی کاتی و پڕ لە هەڵەی شۆڕشی باشوور دا، حوکمی فەوتانی کۆمیتەی ئینقلابی بە دەست و باسکی دوو لایەنان بەڕێوە بردرا.

ئەگەرچی سولەیمان و بەشێکی هەرە زۆری هاوڕێیانی کۆمێتەی ئینقلابی لە شەڕی داسەپێندراوی ڕژێمی شای ئێران دا شەهید کران، بەڵام ڕێگای پیرۆز و ئامانجی بەرزی کۆمیتەی ئینقلابی، کە ڕزگاریی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بوو، لەدڵ

و مێشکی گەلی کورد دا لە جاران نەمرتر ڕاگیرا و بوو بە سەرمەشقی ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و بزوتنەوەکانی دوواییش.

شەش مانگ بەر لە کارەساتی دڵتەزێنی شەهیدبوونی سولەیمان، لە گوندی قەمتەرە ـ ی نزیک بە شاری مەهاباد، سولەیمان و عەبدوڵلا و مینەشەم و چەند پێشمەرگەی تر، دیداریک دەگەڵ پەریزاد و فاتم و جەعفەر، واتە خوشک و براکانی سولە یمان و عەبدوڵلا ساز دەکەن کە هەر لەو چاوپێکەوتنەدا سولەیمان بە ئاشکرا ڕادەگەیەنێت کە ئەو دەگەڵ بارزانی نەماوە و ئامادەش نییە بچێتە ژێر فەرمانی ئەووەوە. خوشک و براکانی هۆیەکە پرسیاردەکەن، سولەیمان لە وەلامیاندا دەڵێت:" هەتا ئەوکاتەی کە شۆڕشی گەلی کورد بە پشتیوانی و یاریکاریی زەحمەتکێشانی گەلی کورد و، بۆ وەدیهاتنی مافی ئەوان بەڕێوە دەچوو، ئێمە لە خزمەتی دابووین، بەڵام هەرکە ڕێبەرایەتیی شۆڕش کەوتە داوی پیلانی دوژمنانی گەل و لە گەڵ جیا بۆوە، ئێمەیش لێی جیابووینەوە و خەتی خەباتێکی ڕاستەقینەمان گرتۆتەوە بەر."

هەر لەو چاوپێکەتنەدا سولەیمان ئەمەش دەڵێ کە دوای ماڵاویی لێکردنیان و لێک هەڵبڕانیان، بە ماوەی شەش مانگان لەو مەڵبەندە دوور دەکەوێتەوە و دوای گەڕانەوەی، ڕەوشێکی تری شۆڕشگێرانە دەگرنە بەر.

مریەم خانمی خێزانی سولەیمان و سیامەندی کوڕیان کە لە گۆندی دێرێ دەبن، بە یارمەتیی محەمەد مەلاعەلی بێژوێی ڕادە گوێزرێنە سونێ، بەڵام ساڵی ١٩٦٧، لە ئاکامی هێرشێکی پێشمەرگەکانی پارتی بۆ سەر سونێ، خێزان و کوڕی سولەیمان دەکەونە بەردەستی کەسێک بەناوی حەسۆ میرخان و لە سەنگەسەر دەسبەسەر دەکرێن. هەر لە گۆندی سەنگەسەر دا دووەمین منداڵی سولەیمان، کە سامڕەندی ناوە، لە دایکدەبێ .لە ماوەی لەدایکبوونی سامڕەنددا، هاوڕێی دێرینی سولەیمان، واتە سەید ڕەسوڵی دێهقان ئەو پەڕی فیداکاری و لە خۆ بوردویی نیشاندەدات.

پاش ماوەیەک، سولەیمان نامەیەک بۆ حەسۆمیرخان دەنووسێ و داوا دەکات ژن و منداڵەکەی ئازاد بکرێن و ڕەوانەی سلێمانی بکرێنەوە، بەڵام حەسۆمیرخان هیچ وەڵامێکی پێناداتەوە .هەربۆیە سولەیمان چەند پێشمەرگە دەنێرێت و ژن و منداڵەکەی لە دیلی و ژێردەستی ڕزگار دەکات .لە ڕاگواستن و جێگیرکردنی ژن و منداڵەکانیدا، شێخ لەتیفی حەفید ئەوپەڕی هاوکاری نیشان دەدات و لە نزیک ماڵەکەی خۆی خانویەکیان بۆ بەکرێدەگرێت.

کارنامەی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی لە ژێر تەم و مژێکی لێڵ دا شاراوە ماوەتەوە و هەرچەند کە ڕێبەران و ئەندامانی بەوەفای ئەو هێزە ساوایە غەرقی خوێن کران، بەڵام سولەیمان و هاوڕێیانی بە سەربڵندی ژیان و بە ڕووسووری کەوتنە ژێر خاک .ناویان و یادی ئاشکرایان بوو بە سوێند و بەڵێنی کوڕان و



سەرچاوە
Serchawe

کیژانی کوردستان لە ژوانگەی دڵداری و خەبات دا و سوێندیان پێ خورا .دەنگی دەنگبێژان بە دەنگ یادی و یادگارەکانیان لاواندنەوە و هەڵبەستوانان سرودیان بۆ هەڵبەستن. ماملێی مەزن بە یادی یەکەم ژوانی یارانی شۆڕش لە زمزیرانی سەرکەش دا، ڕەمزی ڕازێکی بە گوێی خەڵک دا چرپاند و هێمن ـ ێ زاناو شاعیری میللی کورد ڕایگەیاندکە ڕەوەزبە داردەست وردنابێت و سولەیمان بە گوڵە ناکوژرێت.

**ڕەوەز وردنابی**



Sulayman Moeini 17 February 1933 – 15 May 1968
سولەیمان موعینی ١٧ مانگی شوبات ساڵی ١٩٣٣ - ١٥ مانگی ئایار ساڵی ١٩٦٨
East Kurdistan – Sulayman Moeini body after executing, 17 May 1968
تەرمی شەهید سولەیمان موعینی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٧ مانگی ئایار ساڵی ١٩٦٨

**زەوی! ئیستاش لە رووت هەلدی بدەی سوور؟**
**نە رووخای ئاسمانی پیری پشت کوور؟**
**کە حالی زارمان ئاوا دەبینن**
**کە مالی زالمان ئاوا دەبینن**
**کە مەرگی کاوەکانی چاک دەبینن**
**کە جەرگی کیژەکان پر چاک دەبینن**
**کە کۆری شین؛ بە هاری سوور دیبینن ؛؛**
**ئەمین؛؛ی تا ئەمین مەئموور دەبینن**
**کە بووکی سووری بی زاوا دەبینن**
**کرووزە ی بی گۆنای ساوا دەبینن**
**کە سۆمایی لە چاو باوکان براوە**
**بەرۆکی پیرە دایکان دادراوە**
**کە کوندی شووم لە گوندی کورد دەخوینی**
**ئەمین؛؛ی تا ئەمین مەئموور دەبینن**
**کە بووکی سووری بی زاوا دەبینن**
**کرووزە ی بی گۆنای ساوا دەبینن**
**کە سۆمایی لە چاو باوکان براوە**
**بەرۆکی پیرە دایکان دادراوە**
**کە کوندی شووم لە گوندی کورد دەخوینی**
**کە گەنجی کورد دەگەوزینی دەخوینی**
**کە تەختی بەختی کورد بی خیو دەبینن؛؛**
**سولەیمانی؛؛ ئەسیری دیو دەبینن**
**بناری لیژ و ناهەمواری هەلگورد دەبینن**

بۆتە دەشتی کەربەلای کورد
بە ناهەق خوینی تیکۆشەر دەریژن
شەهیدی بی سەر و بی شوین دەنیژن

شاعیری نەمن هێمن موکریانی ٢٧ - ٢ - ١٣٥٨ی هە تاوی ١٩٧٩ زایینی.

پێویست بە دوپاتکردنەوە نیە، بەڵام مێژوی کورد خۆ بەخت کردن و شۆڕش و سەرهەڵدان و تەنانەت خەیانەتیشی تێدا بووە و دوا ڕۆژی مێژوی کورد پێویستی بە زانین و تێگەیشتنی ئەم بوارانە هەیە، هەتاکو ڕۆڵەکانی دوا ڕۆژ بتوانن بە شێوەیەکی زانستی و شەفاف ئەم بوارانە و یا خود ئەم قۆناخ و تێکهلچوونانە لە مێژوی خۆی دا بخوێنێتەوە و لەم هەستان و تێکچونانەدا مێژویەکی خاوێن و دوا ڕۆژێکی سەرکەوتو و سەر بڵیند بۆ خۆی و نەتەوەکەی سەقامگیر بکات. و لەم هەڵە و بۆچونانە دەرس وەربگرێت و دووپاتیان نەکاتەوە. هەتا ئەو گۆشانەی مێژوش نەخرێنە بەر ڕوناکی زانستی و بە بەرهەمی باش و خراپییەوە لێکدانەوەیان لەسەر نەکرێت و شێوەی ئوپۆرتۆنیزمی سیاسی سێبەری خۆی بەسەر مێژو دا بگرێت، هیچ کات پێشکەوتویی و خۆناسین نابێتە مادیەتێک و، ئەگەر مرۆڤیش لە ناو جڤاتێک دا ئاگاداری مێژوی خۆی نەبێت و لە خۆی و لە مێژووی بێگانە بێت، ناتوانێ بە فەلسەفەیەکی نەتەوەیی مێژوی ڕاستەقینەی خۆی بە ئیرادەیەکی سەربەست بگەیەنێتە ئەنجام . بەشی نەتەوەیەکی بێ ئیرادە و بێ فەلسەفەی نەتەوەیی کۆیلەتی و ژێردەستی کە هەتاکو ئەم ڕەوشەی تێدا بێت، ئێمەی کورد کێشەی لە گەڵ دەکەین و لە تێکۆشان داین بۆ تێکشکانی ئەم نەخۆشییەی ناو کۆمەڵگا دا. هیوادارم مرۆڤی تێگەیشتوی ئێمە بە زۆرینەیەوە بگاتە قەناعەتێک کە ئێمەی کوردیش مافی خۆمانە چارەنوسی خۆمان بە دەستی خۆمان بنوسین، ئەو کات لەگەڵ فەلسەفەیەکی نەتەوەیی ئەم تراژیدیانە بەسەر ئەم نەتەوە چەوساوەیە دا هاتوە و چە سپاندراوە، دوری لێ بکرێت و بە یەکگرتویەکی پتەو پێشیان لێ بیرێت و ژیانێکی سەربەست و ئازاد بۆ ئەم نەتەوەیە کە بە سەدان ساڵە لە کۆیلەتی دا دەژی، سەقامگیر بکات و بۆ بوژانەوە و پێشکەوتویی وڵات هەنگاو هەڵێنرێتەوە و یەکسانی و برایەتی و ئیرادەی گەلان ببێتە ڕاستییەکی نەشاردراوە.

سەرچاوە مەڵپەری بنەماڵەی موعینی



سەرچاوە
Serchawe

## لە سەر داوای ساواک مەلا مستەفا، سلێمانی موعینی شەهید کرد و تەسلیم بە ئێرانی کردەوە




**سولەیمان موعینی .. ئێران ئەمریان بە مەلا مستەفای بارزانی کرد، کە شەهیدی سەرکردە سولەیمان موعینی بکوژێ، دواتر تەرمەکەی تەسلیم بە ئێران بکاتەوە**

**سیامەندی موعینی، کوڕی ئەو سەرکردە تێکۆشەرەی کوردستانی رۆژهەڵاتە، کە مەلا مستەفا تیرۆر و شەهیدی کرد، دوای ئەوە تەرمەکەی تەسلیم بە ئێران کردەوە، ساواکیش بۆ تەمبێکردن و ترساندنی کوردەکان بۆ ماوەی چەند رۆژێک بە هەڵواسراوی پیشانی خەڵکیی دەدا. کوردستانپۆست بە پێویستی زانی دیداری کاک سیامەند بکات، هەندێک زانیاریی نوێ و یادگاری خۆی لە سەر ئەو مێژووە بگێڕێتەوە، لەهەمان کاتدا ئەوەشی بۆ باسکردین، کە کەناڵی NRT چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵدا کردووە، بەڵام بڵاویان نەکردووە، گومانیش بۆ ئەوە دەچێت کە لە ژێر فشار و ترسدا چاوپێککەوتنەکەیان راگرت و ئیستاشی لەگەڵدا بێت ئەو دیدارەیان بەخشنەکرد.**

**پەیامنێری کوردستانپۆست لە ستۆکهۆڵم ئەم پرسیارانەی ئاڕاستەی کاک سیامەندی موعینی کرد، لە خوارەوە وەڵامەکەی بخوێنەرەوە:**


**کوردستانپۆست: دەکرێت کەمێک باس لە هەوڵەکانی باوکت و هاورێکانی بکەی بەئامانجی چی هاتبوونە باشوور؟**

**سیامەند**: پاش تێکشکانی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان کۆمەڵێک لاوی تێکۆشەر حەولی بەردەوامبوونی خەبات لە ناو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیان دەدا و لەم قالبەدا دەیان هەویست خەبات و تێکۆشان بەردەوام بکەن بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی حکومەتی پەهلەوی. هەر لەو سەردەمەدا لە باشوری کوردستان خەباتێکی چەکداری و سیاسی هەبوو کە بۆ خەلک و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگای دڵخۆشی و هیمایەک بوو، هاوکات بۆ پشتیوانی ئەم خەباتە و پتەو کردنی ڕیزەکانی خۆیان ڕویان کردە ئەم بەشە لە کوردستان.




**کوردستانپۆست**: ئایا پێش ئەوەی باوکت لەلایەن پیاوەکانی مەلا مستەفاوە بگیرێ و تەحویل بە ئیران بکرێتەوە، هیچ جۆرە کێشەو ناخۆشیەک لەنیوان هەردو پارت (دیموکرات و ماڵی بارزانی) هەبوو؟

**سیامەند**: ئەوەندی من بزانم هیچ کێشەیەکی بنەڕەتیان نەبوو، بەڵام لە ناو حیزبایەتیدا رەنگە جیاوازی بیر و بۆچون هەبووبێت، ئەوەی بگەرێتەوە نیوانی کاک سولەیمان و مەلا مستەفا، ئەوەی دەزانم بە پیی بەڵگە و وینەکانی کە بە دەستمەوە هەیە، وا ویدەچیت کاک سولەیمان، لە لای مەلامستەفا زۆر خۆشەویست بووە. هاوکات شۆڕشی باشور گەلێک کەڵکی لەم تێکۆشەرانە وەردەگرت و بە هۆی ئەوە کە ئەو سەردەم کەسی خوێندەوار زۆر نەبوون کە لە ناو شۆڕش دا هەڵسوڕاو بن و بەشێک لەم تێکۆشەرانە خوێندەواری زانکۆکانی ئێران بوون کە بۆ شۆڕشی باشور زۆر بە کەڵک بووە. ئەو سەردەم هیچ کێشەیەک لە بەینی ئەو دو پارتەدا نەبوو بەڵکو زۆریش لێک نزیک بوون و هاوکاری باشیان بە یەکەوە هەبوو.




**کوردستانپۆست**: قسە و باس زۆرە لەسەر بڕیاری ساواک کەبەئەمر داوایان لەمەلا مستەفا کردوە کەئەو تاوانە ناپاکیە بکات.... ئایا بەزیندویتی یان دوایی شەهید بوونی جەستەی سولیمان موعینی تەسلیم بە ساواک کراوەتەوە، وەچۆن تەسلیم کرایەوە کاردانەوەی خەلک چی بوو!؟

**سیامەند**: ڕاستە دوای ئەوەی کە پەیوەندیەکانی ساواک لە گەل بارزانی چڕتر بۆوە، ئێران داوای لە بارزانی کرد کە پێشی تێکۆشان و هەڵسوڕانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بگرێت و هەر لەو چوارچێوە دا ئەمریان بە مەلا مستەفا کرد کە کاک سولەیمان بگرێت یان بیکوژێت و تەحویلی ئێرانی بداتەوە و ئەو کارەش لە ڕوانگەی خەلکەوە وەک خەیانەتیکی گەورە بە ناوچاوانیانەوە نوسا و خەلک زۆر بە خراپی باسی دەکردن کە شۆڕشی باشور بۆتە بەکرێگیراوی ئێران و ئەو خۆشەویستیەی ئیتر لە ناو خەلکدا نەمابوو. لە گوفتوگۆیەک لە گەڵ عیسا پەژمان بەکرێگیراوی ساواک دەلیت ئێمە ئەمرمان بە بارزانی کرد سولەیمان موعینی بکوژێت و هەڤالانی بگری و تەحویلی ئێرانیان بداتەوە و ئێمەش پارەیەکی باشمان دایە.



**کوردستانپۆست**: بە بیرورِای تۆ ئامانجی مەلا مستەفا لەم هەنگاوە چی بوو؟

**سیامەند**: هیچ ئامانجێکی نەبوو تەنیا ئەو پەیوەندیە ناسالمەی لە گەڵ ساواک بوو کە مەجبوری کرد ئەو کارە دژە کوردیەی بکات و تەنیا و تەنیا لە بەرژەوەندی داگیرکەری کوردستان دا بوو.



**کوردستانپۆست**: ئایا بەرای بەرێزتان پێشوتر هیچ سەرکردەیەک زاتی ئەوەی کردوە ئەم کارەی مەلا مستەفا بکات وبیکاتە ئاو ڕشتنێک پارتەکانی تریش دواتر پەیرەوی بیکەن .واتا کوردی بەشەکانی تر تەسلیم بەئێران یان بە ولاتێکی تری داگیرکەر بکاتەوە؟

**سیامەند**: ئەوەندی من لە مێژوی کورد ئاگادار بم، لە سەردەمی نویدا خەبات لە کاناڵی حیزبییەوە شێوازێکی نویە، کە تێکۆشەران لەم سەردەمەدا دەستیان پێکردبوو و پێش ئەو، هەر وەک خۆشتان دەزانن زۆربەی شۆڕشەکان لە قالبی عەشیرەتی و مەزهەبیەوە بە دژی زۆرداران و داگیرکەران خەباتیان دەکرد. حیزبایەتیش چەشنێک خەباتی کلاسیک بوو کە پێشتر لە ولاتانی دیکەوە فۆرمی درابویە و لە گەل پێسکەوتویی کۆمەڵگا مێتۆدی خەباتیش شکڵ و فەوارەی دەگۆرێت. و کوردستانیش لەم بەرەو پێشچونە هەڵاوەردە نەبوو. یەکەم جار پارتی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراق بە سەرۆکایەتی بارزانی ڕەچەشکێنی ئەم شێوە ڤێزەونەی دان و ستانەی سیاسی لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان بوو کە هەتاکو ئێستاش گەلەکەمان باجی دەداتەوە و ڕوناکبیرانی گەلەکەمان زۆر بە جیددی لێکۆڵینەوەیان لە سەر نەکردوە، هەتاکو گەلەکەمان بە شێوەیەکی بنەڕەتی دژی ئەو جۆرە خەیانەتە ڕوبەڕو نەبنەوە هەر دەم مەترسی دوپات کردنەوەی ئەم جۆرە تراژێدیایانە لە ئارا دا دەبێت هەر چەند هێندێک کەس دەڵین ناهێڵین دوپات ببێتەوە بەڵام ئەوە تەنیا قسەیەکی بی بنەمایە و هیچ گارانتیەکی نیە، ئەوان دەبی پێداچونەوەیەکی سادقانە بە سەر ڕوداوەکان دا بکەنەوە.




**کوردستانپۆست**: باس لەوە دەکرێ شەهیدی سەرکردەی باوکت زۆر لەمەلا مستەفا پاراوەتەوە کە بەدەستی خۆی بیکوژێ نەوەک تەحویل بەئێرانی بداتەوە چونکە ئەوە ئابروچونێکی زۆر گەورە یە بۆ ناوی کورد بەلام مەلا مستەفا بریارەکەی ساواکی جێ بەجی کردوە؟

**سیامەند**: من بە وردی نازانم لەو کاتە چی گوتراوە بەڵام ئەوەندی من بزانم کاتێک کاک سولەیمان بە دەسیسە لە لایەن قادر تەگەرانیەوە تەسلیمی سەدیق ئەفەندی کرا، ئەو کات لە لایەن سەدیق ئەفەندیەوەڕاگوێزی بارەگای بارزانی کرا و هەر ئەو دەم ٢ کەس لە مەئمورانی ساواک لە وی دەبن و داوا لە مەلا مستەفا دەکەن کە کاک سولەیمان بکوژێت و تەرمەکەی تەحویلی ئەوان بدات، ئەوە بە ٢ ئامانج ئەو داوایە دەکە،

**یەکەم** ئەگەر بە زیندویی کاک سولەیمان تەحویلی ئێران درابـاوە ئەوان زۆریان بۆ زەحمەت دەبوو بیکوژن چونکو ئەو سەردەم باسی (فەزای بازی سیاسی) دەکرا و ئێران دەی هەویست بە ولاتانی ڕۆژئاوا بلێ ئێمەش ئازادیمان هەیە و تەنانەت ئامنستی و هێندێک ڕێکخراوی مافی مرۆڤ سەردانی زیندانەکانیان دەکرد.

**دوهەم** ئەم کارەی بارزانی کاردانەوەیەکی نیگاتیوی لە سەر خەلکی ڕۆژهەلات دەبوو بە نیسبەتی شۆڕشی باشور، بۆ تێکشکاندنی ورە و موڕالی سیاسی جەماوەری خەلک کە بڕوایان بە شۆڕش تێک بشکێت، کە بەو خەیانەتە ساواک بە ئامانجەکانی خۆی گەییشت.




**کوردستانپۆست**: ئایا شەهید سولێمان موعینی هەر بەتەنیا روبەروی ئەو ناپاکیە بۆوە. یان هاوریی تری لەگەل بووە؟

**سیامەند**: نەخیر کاک سولەیمان لە گەل هەڤاڵێکی تری بوو بە ناوی خەلیل شەوباش، کە هەر وەکی پێشتر ئاماژەم پێکرد، کاتێک سەدیق ئەفەندی کاک سولەیمان دەباتە لای بارزانی، هەر لە رێگاوە کاک خەلیل تیرەباران دەکەن و هەر لە وی بەجیی دەهێلن، کە گۆیا خەلکی گوند تەرمەکەی دەدۆزنەوە و بە خاکی دەنێژن.




**کوردستانپۆست**: ئایا دوای ئەو تاوان و ناپاکیە نەتەوەیە نوێیە، هیچ تاوان و ناپاکی تری لەم شیوە رویداوە ، قسەو باس لەسەر تەحویل دانەوەی زیاتر دەکرێ تۆ زانیاریت چیە؟

**سیامەند**: بەڵی ئەوە یەکەم و ئاخرین کردەوە نەبوو بەڵکو بەردەوام ئەم خۆشخزمەتیە بە داگیرکەران کرا و کۆمەڵێکی زۆر لە خەباتگێرانی ئەو سەردەم وەک دوکتور شوان،ئاڵچی و کۆمەڵێکی تر کوژران و تەحویلی تورکیە درانەوە و پاشانیش لە هەمو پارچەکانی کوردستان ئەوە بوو بە نەریت و کوژران و تەحویل دانەوەی شۆڕشگێران بە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان درێژەی هەبوو، وەک مێتۆدێکی قێزەون لە لایەن پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق بە دژی نەیارانی خۆی بە کەڵکی هێنا بۆ بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی خۆی.



**کوردستانپۆست**: مەسعود بارزانی بەئاشکرا لەپەرتوکەکەی ئاماژە بەتیرۆرکردنەکەی دەکات کە هەڵەیان کردوە ئایا لەپای ئەو ناپاکیە هیچ داوای لێبوردن یان شتێکیان بەرامبەر ئێوە کردوە؟

**سیامەند**: بەڵی مەسعود لە کتێبەکەی ئاماژە بەو ڕوداوە دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر ناشەفاف و ناڕاست. هیچ داوایەکی لێبوردنیان لە خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکردوە.



**کوردستانپۆست**: ئایا هۆی چیە سالیادی باوکت هیچ لایەنیکی دیموکرات گرنگی پێ نادات؟

**سیامەند**: دێمۆکراتەکان کە قسەیان لە گەڵ دەکی گەلێک شانازی بەو سەردەمەوە دەکەن و کاک سولەیمان وەک سەرکردە و قارەمانێکی گەورەی گەل پێناسە دەکەن، لە سەردەمی ڕوخانی شای ئێران لە ساڵەکانی ١٩٧٨ بەم لاوە وێنەو و پۆستەری کاک سولەیمان لە لایەن حیزبەوە بە هەزاران بڵاو کراوە و ساڵیادیان بۆ دەگرت، بەڵام ئێستا بە هۆی ناچاری و بێدەستەڵاتی ناوێرن هیچ کردەوەیەک لە خۆیان نیشان بدەن تەنانەت باسیشی بکەن.



**کوردستانپۆست**: کاتێک باوکتان شەهید کرا، ئێوەتەمەنتان چەند بوو، کەسوکارەکەتان لەکوێ بوون، چەند خێزانن؟

**سیامەند**: کاتێک باوکم تیرۆر کرا من تەمەنم هەشت ساڵ بوو، و خوشکیکی چەند مانگانەم هەبوو کە لە سەنگەسەر کاتیک دەستبەسەر بووین لە دایک بوو.



**کوردستانپۆست**: ئایا ساواک لەو کاتەدا و پێشتریش فشاری خستبووەسەر ئێوە؟

**سیامەند**: ئێمە هیچ فشارێکمان لە لایەن ساواکەوە لە سەر نەبوو بەڵام باپیرم و کەس و کارمان لە مهاباد لە ژێر زەخت و زۆریەکی زۆر دابوون و بە دائیم مەئموریان لە سەر بو و زۆر جاران بانگهێشتی ساواک دەکران و بەردەوام هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵیان و ئەزیەتیان دەکردن، پاشان کە من تەمەنم گەییستە ١٦ بەرەو ژور چەند جاران بردیانمە ساواک و تەنانەت جارێکیش لە یەکەم خۆپێشاندانەکانی شاری مهاباد من و کۆمەڵێک خەڵکی تر کەوتینە ناو زیندان و ٤٩ رۆژ زیندانی کرام.

**کوردستانپۆست**: چ یادگارێکتان لەگەڵ باوکاتان هەیە؟

**سیامەند**: بە هۆی ئەوە کە من زۆر کەم لە گەل باوکم ژیاوم، باوەر بکەم سەرجەم کەمتر لە ٦ مانگ، بۆیە بیرەوەریەکان زۆر نین و بەداخەوە من نەم توانی ئەو مرۆڤە شۆڕشگێرە لە نزیکەوە باش بناسم، و زۆر زو بوو بە قوربانی گەلەکەی. کاک سولەیمان هەر وەک لە نامەیەک کە بۆ ئیدریس بارزانی نوسیوە دەر دەکەوی کە ژیانی خۆی بۆ خەبات تەرخان کردبو و بنەماڵە لە دەرەجەی دەهەمەوە دەهات.

**کوردستانپۆست**: باوکتان نووسین و یاداشتی لەپاش خۆی بەجێ ماوە؟

**سیامەند**: بەڵی هێندیک نامەو و نوسراوە و شی کردنەوەی سیاسی هەیە کە بەشێکیان لە کتێبەکانی کەریمی حیسامی دا هاتونەوە باسیان لی کراوە.

**کوردستانپۆست**: بنەماڵەی بارزانی بەدەیان کەسی لەتێکۆشەرەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتی تیرۆر و تەسلیم بەئێران کردۆتەوە، بەلای تۆوە هۆی چییە کەوا جگە لە ئێوە کەسی دیکە لەبنەماڵەکانیان وەکو ئێوە هەڵویست وەرناگرن؟

**سیامەند**: بەڵی ڕاستە کەم نین ئەوانەی بە دەستی نەیارانی کورد کوژراون و تەسلیمی ئیران کراونەتەوە، من پەیوەندیم لە گەل کۆمەڵێک لە بنەماڵەی ئەو قوربانیانە هەیە و ئەوانیش دلخوێنن لە سەر ئەم کارەساتانە و ڕەنگە ڕۆژێک ئەوانیش هاواریان بەرز بکەنەوە و داوای ڕونکردنەوە لە بکەرانی ئەو کردەوانە بکەن. بۆ لیکۆڵینەوەی ئەم ڕوداوانە پێویستی بە لیژنە و کومیتەیەک هەیە کە بتوانێت ئەم ئەرکە نەتەوەییە بباتە پێش بۆ پێش گرتن لە دوپات کردنەوەیان و نفرین کردنی کوردکوشتن بە دەستی کورد.

**کوردستانپۆست**: بەنیازیت چی بۆ بەدادگایی، یان بەناساناندنی تیرۆری باوکتان بکەن؟

**سیامەند**: من نامەیەکی زۆر موئەدەبانەم بۆ مەسعود بارزانی ناردوە و لە نامەکەدا ئاماژەم بەوە کردوە کە پێویستە مەسعود بە هۆی ئەو کارە و بە مناسبەتی سەرۆکایەتی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراق داوای لێبوردن لە گەلی ئێمە لە رۆژهەلاتی کوردستان بکات و چیتر بێدەنگی و خۆ گێل کردن لە سەر ئەم کارەساتە نەکات و بە شێوەیەکی شەفاف رونی بکاتەوە کە ئەگەر خەتایان کردوە ئەوە داوای لێبوردن بکات، ئەگینا بە رونی بۆ گەلەکەمانی باس بکات هۆی ئەو خەیانەتە چی بووە؟

من بە پێی توانام بەردەوام دەبم لە سەر ئەم بابەتە هەتاکو ئەنجامێکی لێوەردەگرم. هۆکاریشی ئەوەیە کە ئەم خۆشخزمەتیانەی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراق لە خەباتی نەتەوەیی گەلەکەمان نەبیتە نەریت و وەک سیمبولێکی قیزەون باسی لێوە بکردریت کە ئیتر لە دوارۆژ دا هیچ حیزب و لایەنێک ئەو مافە بە خۆی نەدات خەیانەتی ئاوا دەرحەق بە رۆڵە قارەمانەکانی گەلەکەی خۆی بکات.

**کوردستانپۆست**: ماوەیەک لەمەوبەر کەناڵی ئاسمانی NRT دیداری لەگەل کردی، وەریکلامیشیان بۆکرد، کەچی دوایی بلاویان نەکردەوە!؟ ئایا بەرای تۆ هۆکارەکەی چی بوو، وەهیچ رونکردنەوەیان بۆتۆ نەدا کەبۆچ بلاویان نەکردەوە؟

**سیامەند**: بەڵی لە سەردانم دا بۆ سولیمانی لە سەر داوای NRT چاوپێکەوتنێکم هەبوو، لە بەشی روداو و مێژوو، لە دوو بەشی ٥٠ خولەکیدا چاوپێکەوتنەکەیان تۆمار کرد و بریار وا بوو لە رۆژی ١٢ی مانگی ٧ بلاوی بکەنەوە. ٢ رۆژ پێشتر لە سەر تلویزێۆنەکەیان رێکلامیان بۆ بەرنامەکە کرد، بەلام بە داخەوە لە سەر کاتی خۆی چاوپێکەوتنەکەیان بلاونەکردەوە، هۆیەکەی بە پیی گوتەی بەرپرسانی تلویزیۆنەکە هەرەشەی هێندێک بەرپرسی حیزبی بووە کە پێیان خۆش نەبووە ئەم بەشە لە مێژوی کورد بۆ خەڵکباس بکرێتەوە.

چاوپێکەوتنەکە لە دوو بەش دابوو کە بەشی یەکەم لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە باس لە سەر رەوشی کورد دەکات و پاشان روداوی خەیانەتی شۆرشی باشور لە هەمبەر تێکۆشەرانی رۆژهەلاتی کوردستان کە باسی پەیوەندی بارزانی و ساواکی ئێران دەکەم و فرۆشتنی ئەم تێکۆشەرانە بە رژیمی پاشایەتی ئێران.


بەشی دوهەم تێروانینی خۆم و بەسەرهاتی ئێمە لەو سەردەم دا دەگێرمەوە زۆرتر باری تێروانینی سەخسی هەیە. پارتی زۆری حەول داوە کە کەمتر باسی ئەو بەشە لە مێژو بکردرێت و تەنانەت حیزبەکانی رۆژهەلاتیش خۆی لێ دەبوێرن

و زۆر بە دەگمەن باسی دەکەن، هۆیەکەشی بە بڕوای من ترس لە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراقە.

ئەوەی کە بڵاوی نەکردەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر هەڕەشەی پارتی لەم کانالە و هەوەها، پێشوش کە من لە کاناڵەکانی تر باسم کردوە لە لایەن پارتیەوە گلەییان لێ کراوە، کە بۆ چی" کای کۆن"! بە با دەکەن و ئێستاکە هەلی نیە باسی شتی ئاوا بکردرێت. من دەبینم کە هێندێک کەسیش بە ناوی ڕوناکبیر ئەم تێڕوانینەیان هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە دوای ٤٤ ساڵ کەی کاتی ئەوە دێت کە ڕوداوەکان بەو جۆرەی کە هەیە باسی بکردرێتەوە، پرسیار ئەوەیە بۆ دەبی مێژوی سەردەمێک بشاردرێتەوە بۆ بەرژەوەندی دەستەڵاتداران. هەر چەند مێژومان رون و شەفافتر بیت ئەوەندە داهاتومان سەقامگیرتر دەبێت، مێژو چرای روناکی ڕێگامانە، نابی بهێڵین چراکەمان بکوژێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانپۆست - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## هێندێک بەڵگەی ساواک سەبارەت بە شەهادەتی سەرکردەی نەمر سولەیمان موعینی




حەسەن قازی

لە ساڵوەگەڕی شەهادەتی سولەیمان موعینی دا ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٤٧ ( ١٥ - مەی ١٩٦٨) هێندێک لە سەنەد و بەڵگەی ساواک مان کۆ کردوەتەوە. ئاشکرایە مەبەستی ساواک لەو کارە ناوزڕندان و هەر وەها لە ناوبردنی ئەو ڕۆڵە بەوەجەی گەلی کورد بووە. ئەو بەڵگەنامانە بەشێوەی چلونیوەچل لە کتێبی مەحمود نادری؛ "حزب دمکرات کردستان ایران، موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران زمستان ١٣٩٤" بڵاو کراونەتەوە. لە یەکێک لەو سەنەدانە دا دەردەکەوێ کە محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی ڕاستەوخۆ فەرمانی گرتن و کوشتنی سولەیمان موعینی (فایق ئەمین) و سەید عەبدوڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)ی داوە و ڕای ئەسپاردووە هەڕەشە لە مەلا مستەفای بارزانی بکرێ کە ئەگەر ئەو ویستەی ڕێژیمی ئێران بەجێ نەهێنن ئێران سیاسەتی هاوکاری خۆی لەگەڵیان دەگۆڕێ. بەڵگەیەکی گرینگی دیکە دەقی لێپرسینەوەیە لە سولیمانی موعینی لە زیندانی پارتیی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق دا و وەرگێڕانی بە فارسی و ناردنی بۆ ساواک. لێرە دا سەنەدەکان نەک بە پێی تاریخ بەڵکوو بە گوێرەی ئەو ڕیزەی لە کتێبەکە دا هاتوون دەخەینە بەر چاو لەگەڵ وەرگێڕانیان بە کوردیی سۆرانی. ئاگاداری لە مێژوو و لێ فێر بوون لە ئەزموونەکان مەرجێکی پێویستە بۆ دووپاتە نەبوونەوەی تراژێدی لە داهاتوو دا.

حەسەن قازی ١٤ی مەی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe



نخست وزیری
سازمان اطلاعات و امنیت کشور
س.ا.و.ا.ک

از
شماره ۲۳۲/۵۰۱۵۴
تاریخ ۴۶/۶/۵
پیوست
به

درباره: خیلی محرمانه

مدیریت کل اداره سوم

بازگشت بشماره ۲۶۸۶۶/۳۱۴-۱۴/۵/۴۶

طبق تحقیقاتیکه بعمل آمد :

سلیمان معینی از طرف خود وهمراهانش بمشلیق آقا نماینده ملامصطفی در راستان سلیمانیه پیغام داده که بنزد ملامصطفی شفاعت نماید که آنان مورد عفو قرار گرفته بکردستان عراق مراجعت نمایند وتعهد نمود در صورتیکه مورد عفو قرار گیرند دست بهیچگونه فعالیت حزبی و اعمال خلاف مصالح کشور شاهنشاهی ایران نزنند .

مدیرکل اداره ...

**بەڵگەی ١**

**تاج و شێر و شمشێر وخورشید**

**سەرۆکوەزیرایەتی**

**سازمانی ئیتلاعات و ئەمنیەتی وڵات**

**مۆری زۆر نهێنی**

**ژمارە ٥٠١٥٤ / ٢٣٢**

**بەروار؛ ٥ - ٦ - ١٣٤٦ [ ٢٧ - ٨ - ١٩٦٧]**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی سێیەم**

**لە وەڵامی ژمارە ٢٦٨٦٦ - ٣١٤ - ١٤ - ٥ - ١٣٤٦ [٥ - ٨ - ١٩٦٧]**


**بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کران:**

سولەیمانی موعینی لە لایەن خۆی و ئەو کەسانەی لەگەڵنی پەیامی ناردووە بۆ شەفیق ئاغا نوێنەری مەلا مستەفا لە ئوستانی سلێمانی کە ناوبراو لای مەلا مستەفا شەفاعەت بکا کە لەوان خۆش بێ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە کوردستانی عێراق و بەرعۆدە بووە بێتوو داوخوازی لێخۆشبوونی قەبووڵ بکرێ دەست ناداتە هیچ جۆرە چالاکی حیزبی و کردەوەی دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتی شاهەنشاهی ئێران.

بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی دووەم - فەرازیان

ئیمزا

مۆری زۆرنهێنی


طبقه بندی حفاظتی — درجه فوریت

برگ خبر

موضوع

چندی قبل سلیمان معینی و همراهان وی بمنزل حاجی احمد کدخدای قریه گلینه سردشت وارد شده و نسبت به مال وناموس کدخدای مزبور تجاوز [illegible] ... بمحل آورند.

بەڵگەی ٢

زۆر نهێنی

کەڵەکەبەندی پارێزراوە

بەرگی خەبەر

سەرۆکایەتی سازمانی ئیتیلاعات و ئەمنییەتی وڵات

لە لایەن سازمانی ئیتیلاعات و دژی ئیتیلاعاتی ئەرتەشی شاهەنشاهی

**ژمارە ١٧٦ - ١ - ٢ - ٠٢ — ٥٠١ / ئەلف ١٨**

**وەرگران فەرماندەیی ژاندارمەری گشت وولات**

**سەرۆکایەتی ئیدارەی دووەمی ستادی گەورەی ئەرتەشتاران**


**بەروار؛ ٢٧ - ٦ - ١٣٤٦ [١٨ - ٩ - ١٩٦٧]**

**ماوەیەک لەمەوبەر سولەیمان موعینی و هاوڕێیانی چوونەتە ماڵی حاجی ئەحمەد کوێخای دێی گلێنەی سەردەشت و دەستدرێژیان کردووە بە نیسبەت ماڵ و ناموسی کوێخای ناوبراو و ئەو پەڕی بێ عیفەتیان کردووە لە ئاکامدا ناوبراو زۆر شەمزاوە و توورە بووە و چەندین جار چووەتە لای پۆلیس و سەربازخانەی ئەوێ و داوای کردووە کە بە مەبەستی پاراستنی ماڵ و نامۆسی چەکێک بدرێ بە ناوبراو . لە ڕێگای ئەرتەشی یەکەمەوە بە لەشکرەکانی ٣و ٤ و مەڵبەندی ژاندارمەری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەستوور درا کە بۆ پێشگیری و لەناو بردنی تاکوتەرای دەستدرێژکەر و دارودەستەی سولەیمانی موعینی هەنگاوی خێرا هەڵبهێندرێتەوە**

**مۆر**

**٢٩ - ٦ - ١٣٤٦**

## زۆر نهێنی



سری

طبقه بندی حفاظتی — درجه فوریت

گزارش خبر

نسخه شماره از نسخه

١ ـ به ، ٢٢٤ — ٧ ـ منبع ، ١٠٣٨

٢ ـ از ، ١٣ — ٨ ـ منشأ ، احمد اورازی

٣ ـ شماره گزارش ، ٤٩٩١ — ٩ ـ تاریخ وقوع ،

٤ ـ تاریخ گزارش ، ٤٦/٨/١٤ — ١٠ ـ تاریخ رسیدن خبر به منبع ٤٦/٨/١٤

٥ ـ پیوست ، — ١١ ـ تاریخ رسیدن خبر برهبر عملیات محل ، ٤٦/٨/١٤

٦ ـ گیرندگان خبر — ١٢ ـ ملاحظات حفاظتی ،

موضوع ، متفرق شدن گروه سلیمان معینی — ملف / پیرو ،

چهارده نفر از همکاران سلیمان معینی بعلت بسر بردن در کوهستانها مقاومت خود را از دست داده اند و از سلیمان جدا و اکنون در مهاباد در منزل اقوامشان مخفی هستند لیکن سلیمان انان را تهدید نموده چنانچه بوی ملحق نشوند اجبارا نام ونشان انان را فاش خواهد نمود تا وسیله مامورین دستگیر و زندانی شوند .

ملاحظات

نظریه منبع . امکان دارد مراتب صحت داشته باشد

نظریه رهبر عملیات . در این مورد از سایر منابع اطلاعاتی ترسید تحقیقات ادامه دارد .

سری

طبقه بندی حفاظتی

هەڵسەنگاندنی خەبەر: دەکرێ تا ڕادەیەک متمانە بکرێ بە دروستی خەبەرەکە.

خەبەری سەرەوە تا ئێستا لە لایەن سەرچاوەیەکی دیکەوە لەدووی نەدراوە بەڵام واوێدەچێ ڕاست بێ،

## بەڵگەی ٣

مۆری نهێنی

کەڵەکە بەندی پاراستنی

ڕاپۆرتی خەبەر

نوسخەی ژمارەیەک لە ناو شەش نوسخە

١- بۆ ٣٢٤

٢- لە ١٣ وە

٣- ژمارەی ڕاپۆرت ٤٩٩١

٤- بەرواری ڕاپۆرت ١٤ - ٨ - ١٣٤٦ [٥ - ١٢ - ١٩٦٧]

٥- پەیوەست.

٦- وەرگرانی خەبەر.

٧- سەرچاوە: ١٠٣٨

٨- مەنشەء: ئەحمەد ئەورازی.

٩- بەرواری ڕوودان.

١٠- بەرواری گەیشتنی خەبەر بە سەرچاوە ١٤ - ٨ - ١٣٤٦

١١- بەرواری گەیشتنی خەبەر بە ڕێبەری عەمەلیاتی ناوچە ١٤ - ٨ - ١٣٤٦

١٢- تێبینی پاراستنی

**بابەت: بڵاوە کردنی گرووپی سولەیمان موعینی**

چاردە نەفەر لە هاوکارانی سولەیمان موعینی لەبەر ژیان لە چیایان خۆڕاگری خۆیان لە دەست داوە و لە سولەیمان جوێ بوونەتەوە و ئێستا لە مەهاباد لە ماڵی خزمەکانیان خۆیان شاردووەتەوە بەڵام سولەیان هەڕەشەی لێ کردوون بێتوو


لەگەڵـی نەکەون بە ناچـار نێـو و نێونیشـانیان دەدرکێنـێ تـا لە لایەن مەئمـوورانی دەوڵەتەوە بگتـرێن و زینـدانی بکـرێن.

**تێبینییەکان؛**

بۆچوونی سەرچاوە، لەوانەیە ئەو قسانەی سەرەوە ڕاست بن

بۆچوونی ڕێبەری عەمەلییات. لەو بارەیەوە لە سەرچاوەکانی دیکەوە زانیاری نەهاتووە لێکۆڵینەوە بەردەوامە.

مۆری نهینی


از ۳۱۴
شماره
تاریخ ۴۶/۱۰/۱۹
پیوست
به

نخست وزیری
سازمان اطلاعات و امنیت کشور
سری

گزارش

در باره: ملامصطفی بارزانی

منظور: ابلاغ اوامر مطاع ملوکانه

سابقه: در شورای هماهنگی مورخه ۴۶/۱۰/۱۱ ردیف ۱ مرکز تیمسار فرماندهی ژاندارمری کل کشور ضمن ابراز مطالبی در زمینه عدم همکاری ارتش و ساواک با ژاندارمری که بعقیده ایشان نتیجه آن منجر به عدم پیشرفت فعالیتهای گروههای تعقیبی در قلع و قمع سلیمان معینی و عوامل وی شده است اشاره به حمایت معنوی ملامصطفی بارزانی از این گروه نموده و اضافه نمودند که برمبنای اطلاعات رسیده اعتقاد دارند که ملامصطفی بخواهد میتواند آنها را در داخل خاک عراق سرکوب نماید.

طبق اعلام تیمسار آجودانی اعلیحضرت همایون شاهنشاه آریامهر (نامه شماره ۶۲۰/ژ هـ – ۴۶/۱۰/۱۶) صورتجلسه شورای هماهنگی (۵۵ – ۴۶/۱۰/۱۱) ردیف یکم از طرف [illegible] ملوکانه [illegible] و اوامر مطاع ملوکانه درمورد متواریان ایرانی بعراق چنین شرف صدور یافته: سازمان امنیت بملامصطفی ابلاغ نماید که متواریان ایرانی از قبیل سلیمان معینی معروف بفائق و عبدالله اسحقی معروف به احمد توفیق و سایر اتباع و پیروان آنها را که مشغول شرارت هستند هرچه زودتر دستگیر و تحویل نماید در غیر اینصورت بعد از این کمکها و اقدامات او [illegible] نخواهد بود.

اینک باعرض مراتب فوق نامه واصله از تیمسار آجودانی اعلیحضرت همایون شاهنشاه آریامهر وهمچنین صورتجلسه مورخه ۴۶/۱۰/۱۱ شورای هماهنگی ردیف ۱ مرکز از لحاظ مزید استحضار به پیوست تقدیم ضمنا مراتب به اداره کل دوم منعکس گردید.

رئیس بخش ۳۱ [illegible]

رئیس اداره یکم عملیات و بررسی – ثابتی    مدیرکل اداره سوم – مقدم

سری

**بەڵگەی ٤**

تاج و شێر و شمشێر و خورشید

سەرۆکوەزیرایەتی

سازمانی ئیتیلاعات و ئەمنییەتی ووڵات

ڕاپۆرت

نهێنی

لە ٣١٤ وە



سەرچاوە
Serchawe

بەروار؛ ١١ - ١٠ - ١٣٤٦ [١ - ١ - ١٩٦٨]

سەبارەت بە: مەلا مستەفا بارزانی

مەبەست: پێ گەیاندی فەرمانە موبارەکەکانی شایانە

پێشینە،لە شووراى تەنسیق لە بەروارى ١١ - ١٠ - ١٣٤٦ [ ١ - ١ - ١٩٦٨] دا رەدەی ١ى ناوند تیمساری فەرماندەیی ژاندارمەری گشت وولات لە گەڵ هێنانە گۆڕی هێندێک بابەت سەبارەت بە هاوکاری نەکردنی ئەرتەش و ساواک لەگەڵ ژاندارمەری کە بە باوەڕی بەرپرسیان نەتیجەکەی بووەتە هۆی پێش نەکەوتنی چالاکییەکانی دەستە ڕاونەرەکان بۆ لە ناو بردنی سولەیمانی موعینی و هاوکارەکانی ئاماژەی کرد بە پشتیوانی مەعنەوی مەلا مستەفای بارزانی لەو گرووپە و لێی زیاد کرد کە بە پێی ئەو زانیارییانەی گەیشتوون دڵنیایە کە مەلا هەر کاتێک بییەوێ دەتوانێ ئەوان لە ناو خاکی عێراق دا سەرکوت بکا،

بە پێی ڕاگەیاندنی ژەنەرالی ئاجودانی خاوەن شکۆی هومایوون شاهەنشای ئاریا مێهر (نامەی ژمارە ٦٢٠/ ژ ١٦ - ١٠ - ١٣٤٦) و پرۆتۆکۆلی ڕۆژەوی شووڕای تەنسیق (٥٥ - ١١ / ١٠/ ٤٦) ڕەدەی یەکەم بە شەرەفعەرزی شایانە گەیشت و فەرمانی شیاوی سەروەبەرهێنانی شایانە سەبارەت بە هەڵاتووە ئێرانییەکان بەم شێوەی شەڕەفی دەرچوونی پەیدا کرد: سازمانی ئەمنییەت بە مەلا مستەفا ئیبلاغ بکا کە هەڵاتووە ئێرانییەکان وەکوو سولەیمانی موعینی ناسراو بە فاییق و عەبدوڵا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق و لایەنگر و پێڕۆیەکانی دیکەیان کە خەریکی شەرارەتن هەر چی زووتر بیانگرێ و تەحویلمان بدا دەنا ئەگەر ئەوە نەکا لەمەو دوا نیسبەت بە قسەکانی و هەنگاوەکانی وی باوەڕییەک لە گۆڕی دا نابێ.

ئێستا بە عەرز کردنی بابەتەکانی سەرەوە و ئەو نامەیەی کە لە ژەنەڕال ئاجودانی خاوەن شکۆی هومایوون شاهەنشای ئاریامێهرەوە هاتووە و هەر وەها پرۆتۆکۆلی ڕۆژەوی بەرواری ١١ - ١ - ١٣٤٦ی شووڕای تەنسیق ی ڕەدەی یەکی ناوند بە مەبەستی ئاگاداری زیاتر بە پەیوەست پێشکێش دەکرێ ، هەر وەها بابەتەکە بە ئیدارەی گشتی دووهەمیش یاگەیێندراوە

سەرۆکی بەشی ٣١٤ موبینی

سەرۆکی ئیدارەی یەکەمی عەمەلیات و هەڵسەنگاندن. سابیتی

بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی سێیەم، موقەدەم


نهێنی

... سەرۆکایەتی

١- ئەم کەسانەی کە ئەمساڵ بە وەسیلەی بارزانییەکان گیراون و تەحویل دراونەتەوە بە ناو وناونیشانیانەوە [...] دەکرێ،

٢- سەبارەت بە گرتنی سولەیمانی موعینی پێشتر تێلگراف ناردراوە

١٢ - ١٠ - ١٣٤٦ [ ٢ - ١ - ١٩٦٨]



**بەڵگەی ٥**

**ئیفادەی تاوان خراوە پاڵ فائق ئەمین**

**پ**: بۆچی یاغی بووت و ڕات کردە ئێران بۆ ئاژاوە نانەوەکێ هانی دایت؟

**و**: کەس هانی نەداوم، بەڵام هەواڵم زانی کە سەرۆک بارزانی تەحویل مان دەداتەوە بە ئێران لەناچاریدا ڕام کردوە بۆ هیچ ئاژاوەیەک نەچوومەتە ئێران.

پ: عیلاقەت بە مراد شیریێژەوە هیچ جۆرە عیلاقەت هەیە؟

و: هیچ جورە عیلاوەیەکم نیە.

پ: چەند جارت دیوە لەو دیو؟

و: دوو جار

پ: باسی چیتان کرد لەو بینینە؟

و: باسی تەنزیم کردنمان کرد هەرچەند ووتی من سیاسی نیم بەڵام وەعدی دا کە تەعاون مان لەگەڵ بکات.

پ: قوەتی ئێوە چەندە و هی ئەو چەندە؟

و: قوەتی ئێمە ٨٥ نەفەرە و نزیکەی ٢٥ نەفەر لەگەڵ ئەوە

پ: قوەتی ئێوە ئێستا لە کوێیە و کێ قیادەیان دەکات؟

و: قوەتی ئێمە بڵاوە، هەر چوار پێنج نەفەر جیا جیا دەگەڕێن لە ناوچەی مەنگوڕ - وە هەر وەها لە ناوچەی خانە تا شنۆیە. و محەمەدەمین سیراجی سەرۆکیانە ئێستا.

پ: بۆچی لە جەریدەکەتان هێرشتان بردە سەر شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕش و ئیتیهام تان کردین بەوەی کە ئێمە بە رابەی ئێران دەچین بە ڕێگاوە و مەنتەقەمان تەسلیم کردۆتەوە؟

و: ئەو جەریدەیە ئێمە دەرمان نەکردووە، بەڵکوو قادر شەریف دەری کردووە بە ئەمری جاشان

پ: تا ئێستا چەند چوویتە بەغدا وە ئیتیسالت بە کێ کردووە؟

و: دوو جار چوومە بەغدا وە لەوێ ئیتیسالم کرد بە کەریمی حیسامی کە لە پەیکی ئێران ئیشی دەکرد هەر وەها بە نوێنەرێکی حیزبی توودە و نوێنەرێکی حیزبی شیوعی حێراق و باسی تەعاون مان کرد لە نێوان ئەم سێ حیزبە.

پ: ڕای نوێنەری حیزبی شیوعی عێراقی چی بوو؟

و: ڕای ئەوە بوو کە هیچ ئاژاوەیەک نەنێینەوە لە ئێران تا بزانن مەوقیفی شۆڕش لێرە چی لێ دێت.

پ: ڕای خۆتان و حیزبی توودە چی بوو؟

و: هەڵبەتە ئاشکرایە ئێمە موخالیفی نیزامی ئێرانین

پ: ئایا تۆ وەک کوردێک نازانیت هەموو ئاژاوەیەک لە ئێران بە دژی مەسڵەحەتی کورد و شۆڕش دەبرێتەوە؟

و: بەڵێ دەزانم

**هەندێ شت**

- لە قسەکانیدا ووتی شێخ لطیف زۆر ڕای باشە و حەزی بە یەک کەوتنەوەمان دەکرد

- لێم پرسی که‌ی هات بۆ لای شێخ لطیف جاشه‌کان که هاته‌وه له بغداد وه گوتی له وێ بووین.

ووتی من له دیوێکی تر بووم دوور نیه که هاتبن به‌ڵام من که‌سم نه‌دیوه.

- ئێم پرسی ئایا له مصلحه‌تی کورد و شۆڕشه ئێوه بچنه ئه‌و دیو ئاژاوه بنێنه‌وه ، له وه‌ڵامدا ووتی نه‌خێر - ووتم ئه‌ی بۆچی ئه‌تان کرد ووتی له ترسی ئه‌وه‌ی ته‌سلیمی ایرانمان بکه‌نه‌وه ڕامان کرد.

- به ته‌واوی انکاری ئه‌وه‌ی کرد که عیلاقه‌ی هه‌بێت به میری و جاشه‌وه

- لێم پرسی باشه ملا ابوبکره شه‌له چی ده‌کات له کوێستانی پشت باره‌ی گه‌وره دعایه ده‌کات دژی شۆڕش و عیلاقه‌ی به فرقه‌ی (٥) هه‌یه ووتی عیلاقه‌ی به ئێمه‌وه نیه وه به انسانێکی پیسی ازانین.

- ووتم پێش ڕۆیشتنتان بۆ ئه‌و دیو ئێمه ته‌نها بۆ ئه‌وه بانگمان ده‌کردن که نشاطتان نه‌بێت دژی ایران.. چونکه په‌ناهه‌نده بوون و وه له هه‌موو دنیا په‌ناهه‌نده که حکومه‌تێک قبووڵی کرد نابێت چالاکی بنوێنێت دژی ئه‌و ووڵاته‌ی کی لێی ڕای کردووه، بێجگه‌له‌وه‌ی که ئێران لوتفی هه‌یه له سه‌ر ئێمه و مه‌سه‌له‌ی ئێمه. و ووتی تازه ده‌ست ده‌رچوو.
- ووتم دڵنیام که زۆرت شت پێ یه ئیتر خواحافیزت بێت به‌ڵام به ڕوو سووری ناچیته قاپی خودا

ئیمزا

به‌ڵگه‌کان

وه‌رگێڕانی فارسی: له ده‌قه ڕا ده‌رده‌که‌وێ ئه‌و که‌سه‌ی لێپرسینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ فایق ئه‌مین کردووه، فارسی باش نه‌زانیوه



سه‌رچاوه Serchawe

بازجوئی از قانـــع امین .

س- برای چه یاغی شدی و بایران فرارکردی برای آشوب وچه کسی شمارا تحریک کرد .

ج- کسی مارا تحریک نکرد . ولی باخبر شد چه رئیس بارزانی میخواهد مارا بعایران تحویـــل بدهد وناچارا فرارکردیم وبرای هیچ آشوبی بایران نرفتیم.

س- چه دوستی باافراد عمیرزی داریـــد .

ج- هیچگونه دوستی بااوندارم.

س- چند مرتبه اورا دیده اید .

ج- دومرتبه

س- باهم چه صحبتهائی نموده اید .

ج- صحبت ما راطراف کارخود مان بود - هرچند گفت کمن سیاسی نیستم ولی وعده داد که با ماهمکاری نمایــد .

س- افراد شما چند نفرند وافراد او چند نفر.

ج- افراد ما ٥٨ نفر وافراد او ٢ نفر

س- افراد شما حالا درکجا زندگی میکننـــد .

ج- افراد ما متفرق شده وهرچهار پنج نفر باهم هستند وحالا درمنطقه سنگور- ولی مراد در منطقه خانه تا اشنویه و محمد اجبی ( باجاجی - بااحسن ) سراج الدین سرکرده آنها است.

س- برای چه در بیانیه های خود بهشورش ورهبران شورش حمله نموده اید وگفته اید که ما در برابر ایران راه میرویم ومنطقه‌ای را اشغال نموده ایم.

ج- آن بیانیه‌ها ما منتشر ننموده ایم بلکه قادر شریف منتشر نموده است البته بدستور جاش.

س- تا حالا چند مرتبه بغداد رفته اید وبا چه کسی ملاقات نموده اید .

ج- دو مرتبه به بغداد رفته بودم ودرآنجا باکریم حساس که در پیلهایران کارمیکرده ملاقات وهمچنین نماینده حزب توده ونماینده حزب شیوعی عراق ( حزب کمونیست عراق ) ملاقات وبذاکره ما درباره همکاری این دو حزب باهمدیگر بوده.

س- عقیده نماینده حزب کمونیست عراق چه بود .

ج- عقیده نماینده حزب کمونیست عراق براین بود که هیچگونه فعالیت وآشوبی درایران براه نیافتد تا بدانیم که وضع شورش درانیجا بکجا میکشـــد .

س- عقیده شما وحزب توده چه بود .

ج- خیلی واضح است که ما مخالف دولت ایران هستیم.

س- آیا توجه پیدا کرده اید که هرگونه اغتشاش درایران دشمنی بامصالح کرد وشورش اســـت.

٤

-٢-

س- دولت عراق مانند خیانت کار شد باست دشمن عمومی است چطور با اطلاع نبود .

ج- والله بالله مطلع نبود .

س- دوستی شما با شیخ های زیبو وشه لان چطور است.

ج- هیچگونه دوستی باهم نداریم.

س- پس چرا برادرت همراه شیخ عبیدالله در اربیل بود .

ج- آن موقع قبل از رفتنمان رفته بود به اربیل وضمنا میخواست که بوسیله شیخ عبدالله کهیاد ولدت
مذاکره نماید ما هم فهمیدیم که عبدالله برادرم را فرستاده نزد شیخ عبیدالله وازلولیحن با ایشان بگوید
که حرف مرد پراگوش نکند چونکه اوکاری با لحزب ندارد وآنهم جواب داده بود که روی چشمم.

س- در آنموقعیکه فرستاده بودند که شماها بمقر بارزانی بیائید وشاآبادی روزی که بیان آمدی
چرا دومرتبه برگشتی .

ج- یکی از افراد ما برگشت وگفت هرچه ایرانی است میگویند وتحویل ایران میدهند ازترس بود که
منهم دوباره به دولت عراق برگشتم وراه آگاد یم روبه آنطرف مرز.

س- چه علاقه‌ای نسبت بحکومت عراق وارید وروی چه عنوانی است.

ج- هیچ علاقه‌ای ندارم. من خودم علاقمند نیستم مگر اینکه اشخاص دیگر علاقه‌ای داشته باشند .

س- تو میگوئید کمی علاقه ندارم پس چطور دوبار به بغداد رفتی آیا کسی که برگ آمد ورفت
نداشته باشد نمیتواند رفت وآمد نماید .

ج- من ومحمد امین سراجی یک ورقه هویه سال ١٩٥١ داشتیم که بوسیله آن آمد ورفت مینمودیم.

س- دولت عراق سالی یکمرتبه برگ هویت عراقی را تعویض میکند چطور ممکن است که با برگ هویه
١٩٥١ بتوانید آمد ورفت نمائید .

ج- والله ما همان برگ هویه نزد مان بود وکسی از ما تقاضا آنرا ننمود .

س- بی گمان این حرفها هم مانند حرفهای دیگرت دروغ است. دوباره نظر بکنید وبهتر فکر کنید
که چکار کرده اید .

ج- والله هرچه که میگویم راست است ودروغ نیست.

س- علاقه شما نسبت بجاش ٦٦ چیست.

ج- هیچ علاقه‌ای نسبت بآنها ندارم. ولی اسماعیل شریف زاده نامه خصوصی برای تیمچی
نوشته بود که درباره اینکه من - محمد امین سراج الدین مدتی است که از ما بی خبر است ودرجواب
نامه نوشته بودند که فعلا بهتر هستیم. وهر طوریکه برایت امکان دارد برا ... عربی
متحده وحکومت عراق واحزاب اشتراکی عربی است وهر طوریکه کمک مینمائید بمنظور یک آشوب

- ٤ -

بزرگ در ایران .

س- ازچه راهی بداینطرف مرز آمده اید .

ج- ازکوهستان منگور آمدیم رزگه و- شب در بیابان بودیم صبح رفتیم قلعه توکه - شبهمه آمدیم کوهستـــان وبرای روز بعد کریـــه وبعد ازآنجا رفتیم زنبوی حاولیان وآمدیم سرجاده ماشین رو وسه نفرکه همراه ما بودند برگشتند من ومحمد امین سراج الدین سوار ماشین شده ورفتیم بهسلیمانیه وازآنجا باربیل وکرکوک رفتیم منزل شیخ لطیف وچند روز بعد روانه بغداد شدیم .

س- آیا موقعی که سوار اتومبیل شدید کسی شمارا نشناخت وهمچنین در آن آبادیهائی که پیاده همراه میرفتیـــــد .

ج- ما شبانه راه میرفتیم و در هیچ خانهای نرفتیم که مارا بشناسند . یا اینکه کسی را میفرستادیم که نان ووسائل دیگر تهیه نماید .

س- اینطور که شنیده ایم دولت عراق میخواهد ازیک طرف منطقه سلیمانیه جاشهای ٦٦ رابه مـــرز برساند وشماها را آماده نمایند واسلحه بشماها بدهند وپول زیادی هم بدهند که آنهارا درمرز قسمت نموده تا آشوب وبلوای بزرگی در ایران براه بیندازیـــد .

ج- من شخصا خود از آن اطلاع ندارم . ولی دولت عراق وجاشهای طالبانی برای اینکار حاضر بودند وتنها درایکمرا گاه کار نتوانیـــد واگر اتفاقی روی داد ازاین در آینده من مسئول نیستم .

س- اگر دو از افراد دیر باشی آنها هیچی از دستشان برنمیآیـــــد .

ج- خیر اینطور نیست چونکه مسئله من نیست بلکه مسئله بعثیها وجاشها است که میخواهند کاری انجـــام دهند هرچند افراد ما بجنبهائی کاری از پیش نخواهند برد .

س- خیلی خوب پس ازچه طرفی میخواهند حمله نمایند وکدام یک ازمسئولین ما یا آقا وکدخدا در نزدیکی آن مرزها با آنها همکاری برای این هدف مینمایند .

ج- باور بفرمائید نگفته ام .

س- خیلی چیزها را میدانی وحدت یکسال است که با این ملت تقریبا دوباره خیانت میکنید . گناه ایـــن ملت برگردن تو است . برای اینکه وجدانت راحت باشد وخداوند ازتو راضی باشد هرچه گفتید ا ســـ بگو .

ج- از اینها بیشتر نمیدانم وخود برا [illegible] نمیدانم .



۷۶۱ پیوست‌ها

**بعضی گفته ها**

- در حرفهایش گفت شیخ لطیف خیلی موافق وخوش‌داشت منظم باشیم.

- ازاو پرسیدم که چه کسی ازجاشها ازبغداد به نزد شیخ لطیف آمده بود که توهم در آنجابودی - جواب داد من دراطاق دیگر بودم ومعلوم نبود که چه‌کسی آمده ومن کسی راندیدم.

- ازاوپرسیدم آیا بمصلحت کرد وشورش‌است که شماهابه آنطرف مرز بروید وبرای افتتاش برگردید درجوابگفت خیر.

گفتم پس چکارمیکردید. گفت ازترس اینکه مبادا ماراتحویل ایران بدهند فرارنمودیم.

یکی درمورد اینکه آیاملاقند بمحزب وجاشهااست انکارنمود.

شله

- ازاو پرسیدم بخوب - ملا ابوبکر چکارمیکند. وگویا ادعا مینماید که دشمن شورش و موافق باحزب فرقه ( ه ) است. درجواب گفت ملاقفای‌به ماند اردوایرا یک انسان‌کثیف میدانیم

- گفتم قبل از رفتنتان بهآنطرف مرز مابشما ها گفتیم که این کار خاد عمی با ایران است چونکه موضوع پناهنده‌شدن درتمام دنیا وقتی که دولت پناهندگی راقبول نمود شایسته نیست برعلیه آن که شماهارا راه داده است شورش‌نمائید. بنابراین‌هم ایران نسبت بشماو مسئله ما لطف دارد. درجوابگفت تازه دیگرازدست رفته است.

- گفتم کمعا ارجمندستیکه خیلی چیزها دارید. دیگر خداحافظ

سری

ـ ۲ ـ

**کشته شدن سلیمان معینی رهبرمتواری حزب دموکرات کردستان ایران توسط شورشیان کرد عراقی**

سلیمان معینی که از اردیبهشت ماه سال ۱۳۴۶ از سمت مرزهای با ایران (منطقه مرز شمال از توابع استان آذربایجان غربی) وارد و با همکاری عوامل تابعه خود دست به اقدامات ضدامنیتی حاد زده بود حدود ۴ ماه قبل بمنظور نتیجه گیری موثر از تلاشهای معموله بعراق عزیمت و با برخورداری از پشتیبانی سیاستهای مخالف ایران در تاریخ ۴۷/۲/۱۹ درحالیکه باتفاق فرد دیگری از عناصر متشکله حزب بنام خلیل مصطفی زاده برای تشکیل کنفرانسی با شرکت سایر سران متواری حزب واتخاذ تصمیم در زمینه فعالیتهای آتی عازم حرکت بسوی ایران بود در اطراف شهر جوارتا از توابع استان سلیمانیه عراق توسط شورشیان کرد عراقی شناخته و دستگیر میگردند.

**اقدامات انجام شده:**

۱ـ ساواک قبلاً در جریان حرکت سلیمان معینی وخط سیر نامبرده وهمراهانش قرار داشت و ترتیبی داده شده بود تا در محل مشخص اقدام به دستگیری نامبردگان بنماید لیکن چون برخورد سلیمان معینی باعوامل شورش غیرمترقبه صورت گرفته لذا با اطلاع از جریان دستگیری از مقامات شورش خواسته شد تا دونفر موصوف را سریعاً تحویل دهند.

۲ـ طبق اعلام سران شورش چون سلیمان معینی وافراد همراهش قصد

فرار/...

سری

**بەڵگەی ٦**

**نهێنی**

کووژرانی سولەیمان موعینی ڕێبەری هەڵاتووی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران به دەست سەرهەڵداوانی کوردیی عێڕاقی سولەیمانی موعینی کە لە مانگی بانەمەڕی ١٣٤٦ [ئاوریلی ١٩٦٧] لە ژێر هێندێک هەڵومەرج دا هاتە ناو ئێران (ناوچەی سەردەشت گرێدراوی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) و بە هاوکاری کەسانی پێڕۆی خۆی دەستی کردبوو بە نانەوەی هێندێک ئالۆزی و نا ئەمنی نزیکەی چوار مانگ لەمەوبەر بە مەبەستی نەتیجە وەرگرتنی کاریگەر لەو حەولانەی کە دابووی چووە عێڕاق و بە کەلک وەرگرتن لە پشتیوانی سیاسەتەکانی دژی ئێران لە بەرواری ١٩ / ٢ / ١٣٤٧ [ ٩ / ٥ / ١٩٦٨ ] لە کاتێکدا لەگەڵ کەسێکی دیکە لە کەسایەتییە بە نفووزەکانی حیزب بە ناوی خەلیل مستەفا زادە بۆ پێک هێنانی کۆنفڕانسێک بە بەشداری سەرانی دیکەی هەڵاتووی حیزب و بڕیار دان لە مەڕ چالاکییەکانی داهاتوو خەریک بوو بەرەو ئێران بێ لە دەور و بەری شاری چوارتا گرێدراوی ئوستانی سلێمانی عێراق لە لایەن سەرهەڵداوانی کوردی عێڕاقییەوە دەناسرێنەوە و دەی گرێن.

ئەو هەنگاوانەی نراونەتەوە:

١- ساواک پێشتر ئاگای لێ بوو لە جەرەیانی جووڵەی سولەیمانی موعینی و ڕێبازی پێدا چوونی ناوبراو و ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون و ئامادەکارییەکی ئەوتۆ کرا بوو تا لە شوێنی کۆنکرێت دەست بکەن گرتنی ناوبراوان بەڵام لەبەر ئەوەی تووش بوونی سولەیمانی موعینی و هەڵسووڕاوانی سەرهەڵدان لە پڕ و چاوەڕاونکراو نەبوو بۆیە بە ئاگاداری لە جەریانی گیرانی وی داوا لە کاربەدەستانی سەرهەڵدان کرا تا ئەو نەفەرەی باس کراوە هەرچی زووتر تەحویل بدەن.

٢- بە پێی ڕاگەیاندنی سەرانی سەرهەڵدان لەبەر ئەوەی موعینی و ئەو کەسەی لە گەڵی بوو تەمای هەڵاتنیان/...

نهێنی

تێبینی: ئەو بەڵگەیە ناتەواوە و هەر وەک خۆی لە کتێبی مەحموود نادری وەرگیراوە.



سەرچاوە Serchawe









سەرچاوە
Serchawe

تێبینی: وێنەی یەکەم لە لایەن نەمر زاهیر ڕەسام لە ساڵی ١٩٦٥ لە قەڵادزێ هەڵگیراوە. وێنەکانی دیکە لە ئینترنێت وەرگیران.

سەرچاوە: ویبنوسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## دوو بهڵگهنامه سهبارهت به گیرانی نهمر سولهیمان موعینی له ساڵی ١٩٥٦ به فهرمانی فهرمانداریی عهسکهری تاران





وزارت کشور
شهربانی کل کشور
(محرمانه)

گزارش شهربانی آذربایجان حاکی است باستناد دستور فرمانداری نظامی تهران فرهادی - کیانی - صدرزاده - نظری پناه شمال [illegible] از هنرستان صنعتی تبریز توسط دژبان لشکر تبریز دستگیر و قرار است بتهران اعزام شوند و سلطان معینی که از گردانندگان کومله کردستان بوده [illegible] دستور فرمانداری نظامی تهران توسط لشکر ۳ دستگیر و بتهران اعزام گردیده است .

از طرف رئیس شهربانی کل کشور - [illegible]

[illegible]



شماره ۴۲۰۷۴ / ۸ /
تاریخ ۱۲/۸ /
پیوست

وزارت کشور
استانداری آذربایجان
(بکلی محرمانه است)

جناب آقای استاندار محترم آذربایجان

محترماً بعرض میرساند طبق اطلاع واصله باستناد دستور فرمانداری نظامی تهران :

۱ - فرهادی ۲ - کیانی ۳ - صدرزاده ۴ - نظری پناه [illegible] از هنرستان صنعتی تبریز بوسیله دژبانی لشکر ۳ تبریز دستگیر و قرار است بتهران اعزام شوند و سلطان معینی که از گردانندگان کومله کردستان [illegible] بوسیله [illegible] به تبریز آمده بود طبق دستور فرمانداری نظامی تهران بوسیله لشکر ۳ دستگیر و بتهران اعزام شده است .

رونوشت شهربانی [illegible] آذربایجان : [illegible]

ئێمبلم تاج و شێر و شمشێر و خورشید

وەزارەتی ناوخۆ

ئوستانداریی ئازەربایجان

ژمارە ٢٢٠٧٤ / ٥ /

بەروار ٨ - ١٢ - ١٣٣٤ [٢٨ - ٢ - ١٩٥٦]

(بە تەواوی نهێنی یە)

**جەنابی ئاغای ئوستانداری گەورەی ئازەربایجان**

بە حورمەتەوە بەعەرز دەگەیێندرێ بە پێی ئەو ئاگادارییەی گەیشتووە بە پاڵپشتی فەرمانی فەرمانداری عەسکەری تاران ١ فەهادی ٢ کەیانی ٣ حەیدەر زادە ٤ نەزیر نیک خەسال لە هونەرستانی سەنعەتی تەورێز لە لایەن دیژبانیی لەشکری ٣ی تەورێز گیراون و بڕیارە بنێردرێنە تاران و سولەیان موعینی، کە لە هەڵسووڕێنەرانی کۆمەڵەی کوردستانە و لە تارانەوە بە سواری ئوتوبۆس هاتبوو بۆ تەورێز بە پێی فەرمانی فەرمانداری نیزامی تاران لەلایەن لەشکری ٣ وە گیراوە و ناردراوەتەوە بۆ تاران.

سەرپەرستی شارەبانییەکانی ئازەربایجان: سەرتیپ شەوکەت

مۆر

ڕوونووس وەک ماک وایە

ئیمزا

ئاخوندی

**

**تێبینی**:

١- لە زۆربەری هەرە زۆری بەڵگەنامە و سەنەدی ڕێژیمی شا چ پێش لە ڕوخان و چ دوای هەڵوەشانی جمهووری کوردستان زۆر جار ناوی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردتسان وەک "حیزبی کۆمەڵەی کوردستان" یان 'کۆمەڵەی کوردستان "هاتووە.

٢- مەبەست لە شارەبانی ئیدارەی پۆلیسە. شەهرەبانی فارسی و شارەوانی کوردی ئاماژەیە بە دوو دەسگای جیاواز

## بەڵگەی دووەم

کە لە لایەن سەرۆکی پۆلیسی گشت وولات موهەندیس غەففاری یەو ئیمزا کراوە لە بەرواری ١٤ - ١٢ - ١٣٣٤ [٥ - ٣ - ١٩٥٦] هەمان نامەی بە تەواو نهێنی بۆ وەزارەتی کیشوەر [نێوخۆ] ناردووە.

**تێبینی**: لەو سەردەمە دا سپەهبود تەیموور بەختیار کە دەرەجەی سەرتیپی هەبوو فەرماندەری نیزامی تاران بوو.بەختیار یەکەم سەرۆکی ئیدارەی تازە دامەزراوی ئیستیخباراتی ئێران، ساواک بوو کە لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٣٥ی هەتاوی [فێڤرییەی ١٩٥٧] دامەزرا. بەختیار دواتر لە کوڕی ڕەزاخان هەڵگەڕاوە و بە فیتی ساواک و بە دەسکیسی جاسووسێک کە دزەی کردبووە ناو حیزبی توودە بە ناوی عەباسقوڵی شەهریاری لە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٤٩ [٧ی ئووتی ١٩٧٠] لە عێراق تێرۆر کرا و لە ١٦ی ئووتی ١٩٧٠ لە نەخۆشخانەیەک لە بەغدا چاوی وێک نا.


وێنە: ئەم وێنەیە بە ئەگەری زۆر لە تاران هەڵگیراوە. لە ڕاستەوە عەبدوڵا ئیسحاقی، سولەیمان موعینی، ئەحمەد قازی [حاجێ ئاباد]

سەرچاوە: وێبنوسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## مەسعوود بارزانی ئاوا باس لە چارەنووسی سلێمان موعینی دەکا




مەسعوود بارزانی، لە کتێبی "البارزاني و الحركة التحررية الكردية"، لە لاپەڕەی ٣٦٢دا نووسیویەتی:

"لە ساڵی ١٩٦٧دا شۆڕش ناچاربوو کاریکی ناخۆش ئەنجام بدات کە نەدەتوانرا خۆی لێ ببوێردرێت. ئەویش کاتێک سلێمانی موعینی، کە دژی ئەحمەد تۆفیق بوو، دەستگیرکرا، کە چووبووە پاڵ جاشەکانی ٦٦ و هاوکاری ڕژێمی عێراقی لە دژی شۆڕش کردبوو. ئیدی کوژرا و لاشەکەی بۆ ئێران نێردرایەوە. نەدەکرا وا چاو لە مەسەلەی چارەنووسی سلێمانی موعینی بکرێت کە مەسەلەیەکی حیزبی ناوخۆییە. ئەو هاوکاری جاشەکانی ٦٦ی کردووە و دوژمنی شۆڕشە و ناکرێت کێشەکەی جیابکرێتەوە بەبیانووی ئەوەی کە پەیوەندی بە کاروباری حیزبەکەیەوە هەبووە. هەرچەند ئیمە ئەو کۆتاییە ناخۆشەمان بو ئەو پیاوە نەدەخواست.

مەسعوود بارزانی لێرەدا، بە بێ بەڵگە سلێمان موعینی تاوانبار دەکات و کوشتن و ڕادەستکردنەوەی ڕۆلەکانی کوردستان بە ئێران بە کارێکی ئاسایی دادەنێت و فرۆشتنی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەلات بە ئێران لە ژێر سێبەری شۆڕشی باشوور هەقانیەت پێدەدات. مەلا مستەفا ئەمر دەردەکات سلێمان موعینی بخەنە بەندیخانەی شۆڕشەکەی بارزان. پاشان ئەمر بە هەژاری شاعیر دەکات کە سەردانی سلێمان موعینی بکات و بە هەر زمانێک بێت، ناچار بە چوونەوە بۆ ئێران و خۆبەدەستەوەدانی بکات. هەژار، هەر ئەو جۆرەی کە لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا نووسیویەتی، لەجیاتی دڵدانەوە و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بەردەوامبوونی خەباتی کوردانی کوردستانی ڕۆژهەلات، دەست دەکات بە محاکمەکردنی سلێمان موعینی. تەنانەت لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا کە دوای مردنی لە چاپ دراوە، گەلێک ناو و ناتوورەی بەدوور لە ڕاستی داوەتە پاڵ موعینی و تاوانەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی پێ شاردووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژپرێس - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٨

## سولەیمان موعینی (فایق) و هەوالانی




مامۆستا هەژار

لە پاش ڕۆیشتنی ئەحمەد تەوفیق بۆ سنووری تورکیە، «سولەیمان موعینی» خۆی کردە جێنشینی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. ڕەنگە ئەوانەی زۆری دەگەڵ ژیاون چاتری بناسن؛ بەڵام هیچ وە بەر دڵی من نەدەکەوت. دەیانگوت داوێن پیسە، دەیانگوت فەرقی گیرفانی خۆی و هەوالانی لە بەرە، دەیانگوت ترسەنۆکە و ... کە من هەر دەمبیست و خۆم وەک پێویستە نەمدەناسی. هەر هێندە بوو مەرحەبا و چاک و خۆشیمان پێکەوە هەبوو. چونکە من کارم بە سەر کاری ئێرانییەکانەوە نەبوو؛ بەڵام وەک دۆست و برادەر خۆشم دەویستن. دەمبیستەوە کە موعینی و هەوالانی پێشمەرگەی دەچنەوە ئێران و چالاکیی دەنوێنن. موعینی برایەکی لە خۆی بچووکتری هەبوو بە ناوی «عەبدوڵڵا»، کوڕی پەسند و ڕند ئەو بوو؛ بەڕاستی زۆر پیاوێکی بەقیمەت بوو. کە بەداخەوە لە نێو گەورکان دەگەڵ «مینەشەم»- کە ئەویش ماڵم هەقە پاڵەوانێک بوو- شەهید کران.

بنکەی موعینی و پێشمەرگەی هەواڵی لە «سونێ» بوو؛ پاشان هاتبوونە دۆڵەڕەقە. یەک لەوانەی هەواڵی موعینی و شەریفزادە بوو، کوڕێکی حقووقی بە ناوی «حەمەدەمین سیراجی» بوو کە زۆر کۆمۆنیستێکی توودەییی دووئاتەشە بوو. پیاوێکی زۆر زیرەک و قسەزان و لەبلەبان و زمانلووس بوو. بەداخەوە هەرچەندی کردم نەمتوانی بە دڵ خۆشم بوێت؛ نازانم بۆچی؟...

دیاره من ئه‌حمه‌ق بووم و دوای هه‌ستی ئه‌حمه‌قانه‌ی خۆم که‌وتبووم؛ ده‌نا هه‌رچی ده‌مدی تاریفی ده‌کرد. یان پێم وایه بۆیه نامۆییم لێ ده‌کرد که من له‌و کۆمۆنیسته ته‌کیبوومه‌وه که ئه‌و بڕوای پێ بوو.

«مه‌لا ئاواره» ناوێکم له‌و براده‌رانه دیت، زۆرم که‌یف گرتی. بیری یه‌کجار تیژ بوو؛ زۆربه‌ی شیعری من و یه‌کجار زۆری شیعری کوردی له‌به‌ر بوو. که قسه‌ی ده‌کرد دڵسۆزی بۆ کورد و کوردستان له قسه‌کانی ده‌باری و زۆریان کار له دڵی گوێگر ده‌گرت.

ڕۆژێک له «ده‌ربه‌ند» له‌گه‌ڵ مام عه‌لی عه‌جه‌م بووم. نامه‌یه‌کم بۆ هات، سوله‌یمان موعینی نووسیبووی: «ئێمه هه‌واڵانی ئێرانی - که چه‌ند ڕۆژێکه له زینوێ و خه‌لان ڕایده‌بوێرین- به‌عام بڕیارمان داوه تۆ بکه‌ینه ڕه‌ئیسی خۆمان و به موو له قسه‌ت لا نه‌ده‌ین. تۆش ده‌بێ قبووڵ بکه‌ی و ده‌بێ چاومان پێت بکه‌وێ». خه‌به‌رم نارد هاته ده‌ربه‌ند. به مام عه‌لیم گوت نیوه‌ڕۆژه‌یان بۆ ئاماده کات. ده‌گه‌ڵ سوله‌یمان به قه‌ده‌م لێدان ڕۆیشتین، هه‌ر من و ئه‌و. ناوه‌رۆکی نامه‌که‌ی دووپاته کرده‌وه و به چه‌ند سوێندێکی زۆر زل قایمی کرد. گوتم: ئه‌گه‌ر من قبووڵ بکه‌م ڕه‌ئیستان بم، نابێ هه‌ر له ئێستاوه قه‌ت درۆم ده‌گه‌ڵ بکه‌ن. ده‌بێ هه‌موو شتێکتان بزانم. گوتی قبووڵمه.

- کاک فایق تۆ له‌و سه‌فه‌رانه‌ی که بۆ کوردستانی ئێرانت کردووه، ته‌قه‌تان له دێی «شێلم جاڕان» کردووه و منداڵێکتان کوشتووه؟ حاجییه‌کت گرتووه، تا چوار هه‌زار تمه‌نت لێ نه‌ستاندووه به‌رت نه‌داوه و دارکاریت کردووه؟ گیشه‌ی وه‌رزێرانت سووتاندووه چونکه پووڵیان نه‌داویه‌ی؟ ڕادیۆت له پشت به‌رد شاردۆته‌وه و ئانتێله‌که‌ت بڵند کردووه، وات نیشان داوه که به بێسیم قسه ده‌گه‌ڵ بارزانی ده‌که‌ی و گوتووته: قوربان؟ حاجی فڵان هه‌ر پێنج هه‌زار تمه‌ن ده‌دا. لێی وه‌رگرین؟ به‌ڵێ باشه. خوا ڕاوه‌ستاوت کا! ده‌ستت ماچ ده‌کا؟! ئه‌و کارانه‌ت کردووه یا نا؟ نابێ درۆم ده‌گه‌ڵ بکه‌ی...

گوتی: به‌ڵێ هه‌مووم کردوون؛ به‌ڵام له‌وه به‌ولاوه له قسه‌ی تۆ ده‌رناچین.

- کاک فایق با قسه‌که‌ت ته‌رجه‌مه که‌م: تۆ ده‌فه‌رمووی من بۆشکه‌یه‌کی پڕ له پیساییم؛ بۆنی ده‌رچووه. هه‌ژار وه‌ره بتکه‌مه سه‌رپۆشێکی بێ که‌لێن، ئه‌و بۆگه‌نه داپۆشه! برام نه چاوم له گه‌وره‌یی و سه‌رۆکییه، نه ئه‌و کارانه‌شم به‌دڵه. ئێمه له باتی دڵسۆزی بۆ میلله‌ته‌که‌مان ببینه چه‌ته و ڕێگر و باجه‌ستێن له سه‌ریان، پێم کارێکی به ناموسانه نییه. خۆت چۆنت ڕابواردووه حیساب بۆ من مه‌که! کارم به کاری کوردستانی ئێران نه‌داوه.

ئیتر خەبەرم لەو برایانە بڕا؛ نەمدەزانی چ دەکەن. جاروبارێک کە تووشی یەک یان دوانیان دەبووم حاڵێکم دەپرسی و جوابێکم وەردەگرتەوە کە نەمدەزانی تا کوێ گەیون.

ڕۆژێک لە گەلاڵە بووم. پیرێژنێک هاتە لام گریا، گوتی کوڕەکەم (سەیید...؟) گیراوە لەسەر ئەوە دەڵێن ئێرانییە. تکام بۆ کرد بەریان دا. سەیید چووبوو چەند کەسێکی ڕەگەڵ خۆی خستبوو، گوتبووی مام هەژار دەڵێ بچنە ئێران چەتەیی لە عەجەمان بکەن! چەند تەقەیەکیان کردبوو؛ پۆلیسێکیان کوشتبوو؛ هەڵاتبوونەوە ناو چیای قەندیل؛ کە بە هیچ جۆر ئاگاشم لێ نەبوو.

ڕۆژێک کە ماڵە مەلا مستەفا لە «قەسرێ» بوو گوتیان بارزانی بانگت دەکا. گوتی: نۆ پێشمەرگەی ئێرانی- کە ساڵح لاجانی و هەواڵانی ئەون- لای ئێمە گیراون. ئەوانە لە ئێران زۆریان عەزیەتی دەوڵەت داوە. ئێستا ئێرانی سوورن لە سەر ئەوە کە بیندەینەوە. تۆ دەڵێی چی؟

گوتم: قوربان! حیکایەتیان دەزانم. ئەوانە لە لای قەڵادزەوە هاتوونە ئەمدیو. ئیدریس کوڕی تۆ قەولی پێداون کە نایانگرێ و دەیاننێرێتە جەبهەیەکی دوور لە سنووری ئێران. من ڕەوای نابینم بدرێنەوە بە ئێران. ئەگەر هەر بۆ مەسڵەحەتی ڕۆژە، من ئامادەم- کە زۆریش منیان لە لا گرینگە- لە بەرانبەر تۆپێکدا کە بیدەن بە تۆ، خۆمیان تەسلیم کەم! بەڵام هەرگیز ئەو فتوایە نادەم. خۆشت کاری خۆت دەزانی...

گوتی: ئێمە لەو لێقەوماویەدا هەموو لامان لێ بڕاوە، ڕێگەی ئێران نەبێ چۆن دەتوانین ئەوانەیان نەدەینەوە؟ چۆن برایم و جەلال بە سەرماندا زاڵ نابن؟

- من فتوا نادەم؛ هیچکارەش نیم. خۆت دەزانی...

پیرە پیاوێک بە ناوی «حەسەن حەوتەوانە»، لاجانی- زۆر ساڵ بوو پێشمەرگە بوو- دە ئێوارێدا هاتە لام کە عومەری کوڕی تازەلاوێکە و دەگەڵ ئەو نۆ کەسە گیراوانەیە. زۆرم بەزەیی پێدا هات. چوومە تکای ئەو کوڕە. شەو بەریان دابوو؛ گوتبوویان هەڵاتووە. عومەر- کە لە مردن ڕزگارم کردبوو- زۆر جار دەهاتە لام و دەردی دڵی خۆی دەکرد. جارێک دەگەڵ فایق موعینی چووونەتە سەر ڕێگای نێوان سەردەشت و خانێ. گوتی: کاروانێکی کامیۆنی سەربازان- کە چاردە کامیۆنی بارکراو بوو؛ هەر یەکەی سێ یان چوار پاسەوانی لە سەر بوو- بە بەردەمماندا هاتن. ئێمە لە ناو دارستانێکی چوغوردا

دەوروبەری ڕێگەمان گرتبوو. دەمانتوانی بە تەنیا دەسڕێژێک بیانکوژین و کاروان ڕووت کەین. کاک فایق- کە سەرکردەمان بوو- فەرمانی ئاگر کردنی نەدا:

- کاک فایق لەوە چاتر قەت هەڵناکەویَ!

- نەخێر ڕازی نییم تەقە بکەن، خەتەرە!

جا توخوا ئەگەر کاک ئەحمەد بوایە، دە سەر ئەو پارووە چەور و نەرمە دەچوو؟ چۆنت دەویَ تا خەتەر نەبیَ؟ بەجێم هێشتووە و هاتوومەوە...

کوڕێکی تری ئەم مام حەسەنە (برایم)، لە پشت شێلم جاڕانی لاجان کوژرا. ئەو عومەرەش لە شەڕی «دۆڵی خدراویَ» دێموکراتی ئێران - کە دەگەڵ دەوڵەتی خومەینی کرا- بە تەیارە کوژرا.

ڕۆژێک ئێوارە ئەحمەدی بارام میرزام دی کە لە دەستە و دایرەی جەماعەتی موعینی بوو. گوتی قەراریان داوە بچنەوە ئێران و شۆڕش هەڵگیرسێنن؛ بەڵام من ڕامکردووە و دەگەڵیان ناچم. گوتی مام عەلی عەجەم لە بنکەی بەجیَ ماوە و هێشتا نەچووە. خەبەرم بۆ مام عەلی نارد کە ئەگەر ناچیَ بۆ ئێران با بێتە لای من. هاتە لام و تا ئاخری شۆڕش لێک هەڵنەبڕاین و بنکەم تەسلیمی ئەو دەکرد؛ وەک گوڵ پیَ ڕادەگەیشت.

بیستمەوە کە دوای ئەوەی لە بارزانی و شۆڕشەکەی ناهومێد بوون، ویستوویانە بۆ خۆیان لە ئێران کارێک بکەن. حەمەدەمینی سیراجی لە هەمووان دڵگەرمتر بووە کە دەبیَ هەر بچین. شەوێک لە دۆڵەڕەقە ڕۆیشتوون و حەمەدەمین تا سەر سنوور دەگەڵیان بووە، گوتوویە برا وا باشە من بچم دەگەڵ دەوڵەتی عێراق قسە بکەم و چەک و ئەسپایتان بۆ وەربگرم. خۆی لیَ دزیبوونەوە و خۆی گەیاندۆتە بەغدایە و ماتەی هەڵگرتووە. پێشمەرگە ئێرانییەکان کەوتوونە چیاوە و تووشی شەڕ و بە کوشت چوون هاتوون و سیراجی هیچ خەبەری نەبووە و بێسەروشوێنە. جا ئێستاش تا باسی شەهید بوونی سمایلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە دەبیسم، گورجیَ چرۆچاوی پڕ لە فێڵ و فەرەجی سیراجیم دێتە بەر چاو. لام وایە هۆی بە کوشت چوونیان ئەو کابرا زیرەک و بێبارەیە، کە ئەوانی هەڵناوە و خۆی لیَ دزیوەتەوە. من بڕوام وایە؛ ڕەنگە واش نەبیَ. ئەوا خوا دەیزانیَ... لەم بەینانەدا کە ئەو برادەرە ئێرانییانە لە دژی ئێران خەبات دەکەن و لە شۆڕشی بارزانی تەکیونەوە و پێشمەرگەی شۆڕشی عێراق بە کارتێکدەریان دەزانن، ژن و کوڕی فایق موعینی لە سەنگەسەرە و لە ماڵی حەسۆ میرخانی ژاژەڵەییە. فایق چۆتە سلێمانی؛ چاوی بە فەرماندەی ئەرتەشی پێنجەم کەوتووە، قەولی چەک و یارمەتی لیَ ساندووە. چۆتە بەکرەجۆ لای جەلال تاڵەبانی کە چەکداری دەوڵەتن و دژی بارزانین. هاتۆتەوە شاری سلێمانی، میوانی شێخ لەتیف



سەرچاوە
Serchawe

بووە. نامەیەکی بۆ حەسۆ میرخان نووسیوە کە: ئێوە ژن و کوڕی منتان داگیر کردووە؛ کارێکی زۆر نامەردانەیە. ئەگەر نەتانگرتوون؛ بیاننێرنە سیتەک؛ بۆ ماڵی شێخ لەتیف. ویستوویە لە سنووری بانەوە بڕواتە دیوی ئێران؛ لە سەر چوارڕێیانی سیتەک-چوارتا، جیپەکەیان ڕاگرتووە کە فایقی تێدایە. «سدیق ئەفەندی» ناوێکی لە کۆنەوە پێشمەرگە و خەڵکی سلێمانی، کە هەموومانی باش دەناسی دایدەبەزێنێ:

- کاک فایق کارم بە تۆیە.

فایق بە لیباسی فەقێییەوە، بێ چەک دەڵێ من فایق نییم و ناوم مەلا قادرە.

- هەر چییەک بێ ڕەگەڵم کەوە!

ڕۆژێک کە بۆ کاری چاپخانە- کە ئەودەم لە سوورەبان بووین- چوومە ماڵی بارزانی، گوتی:

- ئەگەر بتەوێ دەتوانی فایق موعینی ببینی و قسەی دەگەڵ بکەی. با هەرچی دەیزانێ دەربارەی قاید فیرقەی پێنج و جەلال و جاشەکانی بەکرەجۆ، پێمان بڵێ؛ دەنا ئەوە ئێرانی داوای دەکەنەوە و لە خەتەردایە.

چوومە «وەسان» فایقم دیت کە دەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی «خەلیل شەوباش» لە ماڵێکی چۆڵدا حەبس کرابوو. دوو چەکداری بارزانی لە دەرک و سەربان بوون. پێکەوە دانیشتین، کاک فایق نەقڵی گیرانی خۆی و شەوباشی بۆ گێڕامەوە. کە گوتم ئەگەر هاوکاری دەگەڵ شۆڕشی بارزانی نەکەی، زۆر لە چارەنووست دەترسم، گوتی: ئەوانە یاریدەمان نادەن. تەنانەت برینداریشمان بۆ دەرمان ناکەن. حازر نییم هیچ هاوکارییەک بکەم...

گوتم: کاکی خۆم! دەڵێن تەیری گۆشتخۆر دندووکی خوارە. تۆ پیاوی ئەو کارانە نەبووی! بە زۆر بە ملە خۆتدا هێنا و نەشتزانی چ دەکەی. ئەگەر من بوومایە لە جیاتی تۆ، کە دەمزانی دوژمنایەتیی بارزانی دەکەم و بە وڵاتی بەردەستی ئەودا دێم و دەچم، هەر بە شەو بەبێ ڕێ، بە ناو دارستاندا سەفەرم دەکرد. هەمیشە چل تفەنگچییەکم دەگەڵ دەبوو؛ لە سەر هەست و دەست لە سەر پەلەپیتکە. تووشی هەر ڕێبوارێک دەبووم، نەمدەهێشت بڕوا و خەبەرم لێ بدا، دەمبەستەوە تا زۆر دوور دەکەوتمەوە. بۆ چەند کیلۆمیتر لە پێشەوە ڕێگەیان بۆ تاقی دەکردمەوە و هەمیشە دەستەیەک لە دواوە دەیانپاراستم. لە کوێ دەنگ درابام دەمکردە تەقە و خۆم ڕزگار دەکرد. لێم ڕوونە ئەحمەد تەوفیق لە جیاتی تۆ ئەمەی بکردایە، زۆر بە هاسانی پێکی دێنا و دەگیر نەدەکەوت. تۆ دەزانی «حەسۆ» شیری کەریشی خواردبێ، تێدەگا کە تۆ داوا دەکەی ژن و کوڕت بچنە «سیتەک»، مانای وایە خۆت لەو ناوەی و دەتەوێ بیانبینی. جوابت بۆ دەنووسێتەوە کە ژنی تۆ خوشکی منە و کوڕی تۆم لە کوڕی خۆم هەڵناواردووە؛ ئەوا بۆم ناردیە سیتەک. سدیق ئەفەندیت لە سەر ڕێگە دادەنێ کە باشت دەناسێ و دەتگرێ. تەنانەت دەمانچەیەکیشت پێ نییە دیفاع لە خۆت بکەی. چۆن کەسێک بە ئاشکرا دژی بارزانی بجووڵێتەوە و



سەرچاوە
Serchawe

هەموو کەسیش بیناسن، دەچێ سوای جیپی مسافربەری دەبێ و بە نێوەڕاستی جادەدا سەفەر دەکا و دەیەوێ بچێ بە چەک و ئەسپابی دوژمنانی بارزانی لە ئێران کار بکا و بە عەقیدەی بارزانی زیان لە شۆڕشەکەی ئەو بدا؟! زۆر بەداخەوە پیاوی ئەو کارە نەبووی. خۆزیا ئەحمەد تەوفیق با. زۆریش بۆ ئایندەت دڵتەنگم؛ بەڵام دەستم ناڕوا. ئەوەندەی بتوانم حەولی خۆم دەدەم کە لە کوشتن ڕزگار بی.

ئەوە دوامین دیدارم بوو دەگەڵ موعینی. بە مەلا مستەفا گوت: ڕاستە لە ناچاری خۆی چۆتە بەکرەجۆ و لای قاید فیرقە، بەڵام شتێکی وا لە هیچیان نازانێ کە ئێمە نەمانزانیبێ. ئەو داوای یارمەتی کردووە، قەولیان داوەتێ و هێشتان هیچی وەرنەگرتووە. ڕاستە کارەکەی دژی کاری تۆیە کە دەگەڵ ئێران دۆستی؛ بەڵام بە بڕوای من بە هیچ جۆر نابێ ئەو دوو کەسە نە بکوژی، نە بیاندەیەوە بە ئێران. لە جێگەیەکی دووردەست، لە سنوور حەبسیان کە! بڵێ ناتاندەمەوە؛ بەڵام گرتوومن و نایەڵم دژی ئێران بجووڵێنەوە. بیانکە بە پەڕی بەرندەی قومار. هەر وەخت ئێرانی کەوتنە بڕ و بەهانە دۆزینەوە، دەفەرمووی من فایق و ئەحمەد تەوفیقم پێ بەخێو ناکرێ؛ بەرهەڵدایان دەکەم و ئازادن چ دەکەن بکەن. ئێرانی زۆر مەمنوونت دەبن کە ئەوانەیان دە گژڕا نەکەی و نەبنە مایەی دەردیسەریان. کە لە حەبسی تۆشدا بن، هەموو ڕۆژ ئەگەر بە پێویستت زانی دەتوانی فەرمانی کوشتنیان بدەی. بەڵام بە هیچ جۆرێک دڵم فتوا نادا کە تەسلیمی ئێران بکرێنەوە. چونکە لە دژی تۆ تەبلیغاتی پێ دەکەن؛ وەک چەند جار کردوویانە...

---

## مونتەقیمی قازی

دوایی بیستمەوە کە فایق و شەوباش کوژراون و لاشەکانیان دراوەتەوە بە ئێران. ڕاستە فایق بە شەهیدێکی میللی لە ناو کوردستانی ئێران حیساب دەکرێ؛ بەڵام بە بڕوای من عەبدوڵڵای برای لەو پتر شیاوی ئەو ناوە بووە؛ مەلا ئاوارە و شەریفزادە زۆرتر جێگەی ئیحترامن. نەدەبوایە سیراجیش لە بیر بچێ و حیسابی دەگەڵ نەکرێ. بەڵام کەم وایە تاریخ عادڵ بووبێ و هەقی کەسی بەپێی کار و زەحمەتی خۆی دابێ...

شێخ لەتیف بۆی گێڕامەوە کە فایق لە سلێمانی میوانی بووە. کاتێ گوتوویە دەڕۆم، پێم گوتووە بە هیچ جۆر وا مەکە «قالە تەگەرانی» بزانێ کەی دەڕۆی و بۆ کوێ دەڕۆی. چونکە قالە جاسووسی سێ سەریە: بۆ بارزانی و بۆ ئێران و بۆ عێراق کار دەکا. گوتی باشە. بەڵام بەیانی کە هاتە خواحافیزی، گوتی قالە تەگەرانی ماشێنی بۆ گرتووم و بەڕێم دەکا!



سەرچاوە Serchawe

لە قەڵاتی باڵەییان بووین، «مونتەقیمی قازی»- کە لە پێشیشدا دەمناسی و برادەر بووین- هات و گوتی: دەچمەوە لای مەهاباد هەواڵان دەبینم؛ کارێکت نییە ڕامسپێری؟

گوتم: خەمیرددانێک و فرچەیەکم بۆ بێنە!

تەواو خۆی قەڵس کرد کە من بۆ باسی سیاسی دەگەڵ ناکەم!

جارێک بە سەفەر چووبوومە هەولێر، میوانی ماڵی شێخ مستەفای کوڕی شێخ عوبەیدیللا بووم کە ئەوسا لە هەولێر بوو. سالاری حەیدەری و مونتەقیم لەوێ بوون:

- بۆ هاتوون؟

- بۆ سەیاحەت!

ڕۆژێ گوتیان مونتەقیم گیراوە. گوتیان خەبەر بە شۆڕش دراوە کە مونتەقیم دەگەڵ کوڕی شێخ عوبەیدیللا چۆتە مەرکەزی فەرماندەی سوپای عێراقی لە هەولێر. کە لە نوختەی سنووری شۆڕش لێیان پرسیوە، گوتوویە ناوم عەبدوڵلایە و ناسیویانە کە مونتەقیمە. سالاری حەیدەری کە هاتبۆوە و زانیبووی مونتەقیم گیراوە، چووبووە گەلاڵە و گوتبووی منیش بگرن کە دەگەڵ مونتەقیم لە هەولێر بووم. گوتبوویان کارمان بە تۆ نییە کە تۆ ئاگات لە کاری مونتەقیم نەبووە. بیستمەوە کە مونتەقیم دراوەتەوە بە ئێران و لەوێ حەبس کراوە.

تا هاوین لە «لێوژە» ماینەوە. هەموومان تووشی زگ ئێشەی زۆر سەخت بووین. مێشوولە کوێرەش حەشری دەکرد و حەجمینمان نەمابوو. دوکتور مەحموود گوتی ئاوی کانییەکەی گوند خراپە و جیوەی تێدایە. خەڵکی گوند لە منداڵییەوە پێیەوە ڕاهاتوون؛ بۆ ئێوە سەممە. ئاوی گەرمی چەمەکەمان دێنا دەمانکوڵاند و ساردمان دەکردەوە. بەڵام چاری مێشوولە نەدەکرا.

قەرار درا بار بکەین بۆ گوندی «سوورەبان» کە هەشت ماڵە و لە «وەڵزێ» جوێ بۆتەوە. چەند ڕۆژێک لە گوندی «قەسرێ» مامەوە تا جێگەی چاپخانەمان پەیدا کرد و ڕێکمان خست. لە هاتوچۆی نێوان قەسرێ و لێوژە، جارێک لە ڕێگە لە برسان هێزم نەما. لام دا ناو پۆلە سپیندارێک، ڕاکشام. قشقەڵەی سەگباب قرەقڕ لە دەورەم، زۆری تووڕە کردم. دەمانچەم لێ هەڵکێشا، دوو دەمانچەم پێوە نا. هەر چەند دە میتریش دوور نەبوو، تازە بە تەقەوە فڕی! دیار بوو زۆر ئەنگێوەی چاکم! ڕاکشامەوە. پاش تاوێک خرمە و تەپەی پیادە و سوار هات. هەرام کرد: برسیمە!، دەنگی پلە هات، گوتی:

- ئەوە هەژاری قەلەندەرە! دادەی بیگەنێ!

## داوای ئێران لە بارزانی و کەوتنە خەتەری ئێمە ئێرانییەکان

لەوەتا دەگەڵ ئێران نێوان خۆش ببوو، حاڵی ئێمە ئێرانییەکان کەوتبووە خەتەرەوە. دەوڵەت داوای لە مەلا مستەفا دەکرد کە ئێمەی تەسلیم کاتەوە. مەلا مستەفا حاشای دەکرد کە ئەوانە لای من نیین. تەنانەت شەوێک چوومە لای «حاجی ئۆمەران» بارزانی ببینم. لە کۆڵان تووشم هات، گوتی: زوو برۆ! ئێستا کێشەی تۆ بوو. ئێرانی دەڵێن لای تۆیە و دوژمنی دەوڵەتی شاهەنشاهییە. ئەگەر تۆ دۆستمانی، دەبێ بماندەیەوە. من گوتوومە لە کوێ دەژی . خولاسە وەک چاوئێشەدار لێمان دەگەڕان. بەتایبەتی داوای ئەحمەد تەوفیقیان لێ دەکرد کە ڕەئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و هەمیشە پێشمەرگەی بەردەستی ئەو دەچنە ئێران و تەقە لە سەرباز و پۆلیس دەکەن و کەڵەگایی لە ئێران دەکەن؛ دەبێ هەر بماندەنەوە. کە یەکجار زۆریان زۆری هێنابوو، بارزانی ناچار ئەحمەدی بەڕێ کرد بۆ سنووری تورکیە لە گوندی «کانی ماسی» لە «بروادی باڵا» بمێنێتەوە و لە سەر سنووری ئێران دوور کەوێنتەوە. کە وەک دەڵێن نە شیش بسووتێ نە کەباب. ئەحمەد هەرچەند بەو دوور خستنەوەیە لە چالاکی و حیزبایەتی دژی ئێرانی داگیرکەری کوردستان دەکەوت، ناچار ملی دا و دەگەڵ چەند هەواڵێکی ئێرانی باری کرد و لێم دوور کەوتەوە. ئەحمەد بەڕاستی شێری میسری بوو؛ دە کالان نەدەوەستا. بەڵام چ دەکەی؟ فەرمانی بارزانییە و وای بە مەسڵەحەت زانیوە. ئەگەر لێکیش دوور کەوتبووینەوە، نامەی دۆستانەمان بۆ یەکتر دەنارد و لە بەرامبەر دەدەدڵێیەکانی دڵداریم دەداوە کە سەبر بکا، بەڵکوو ئەوە خوایە ئەم گیروگرفتە بە سەر بچێ و بە خۆشی تووشی یەکتر بینەوە. لەو سنوورە دوورەش کە دەستی لە ئێران کۆتا کرابوو، لە کاروباری بەفایدە نەوێستابوو. سەرەڕای دەرس بە پێشمەرگە گوتن و سەواد فێر کردنیان، دوو باغی بەجێماو لە جاشانی زیندوو کردبۆوە. ڕاستی باغدارێکی زۆر بە سەلیقەش بوو؛ کە من نەمدەزانی. چەند جارێک سێو و میوەی باغەکەی بۆ ناردم؛ دەبوو هەر بێیە سەیریان.

کوردێکی سابڵاغی بە ناوی «سدیق ئەنجیری» ماوەیەک بوو لە تارانەوە هاتبووە «دەربەند» لە «باڵەکایەتی». هەووەڵ جار لە شاری قەڵادزەم دیت. دوایی لە دەربەند چەند جارێکم دەدیت. تاریفی خوێندەواری و زانایییان دەکرد. پیاوێکی هێدی و هێمن و لەسەرخۆ بوو. لەو سەردەمانەدا کە ئەحمەد دوور خرابۆوە بۆ سنووری تورکیە و ئێمە لە «لێوژە»بووین، دەگەڵ سەعید ناوێک- کە بە چاوێک بوو- بوونە میوانی بنکەکەمان؛ پازدە ڕۆژ مانەوە. ڕۆژانە خۆی و سەعید دەچوونە دەری دێ، بۆ جەمی نیوەڕۆ و شەو دەهاتنەوە و تەواو هۆگری سدیق بووین.

چەند جارێک لە مەکتەبی سیاسییەوە- کە زۆرمان لێ نزیک بوو- خەبەریان داینێ کە ئێرانی ناوی ئەویان پرسیوە؛ با لەو نزیکە نەمێنێ. سامی و من حاشامان کرد و جوابمان نەدانەوە. ڕۆژێک دەبوایە دوو ڕۆژنامەنووس و فیلمبەرداری ئەڵمانی بێنە لامان لە لیۆژە. کاک سامی بە سدیقی گوت: ئەمڕۆ مەچنە ئەو سەکۆیەی ناو دارانە کە هەموو ڕۆژ لەوێ دادەنیشن؛ چونکە نازانین کێ دەگەڵ ئەو ئاڵمانییانە دێ. لەوانەیە جاسووسی ئێرانی ڕەگەڵیان کەوتبێ. سدیق لەو قسە ناڕەحەت بوو؛ گوتی: دیارە دەتەوێ ڕام نەگری! ئیتر بێ خواحافیزی کردن دەگەڵ سەعیدە کوێر ڕۆیشتن. چووبوونە جێگەی ڕادیۆ لە «گردێم» ؛ ببوونە میوانی خالیداغای حیسامی. گوتبووی هێلکەم هەیە چۆنی دروست کەین! سدیق گوتبووی: دەچم لەو دەم چەمە پنگە دێنم، کووکی دروست دەکەین. ئیتر ئەو ڕۆینە بوو، نەهاتەوە و بێ سەروشوێن چوو؛ کەس خەبەری نەزانی. سدیق زۆر جار سەفەری دەکرد و بە هەواڵانی خۆی نەدەگوت بۆ کوێ دەچم. هەموو کەسێ کە دەیناسی لای وا بوو عەقڵی بڕیویە چۆتەوە ئێران و تاران بۆ لای هەواڵانی تووده‌یی خۆی. پاش ماوەیەکی زۆر، باوکی سدیق لە قەسرێ هاتە لای مەلا مستەفا، باسی کوڕەکەی کرد کە لەم ناوە شرتوگوم کراوە. بارزانیی گوتی: هیچ وەخت کوڕی تۆم نەدیوە و ناشزانم کێ دەڵێی. تاقیق دەکەم، تۆش بپرسە بەڵکوو شتێکی لە چارەنووسی بزانی. ئێستاش کە نەیزانی سدیق ئەنجیری چی بە سەر هات.

لە کتێبی: چێشتی مجێور

بەرهەمی: هەژار (١٩٩١ - ١٩٢١)



سەرچاوە
Serchawe

# چەند سەرنجێک لە سەر "چێشتی مجێور"ی هەژار موکریانی



مەلا ڕەسووڵی پێشنماز

لەم دواییانەدا کتێبی "چێشتی مجێور"ی کاک هەژارم دەست کەوت دوای خوێندنەوە بە پێویستم زانی لە سەر ئەو بەشانە کە خۆم لە نزیکەوە ئاگاداریان بووم و بەشداریم تێدا کردوون،چەند خاڵێک بخەمە ڕوو.

هەرکەسێک کاک هەژار بناسێ و بەرهەمەکانی خوێندبێتەوە،دەزانێ کە ئەو ئینسانە لە ڕادەبەدەر خزمەتی بە فەرهەنگ و زمانی کوردی کردووە و لەو بوارانەشدا ئینسانێکی لێزان و ماندوویی نەناس بووە. هەژار هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافەوە دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کردووە و دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، هەتا هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول ئاوارە بووە و پاشان لە گەڵ بارزانی چۆتەوە ژێر سایە و سێبەری "حەمەڕەزاشا"ی گۆڕکراو.لەو ماوە دوور و درێژە دا کە لە وڵات تەرە بووە، هەزاران چەرمەسەری و ساردی و گەرمیی ڕۆژگاری چێشتووە و تووشی زۆر ئینسانی چاک و خراپ هاتووە و زۆر جاران بۆ ژەمە نانێک ڕوویان لێوەرگێڕاوە و دەرگایان لێ گاڵە داوە.لە تەواوی دەورانی ئاوارە بوونیدا سەری بۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کۆردستان شۆڕ نەکردووەتەوە و لە هەر جێگایەک هەلی بۆ هەڵکەوتبێ بە هۆنراوە و بە نووسراوە دەردی دڵی خۆی لە دژی داگیرکەران هەڵڕشتووە.

بەڵام هەژاریش وەک هەموو ئینسانەکان، سەرەڕای ئەو لێزانی و خۆڕاگریی و کۆڵنەدان و لێهاتووییە، قابیلی هەڵە و ئیشتیبا و ناڕاستییە. کاک هەژار چێشتی مجێوری وەک حیکایەتێک بۆ "خانی" کوڕی گێڕاوەتەوە و گۆیا داوای کردووە هەتا دوای مردنی بڵاوی نەکەنەوە. دیارە بۆخۆشی باشی زانیوە چی چاندووە بۆیە تا خۆی ماوە بڵاوی نەکردووەتەوە. ناوی

کتێبەکەشی کە ناوە چێشتی مجێور، ئیتر زۆر لە گەڵ ناوەرۆکەکەی یەک دەگرنەوە، چونکە چێشتی مجێور هەم شتی زۆر بە تامی تێدایە و هەم شتی زۆر بێتام کە بەرماوی کاسە سفرەی هەموو ماڵەکانە کە بۆ مجێور دەمێننەوە.

بۆ ڕوونبوونەوەی خوێنەوەرانی بەرێز،ئەمن لە گەڵ کاک هەژار نەک هەر قەت چکۆلەترین ناکۆکیم نەبووە، بەڵکە یەکجار زۆریش دۆست بووین و هەوێنی نیشتمانپەروەریم لە نووسراوەکانی ئەو و هێمن ڕا سەچاوەی گرتووە و بەشی هەرە زۆری هۆنراوەکانی ئەوانم لە بەر بووە. بۆ نموونە (بەرەو موکریان)ی هەژار کەئینقلابی لە نێو شاعیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا پێکهێنا یەک لەوانەیە. کە وابوو ڕوونکردنەوەی من لە سەر ئەو خاڵانەی باسیان دەکەم تەنیا و تەنیا بۆ ئەوەیە کە ڕاستییەکان بکەونە ڕوو. ئینسانەکان چۆنن ئاوا بناسرێن بە تایبەت ئەو بەشانەی کە ڕوویان دە شەهید "سولەیمانی موعینی" ناسراو بە فایق ئەمینە لە جووڵانەوەی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ (٦٨ - ١٩٦٧) خۆزیا کاک هەژار، پێش مردنی خۆی ئەو کتێبەی بڵاو کردبایەوە و ئەو نووسراوەیەی منی بدیبایە بۆ ئەوەی زانرابا وەلامی دە بەرانبەر ڕاستییەکانی من و ناڕاستییەکانی خۆیدا چۆن دەبوو؟ بۆ ئەوەی نەبووبا بە "درۆی" پاش مردوو و، زۆر لە کەسی گوێ لە مست و کوڕی ڕۆژیش بۆیان نەبووبا بە مەسەلە. بە داخەوە ئێمەی کورد، لە کۆنەوە هەر وامان کردووە، هەرچی ڕەهبەر و بەرپرس و نووسەر و شاعیر بوون، هەر بە سەروگوێلاکماندا هەڵاگوتوون و بە چاکە و خراپەیان هەر دڵخۆش بووین و هێندەمان ئۆباڵ بۆ کێشاون، یەکدانەشیان نە هەڵەکانیان دەبینین و نە بەرلاقی خۆیان.ڕەنگە ئی واش هەبن لۆمە لەو نووسراوەیە بگرن و بڵێن هەژاری موکریانی و فلانە کەس کوجا مەڕحەبا و چی بە سەر چییەوە و چۆن جورئەتی کردووە دەگژ ئەو کابرا شاعیر و ئەدیب و نووسەرە گەورەیە ڕۆ بچێ؟

ئەوجار ئەمن ڕوو لە خاوەن نەزەران و ئینسانی ئاگا و خوێنەرەوانی بەرێز دەکەم و دەڵێم ئەمنێکی کە ساڵەهای ساڵ لە گەڵ هەر دووک ئەو برادەرانە ژیاوم و وەک ڕۆژی ڕوون لێم عەیانە کە ئەوەی هەژار لە سەر شەهید سولەیمانی موعینی و چەند کەسێکی دیکە نووسیویە وانییە و تەنیا و تەنیا بۆ خۆ شیرن کردن لای بارزانی ئەوەی کردووە! دەنا هیچ کوردێکی سیاسی و شۆڕشگێڕ نییە نەزانێ کە سولەیمانی موعینی بە ناهەق و بە بێ هیچ سووچ و تاوانێک گیراوە و بەئەسیری کووژراوە و تەرمەکەی دراوەتەوە بە دوژمنی کورد و کوردستان کە ڕێژیمی "شا"ی تیهەڵدراو بووە. هەر ئەو "شا"یەش پاش ماوەیەکی کەم پاداشی خزمەتەکەی دانەوە و تووشی ئاشبەتاڵ و هەرەسهێنانی کردن.

هەژار لە لاپەڕەی ٤٩١ی چێشتی مجێور دا دەنووسێ:

"لە پاش ڕۆیشتنی "ئەحمەد تۆفیق" بۆ سنووری تورکیە، "سولەیمانی موعینی" خۆی کردە جێ نشینی لە حیزبی دێمۆکڕاتی

کوردستانی ئێران دا. ڕەنگە ئەوانەی زۆری دەگەڵ ژیاون چاکتری بناسن.بەڵام هیچ وەبەر دڵی من نەدەکەوت. دەیانگوت داوێن پیسە، دەیانگوت فەرقی گیرفانی خۆی و هەواڵانی لە بەرە، دەیانگوت ترسەنۆکە... کە من هەر دەمبیست و خۆم وەک پێویستە نەمدەناسی. هەر هێندە بوو مەرحەبا و چاک و خۆشیمان پێکەوە هەبو،چونکە من کارم بە سەر کاری ئێرانیەکانەوە نەبو، بەڵام وەک دۆست و برادەر خۆشم دەویستن. دەم بیستەوە کەموعینی و هەواڵانی پێشمەرگەی دەچنەوە ئێران و چالاکی دەنوێنن. موعینی برایەکی لە خۆی بچوکتری هەبوو بە ناوی "عەبدوڵا"، کوڕی پەسند و ڕەند ئەو بو، بەڕاستی زۆر پیاوێکی بە قیمەت بو. کە بە داخەوە لە نێو گەورکان دەگەڵ " مینە شەم"- کە ئەویش ماڵم هەقە پاڵەوانێک بو - شەهید کرا."

ئەو نەزەرانە لە سەر کاک سولەیمانی شەهید بۆ نموونە یەکدانەشیان ڕاست نییە و لە بوغز و کینە و خۆشیرن کردن بەولاوە چی تری تێدا نییە. چونکە کاک سولەیمان خۆی نەکردووەتە جێنیشینی ئەحمەد تۆفیق،بەڵکە هەر لە کۆنگرەی دووهەمەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەعەمەلدا نەفەری دووهەمی حیزب بووە.باسی داوێن پیسی و پووڵ پەرستی و ترسەنۆکی دەکا.کەسێکی هەژاری لە نیزیکەوە نەناسیبێ ڕەنگە وا بیر بکاتەوە لەوبارانەوە بێچووە مەلائیکە بووە. ئەوانەی ماون و لەگەڵ ئێمە بوون دەزانن من و کاک سولەیمان یەکجار زۆرمان یەکتر خۆشدەویست و بەشی هەرە زۆری ئەو چەند ساڵەش هەتا پێش شەهید بوونی هەر بە یەکەوە بووین و لە تەواوی سەفەرەکانی کە بۆ وڵات کردوومانە، لێک دانەبڕاوین و شەوانەش چ لە ئاوەدانیان و چ لە چۆلیان لە نیزیک یەک نووستووین، قەتم عەمەلێکی وا پێوە نەدیوە دوور بێ لە ئەخلاقی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە.

بۆ مەسەلەی گیرفان و فەرق و جیاوازی لە گەڵ هەواڵەکانی،ئێمە ئەو کات هیچمان گیرفانێکمان نەبوو تا فەرق و جیاوازی تێدا هەبێ،ماڵم هەقە لەو بارانەشەوە سولەیمانی موعینی پووڵ و کای لە لا وەک یەک بوو، تەنانەت لە سەر ئەو مەسەلانە لە گەڵ بابی خۆشی نێوانی زۆر خۆش نەبوو.

لە سەر ترسەنۆکی، ئەگەر ئەو ئینسانە وەکی هەژار دەڵێ ئاوا با، چۆن بوو لێکدا لێکدا سەفەری وڵاتی دەکردەوە و دوو مانگ و سێ مانگ دە زەمانی "شا"ی دا بەو هەموو ژاندارم و پاسگا و دەسەڵاتەوە، لە ناوچەکانی سەردەشت و پیرانشار و مەهاباد و بۆکان دەخولایەوە و پیتاکی بۆ شۆڕشی ئەیلوول و بارزانییەکان کۆ دەکردەوە و تەشکیلات و حەوزە و شانەی بۆ حیزبی دێمۆکرات پێک دێنا؟ چۆنە ئێمە کە لە گەڵی بووین هەستمان پێ نەکردووە، بەڵام هەژار لە بەغدا ڕا زانیویە کە سولەیمانی موعینی ترسەنۆکە!

دەڵێ: برایەکی چکۆڵەی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کوڕی پەسند و ڕەند ئەو بوو.پێموایە ئەوەشی هەر بۆ عەوامفریوی نووسیوە. دەنا هەمووکەس کە ئەو دوو برایەی ناسیبێ دەزانێ کە عەبدوڵا گەنج و تازە پێگەیشتوو بوو، ڕەنگە ئەگەر پازدە بیست ساڵێکی دیکە مابا توانیبای نیو هێندەی کاک سولەیمان کارامە و لێزان و کارکوشتە بێ.چونکە سولەیمانی شەهید هەر لە دوای تەمەنی پازدە شازدە ساڵییەوە دەکاری سیاسی و تەشکیلاتی وەردرابوو و هەتا شەهید بوونی، لەوماوەیەشدا زۆر جار تووشی زیندان و لێدان و ئاوارە بوون و خۆ پەنادان لە تاران و تەورێز و ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان ببوو.کە وابوو قاڵبووی مەیدانی تاقیکردنەوە بوو کەلەگەڵ عەبدوڵای گەنجی بێ ئەزموون فەرقی یەکجار زۆر بوو. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە ئەمن بمهەوێ لە قارەمانەتی و فیداکاریی کاک عەبدوڵا کەم کەمەوە. مەبەستی من بۆچوون و لێکدانەوەی ناڕاستی هەژارە لە سەر ئەو جووتە برا شەهیدە.لەگەڵ ئەوەی کاک عەبدوڵا بە دەستی ژاندارمی ئێرانی و جاشە خۆماڵییەکان شەهید کراوە و خانەی موعینی برای بە دەست ڕێژیمی بەعسی عێراق،کەچی داخی سولەیمانی موعینی لە هەمووان بە ئێشتر و جەرگبڕترە، چونکە بە دەستی کەسێک شەهید کراوە کە ئەو، ئەوانی لە هەموو کەسوکار و دۆستانی خۆی خۆشتر دەویست.ئەگەر بە زۆری و بە دەسیسەی سیخوڕەکانی سەر بە ساواکی ئێران دەناو شۆڕشدا دەریان نەپەڕاندبا قەت ئەو کارەی نەدەکرد و لە زۆربەی ئەو کەسانەش دڵسۆزتر بوو بۆ کورد و کوردستان کە لە سەر حیسابی خەڵک لای بارزانی خۆیان بە شۆڕشگێڕ و دڵسۆز دەزانی.

**هەژار، لە لاپەڕەی ٤٩٢ دا سەبارەت بە چاوپێکەوتنی خۆی لە گەڵ سولەیمانی موعینی کە گۆیا داوای لە هەژار کردووە ببێتە ڕەئیسیان،ئاوا دەنووسێ:**

"- کاک فایق تۆ لەو سەفەرانەی کە بۆ کوردستانی ئێرانت کردوە، تەقەتان لە دێی (شێلم جاڕان) کردوە و منداڵتان کوشتوە؟ حاجیەکت گرتوە،تا چوارهەزار تمەنت لێ نەستاندوە بەرت نەداوە و دارکاریت کردوە؟ گیشەی وەرزێرانت سوتاندوە چونکە پوووڵیان نەداویەی؟ ڕادیۆت لە پشت بەرد شاردۆتەوە و ئانتێلەکەت بڵند کردوە، وات نیشان داوە کە بە بێسیم قسە دەگەڵ بارزانی دەکەی و گوتوتە: "قوربان! حاجی فلان هەر پێنج هەزار تمەن دەدا،لێی وەرگرین؟ بەڵێ باشە، خوا ڕاوەستاوت کا، دەستت ماچ دەکا؟!". ئەو کارانەت کردوە یان نا؟ نابێ درۆم دەگەڵ بکەی... گوتی: بەڵێ هەموم کردون، بەڵام لەوە بەولاوە لە قسەی تۆ دەرناچین.

* کاک فایق با قسەکەت تەرجەمە کەم: تۆ دەفەرموی من بوشکەیەکی پڕ لە پیساییم، بۆنی دەرچوە، هەژار وەرە بتکەمە سەرپۆشێکی بێ کەلێن، ئەو بۆگەنە داپۆشە. برام نە چاوم لە گەورەیی و سەرۆکی یە، نە ئەو کارانەشم بە دڵە. ئێمە لە باتی دڵسۆزی بۆ میللەتەکەمان ببینە چەتە و ڕێگر و باج ئەستێن لە سەریان،پێم بە کارێکی بە ناموسانە نیە.خۆت

چۆنت ڕابواردوە حیساب بۆ من مەکە،کارم بە کاری کوردستانی ئێران نەداوە."

لێرەشدا کە گۆیا سولەیمانی موعینی چووبێت داوای لێ کردبێ بۆ ئەوەی هەژار ببێتە سەرۆکی ئێمە وا نییە. چونکە ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی ئێران باوەڕمان بە ڕابەرایەتی دەستەچەمعی بووە و هەمیشە لە کۆمیتەی ناوەندی سکرتێری حیزب هەڵبژێردراوە. ئەوەندەی دەزانم کە چەند جار داوامان لە کاک هەژار کردووە وەک ئەندامی حیزب کارمان لەگەڵ بکا و ئەگەر کردباشی شکم نییە دەبوو بەئەندامی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، بەڵام نە کاک سولەیمان مولاقاتی وای لە گەڵ هەژار کردووە و نە ئەو پێشمەگانە چەتەیی و ڕێگرییان کردووە؛ نە گیشە گیا سووتێندراوە و نە لە (شێلم جاڕان) تەقە کراوە و نە منداڵێش کوژراوە... ئەوانە هەموو بوختان و درۆی پاش مردووانن.

بە تایبەتی ئەوەی کە گۆیا سولەیمانی موعینی ئانتێلی ڕادیۆی بڵیند کردبێ و وای گەیاندبێ کە گۆیا بە بێسیم قسە لە گەڵ بارزانی دەکا، ئیتر ئەوە هەر بە ئاشکرا دەست بادانە.چونکە لەو سەفەرە دا،ئێمە پێنج کەس بووین: کاک سولەیمان،شەهید مینە شەم، عەبدول نەستانی، کەریم نەستانی و من، کە لەو پێنج کەسە حاڵی حازر ٣ نەفەرمان ماوین و هەر سێکیشمان لە وڵاتی سوێد دەژین. تەواوی یارمەتییەکی کە لەو سەفەرەمان کۆ کردووەتەوە،لەڕێگای شەهید ئەحمەد تۆفیق (سەید عەبدوڵای ئیسحاقی) یەوە بە بارزانییەکان گەیون،بە بۆچوونی من، هەژار ئەو قسانەی هەموو بۆ ئەوە ساز کردووە کە وابنوێنێ سولەیمانی موعینی کە لە لایەن بارەگای بارزانییەوە شەهید کراوە و داویانەتەوە بە ئێران،ئینسانێکی دژی بارزانی و شۆڕشەکەی بووە و ئەوان هەقیان بووە کە کووشتوویانە.دە حاڵێکدا بۆخۆیان بۆیان ڕوون بۆتەوە کارێکی خراپ و هەڵەیەکی مێژووییان کردووە و هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نییە کە سولەیمانی موعینی و هاواڵەکانی چکۆڵەترین هەڵەیەکی دژی شۆڕش و بارزانیان کرد بێ. ئەوەش بە جێگای خۆی،

"مونتەقیمی قازی" چی کردبوو، لە گەڵاڵە و لە بن دەستی بارەگای بارزانی درایەوە بە ڕێژیمی شا؛ "مەلا ڕەحیمی وێردی" چی کردبوو، عەبدولوەهابی ئەترووشی خۆفرۆش کوشتی و تەحویلی ئێرانی دایەوە؛ "خاڵە ئەسکەندەری هەورامی" و پێنج هاواڵەکانی چیان کردبوو، تەسلیمی ئێرانیان کردنەوە؟ مەگەر " ساڵح لاجانی" و ڕەفیقەکانی خۆیان تەسلیمی شۆڕش نەکردەوە، کەچی بە بۆچوونی من هەژار بە هێنانە گۆڕی ئەو باسانە هەم شەخسییەتی خۆی هێناوەتە ژێر پرسیارەوە و هەم دەردی سەریی زیاتری بۆ پارتی و بارەگای بارزانی دروست کردووە. هەر بۆیەش داوای کردووە پاش خۆی چێشتی مجێور بڵاو بکرێتەوە.

کاک هەژار دەڵێ کە "جەماعەتی ساڵح لاجانییان هێنا تەحویلیان بدەنەوە. دایک و بابی "عومەر حەوتەوانە" خۆیان دەکن

هاویشتم و پاڕانەوە کە کوڕەکەیان ڕزگار کەم، چووم داوام لە بارزانی کرد و پێش درانەویان عومەریان بەرهەڵدا کرد بوو و گوتبوویان ڕای کردوە".

بە ڕاستی شت ئاوا نەڕەنگێ و هەڵنەبەسترێ تامی نابێ. ئەدی بۆچی ناڵێ عومەر جاسووسی خۆیان بوو ناردبوویانە ناو ئەوان بۆخەبەرچینی و جاسووسی. باشە ئەگەر ڕاست دەکا و هێندە قسەی لای بارزانی ڕۆیوە بۆ کارێکی وای نەکرد سولەیمان و ساڵح لاجانی و ئەوانی دیکەش لە کوشتن و تەحویل درانەوە بە ئێران ڕزگار بکا.

## لە لاپەڕەی ٤٩٤ دا دەنووسێ:

" بیستمەوە کەدوای ئەوەی لە بارزانی و شۆڕشەکەی ناهومێد بوون، ویستویانە بۆ خۆیان لە ئێران کارێک بکەن.

"حەمەدەمینی سراجی" لە هەموان دڵ گەرمتر بوە کە دەبێ هەر بچین. شەوێک لە دۆڵە ڕەقەوە ڕۆیشتون و حەمەدەمین تا سەر سنور دەگەڵیان بوە، گوتویە برا وا باشە ئەمن بچم دەگەڵ دەوڵەتی عیراق قسە بکەم و چەک و ئەسپابتان بۆ وەربگرم،خۆی لێ دزیونەوە و خۆی گەیاندۆتە بەدایە و ماتەی هەڵ گرتوە."

لە قەدیمەوە بیستوومە کە دەیانگوت درۆی شاخدارە بەڕاستی بەوە دەڵێن.زۆرم پێ سەیرە و بۆم ناچێتەوە سەر یەک کە ئەو ئینسانە مەبەستی چ بووە؟ ئاوا لە دژی جوولانەوەی ٤٧ - ١٣٤٦ شتی نارەوا و دوور لە ڕاستی کۆکاتەوە، دە حاڵێکدا ئەو جوولانەوەیە ئەو هەموو شەهیدە بەنرخانەی داوە و، تەواوی تاوانەکانیشی لە ئەستۆی بەڕێوەبەرانی پارتی و سەرکردەکەی بووە.

## ڕاستی ڕووداو چۆن بوو؟

دوای ڕاونانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە لایەن بارزانییەوە و دوای کۆنگرەی دووهەمی حیزب،بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی بەرە بەرە لە حکوومەتی ئێران نیزیک بوونەوە و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ قافییەیان بە ئێمە تەنگتر دەکردەوە.هەر ڕۆژ بڕوبیانوویەکیان پێ دەگرتین. "کاک ئەحمەد تۆفیق" یان دەرپەڕاند بۆ "کانی ماسی" لای سنووری تورکییە و ئێمەیان لە سنوورەکانی "سونێ" و "زینوی شێخی" داپەڕاندە خوارێ، کاک سولەیمانی موعینی و هێندێک لە برادەرانیان ناردە "دۆڵە ڕەقە" و "دێرێ". تەنیا چەند کەسێک نەبێ کە خۆیان وە پارتی هەڵاوەسیبوو،یەک تۆزقاڵ باوەریان بە فەعالییەت و

تەنزیماتی حیزبی دێمۆکڕات نەبوو،بە دایم تەبلیغاتیان ئەوە بوو کە ئێمە دەبێ ڕاوەستین و دەست لە سەر دەست دانێین هەتا شۆڕشی کوردستانی گەرمێن سەر دەکەوێ.

سەرەڕای ئەوەش کە ئێمە لە دڵەوە هەموو خزمەتێکی شۆڕشمان دەکرد و هەر سەفەرێکمان بۆ وڵات کردباوە لە یارمەتی ماڵی ڕاهەتا خەنجەر و دووربینی باش و جۆرەها شتی دیکەمان تەحویلی پارتی و بارزانییەکان دەدا. لە کاتی پێویست دا دەچووینە جەبهە و هەرچی لە دەستمان هاتبا دەمانکرد. کەچی وردە وردە ئێران نفووزی دەنێو دا کردن و زۆر بەرپرسی وەک فەتاح ئاغا و عەبدولوەهاب ئەترووشی و مام وسوو و مەلۆ وشێخ محەمەدی هەرسینی کاریان بۆ دەکردن. لە هەموو لا ڕا لە ئێمە وەخۆکەوتن و بوو بە ڕاوە کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت ئەوانەی لە چالاکی حیزبی دێمۆکڕات دەوری سەرەکییان هەبوو. دوای کوشتنی "سەدیقی ئەنجیری" بە دەست برازای ئەحمەد تۆفیق بە ناوی "حەسەنی ئیسحاقی"، کە کاک هەژار زۆری تاریف لێدەکا و لە تاران و لە کەرەج یش بە دایم تێکەڵاوی بووە و درانەوەی "مونتەقیمی قازی" بە ئێران، بوو بەهەرا و شایعە کە بارزانی وەعدی بە "شا" داوە کە کوردەکانی ئێرانی تەحویل بداتەوە بە سازمانی ئەمنییەتی ئێران (ساواک) دە موقابیل دا یارمەتی مادی و هەموو کەرەسەیەکی شەڕ دا.لەو دەمەشدا مەکتەبی سیاسی داوای لە کاک سولەیمان کردبوو کە گۆیا کاریان پێیەتی.ئەویش بە خۆی و بە برادەرانییەوە گەڕابووەوە سەر سنوور و، لە پشتی "ئاڵواتان" ڕا نامەیەکی بۆ من نووسی کە ئەو دەم ماڵم لە گوندی "هێرۆ"ی پژدەر بوو.لە نامەکەیدا نووسیبووی کە خۆتان لە تەحویل درانەوە بە ئێران بپارێزن و بۆ ماوەیەک خۆتان پەنا بدەن (نامەکە ئێستا لای من هەیە).

ئەو کات کاک "مینەی سیراجی" و شەهید "سمایلی شەریفزادە" و "سالاری حەیدەری" لە پشت ماڵەکانی سونێ لە جێگایەک بە ناوی گەڵوەرەز دەژیان کە شەهید " مەلا ئاوارە"ش بۆ ماوەیەک لایان بوو. بە دوای نامەی کاک سولەیماندا چووم بۆ ئەوێ و شەو نیزیک ١٥ نەفەرێک کۆ بووینەوە و بڕیارمان دا نامەیەکی دەستەجەمعی بۆ بارزانی بنووسین و داوای لێ بکەین کە دەست لە ڕاونان و تەحویلدانەوەمان هەڵگرن و ئێمە تا بستێک کوردستانی ڕزگارکراو هەبێ لە گەڵ ئێوە دەبین و هیچ کردەوەیەکی دژی ئێوەمان نەکردووە و نایکەین. کاک سولەیمانی موعینی و هاواڵەکانیشی ئەوە لە لای ئاڵیە مەڕان وئاڵواتان چاوەڕوانی ئەوەن کە لە لایەن ئێوەوە ئەمریان پێ بکرێ بۆ گەڕانەوە.

هەر لەو کۆبوونەوە دا بڕیار درا من و مەلا ئاوارە و سالاری حەیدەری بە نوێنەرایەتی برادەران بچین بۆ لای کاک سولەیمان و برادەران و داوایان لێبکەین نەچنەوە قووڵایی وڵات و لەو ناوە خۆیان ڕاگرن هەتا وەلامی بارەگای بارزانی بۆ ئێمە دێتەوە. ئەوانیش عەینی نەزەری ئێمەیان هەبوو، بە تایبەتی کاک سولەیمانی موعینی.ئەوانەی لە هەمووان گەرم وگوڕتر بوون بۆ مانەوە و شەڕ کردن لە ئێراندا عەبدوڵای موعینی و مینە شەم و هەڵمەت بوون.

بە دوای گەڕانەوەی مەلا ئاوارە و سالاری حەیدەری و مانەوەی من لە گەڵ برادەران، دوای حەوت ڕۆژ شەڕی (سپی سەنگ) مان بە سەر دا سەپا کە یەکەم تێکهەڵچوونی ئێمە بوو لە گەڵ ڕێژیم.لەو شەڕە دا عەبدوڵای موعینی لە پەنای من بریندار بوو،بە هۆی ئەوەی کە نە پێوەندیمان بە دەوڵەتی عێراقەوە هەبوو و نە بە مەکتەبی سیاسی ئەو دەم (مامۆستا برایم و مام جەلال و باقی برادەران) کە دەناو حکوومەتی عێراقدا بوون،من عەبدوڵام بە برینداری هێناوە بۆ قەڵادزە و لەوێ لە چنگ " حەسۆ میرخانی ژاژەڵەیی"م قوتار کرد و فڕاندم بۆ (داری کەلی) بۆ ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی ڕەحمەتی کەهەتا هەم مرۆڤایەتی و ئینسانییەت و دڵسۆزی ئەو گەورە پیاوەم لە بیر ناچێ و لە گەڵ ئەوەی لە حەوت ئاسمانان ئەستێرەیەکمان شک نەدەبرد بۆ ماوەی دوو مانگ لە ماڵە خۆی لە داریکەلی و سیتەک خزمەتی کردین و دوکتوری تایبەتی هێنایە سەر. تا عەبدوڵا چاک بۆوە.شێخ لەتیف بە دایم دەیگوت هەر چەندە برادەرتان هەن و دە مەترسی ئەو ناپیاوانە دان بیانهێنن بۆ ئێرە من دەیانپارێزم و پیاو نییە خۆیان تێبگەیێنێ.

ئێمە لەو ماوەیە دا کە لە ماڵی شێخ لەتیف بووین، لە ناوچەی قەڵادزە و تەواوی شوێنەکانی دیکە ڕا، دووبارە شاڵاو بۆ سەر برادەرانمان دەست پێدەکاتەوە کە هێندێک وەک کاک مینەی سیراجی و شەهید شەریفزادە و... هەڵدێن و خۆ دەگەیێننەوە هاواڵان و، هێندێکی دیکەش وەک " سەننار مامەدی" و "سالاری حەیدەری" و ... خۆیان تەحویل دەدەنەوە.

دوای حەوت - هەشت مانگ مانەوە لە وڵات کاک سولەیمان و کاک مینە گەڕانەوە بۆ ئەوەی هەم پێوەندی بە برادەرانی دەرەوە و ئەوانەی لە گەرمێن ماونەوە، بگرن و، هەم فکرێک بۆ حاڵ و وەزعی خۆیان بکەنەوە.بەدایم و لە هەموو ڕێگایەکەوەش، هەوڵی ئەوە دراوە و لێکدا لێکدا نامە بۆ بارزانی و مەکتەبی سیاسی نووسراوە کە ئەو برادەرانە ڕێگایان بدەن بگەڕێنەوە.... ئەوە کوێی دژی بارزانی و شۆڕشەکەی بووە؟ بۆ بە سەڕاحەت ڕاستییەکان ڕوو ناکەن و نالێن کە ئێمە بووین بووینە هۆی گرتن و کوشتن و لە بەین چوونی ئەو برادەرە کوردە بێ تاوانانە. چۆن هەژاری موکریانی لە ڕووی هەڵاتووە ئەو بوختان و تۆمەتانە هەڵبەستێ؟

لێرە دا پێویستە ئەوەش وەک نموونە باس بکەم. کاتێک من و شەهید عەبدوڵا لە ماڵی شێخ لەتیف بووین لە سیتەک،ڕۆژێک کاک شەفیق لایان و شەهید عەزیز ئەترووشی و شێخ محەممەد ناوێک بە خۆیان و هەشتا پێشمەرگەوە، میوانی شێخ بوون و لە باسەکاندا شێخ باسی کوردە ئێرانییەکانی هێنا گۆڕێ و گوتی بۆ شۆڕش و بارزانی زۆر ئیرادە وا لەو کوردە ئێرانییانەی حیزبی دێموکڕات دەکەن. شەفیق لایان لە وەڵامدا گوتی بۆخۆیان لێمان یاغی بوون و هەرچی دەکەین ناگەڕێنەوە و ئێرانمان لێ هاڵۆز دەکەن.شێخ ئیشارەی لای ئێمەی کرد و گوتی ئەو دوو برادەرە یەکیان مەلا ڕەسووڵی سابڵاغی و ئەندامی حیزب و وەکیلی سولەیمانی موعینی یە و، ئەوی تریشیان عەبدوڵای برایەتی و پەنایان بۆ

من هێناوە و دژی ئێوەش نین. هەر ئێستا ئێوە پێوەندی بە بارەگای بارزانییەوە بگرن مەلا ڕەسووڵ دەتوانێ لە ماوەی مانگێک هەمووان بگەڕێنێتەوە بەو شەرتەی جەنابی مەلا مستەفا خۆی وەعد بدا.

دوای وتوویژ لە گەڵ ئێمە کە ماڵم حەقە شەهید ئەترووشی و شێخ محەمەد کە هەر دووکیان ئامیر بەتالیۆن بوون زۆریان لایەنگیری کردین و خۆیان بە تاوانبار دەزانی،بڕیار درا لە سەر دەستی شێخ لەتیف من بچم بە شوێنیاندا و هەموویان بگەڕێنینەوە. ئەوان گوتیان لاسلکی لە (گەڕەدێ) یە و دوای حەوت ڕۆژ خەبەرەکە دەدەینەوە بە جەنابی شێخ لەتیف . خەبەرەکە بوو بە یەک مانگ و وەڵامەکەش ئەوە بوو کە شۆڕش تازە ڕێگا بە وانە نادا بگەڕێنەوە،چونکە لە بەر ئێران پێمان ڕاناگیرێن.ئیتر لە هەموو لا ڕا لە سەر سنوورەکان زۆر لە کاربەدەستانی شۆڕش بە هاوکاری ژاندارم و ساواکییەکان لێمان وەخۆ کەوتن و هەر لە سنووری حاجی ئۆمەران ڕا هەتا قەندیل و ناوچەی سەردەشت و لای شلێر و ناوخوان و حدوودی بانە دەگەڕان و تاقیبی ئێمەیان دەکرد. وەک بۆ خۆیان پاشان دەیان گێڕاوە لە زۆرجێگا و لە ناو خێوەت و ڕەشماڵەکانی سەرسنوورەکان، ژنان قسەی ناشیرن و جنێویان پێدابوون.

جا ئەگەر هەژار دەیهەوێ باسی ڕاپەڕینی ٤٧ - ١٣٤٦ ئاوا بگێڕێتەوە کە هیچی وا نییە،تەنیا بۆ خۆ شیرنکردن لای ئەو کەسانەی مەبەستێتی، کای کۆنی بە با کردووە! دەنا زیاتر لە پەنجا جاران وێکڕا ئەو باسانەمان کردووە و هەموو جاریش قەبووڵی بووە کە غەدرمان لێکراوە.زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کە نووسراوەی هەژار یەک جێگاشی لە سەر ڕووداوی ٤٧ - ١٣٤٦ ڕاست نییە و هەمووی پڕیەتی لە بوغز و قین و شتی بەراوەژوو. هەر لە لاپەڕەی ٤٩٤ دا دەنووسێ:

"لەم بەینانە دا کە ئەو برادەرە ئێرانیانە لە دژی ئێران خەبات دەکەن و لە شۆڕشی بارزانی تەکیونەوە و پێشمەرگەی شۆڕشی عێراق بە کارتێکدەریان دەزانن، ژن و کوڕی فایق موعینی لە سەنگەسەرە و لە ماڵی حەسۆ میرخانی ژاژەڵەییە. فایق چۆتە سولەیمانی،چاوی بە فەرماندەی ئەرتەشی پێنجەم کەوتوە،قەولی چەک و یارمەتی لێ ساندوە.چۆتە بەکرە جۆ لای جەلال تاڵەبانی کە چەکداری دەوڵەتن و دژی بارزانین. هاتۆتەوە شاری سولەیمانی، میوانی شێخ لەتیف بوە.نامەی بۆ حەسۆ میرخان نوسیوە کە: " ئێوە ژن و کوڕی منتان داگیر کردوە، کارێکی زۆر نامەردانەیە.ئەگەر نەتان گرتون،بیان نێرنە سیتەک،بۆ ماڵی شێخ لەتیف". ویستویە لە سنوری بانەوە بڕواتەوە دیوی ئێران،لە چوار ڕێ یانی سیتەک - چوارتا، جیپەکەیان ڕاگرتوە کە فایقی تێدایە. "سەدیق ئەفەندی"ناوێکی لە کۆنەوە پێشمەرگە و خەڵکی سولەیمانی، کە هەمومانی باش دەناسی دای دەبەزێنێ:

- کاک فایق کارم بە تۆیە.

فایق بە لیباسی فەقێ وە، بێ چەک دەڵێ من فایق نیم و ناوم مەلا قادرە.

- هەرچییەک بێ ڕەگەڵم کەوە.

ڕۆژێک کە بۆ کاری چاپچانە، کە ئەو دەم لە سورەبان بوین،چومە ماڵی بارزانی. گوتی:

- ئەگەر بتەوێ دەتوانی فایق موعینی ببینی و قسەی دەگەڵ بکەی،با هەرچی دەیزانێ دەربارەی قاید فیرقەی پێنج و جەلال و جاشەکانی بەکرەجۆ پێمان بڵێ،دەنا ئەوە ئێرانی داوای دەکەنەوە و لە خەتەر دایە.

چومە (وەسان). فایقم دیت کە دەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی "خەلیل شەوباش" لە ماڵێکی چۆل دا حەبس کرابو.دو چەکداری بارزانی لە دەرک و سەربان بون.پێکەوە دانیشتین،کاک فایق نەقڵی گیرانی خۆی و شەوباشی بۆ گێڕامەوە.کە گوتم ئەگەر هاوکاری دەگەڵ شۆڕشی بارزانی نەکەی،زۆر لە چارەنوست دەترسم،گوتی:" ئەوانە یاریدەمان نادەن،تەنانەت برینداریشمان بۆ دەرمان ناکەن،حازر نیم هیچ هاوکاریەک بکەم..."

گوتم:" کاکی خۆم، دەڵێن تەیری گۆشتخۆر دندوکی خوارە.تۆ پیاوی ئەو کارانە نەبوی،بەزۆر بە ملە خۆتدا هێنا و نەشت زانی چدەکەی. ئەگەر من بومایە لە جیاتی تۆ،کە دەمزانی دوژمنایەتی بارزانی دەکەم و بە وڵاتی بەردەستی ئەو دا دێم و دەچم، هەر بە شەو، بە بێ ڕێ،بە ناو دارستان دا سەفەرم دەکرد. هەمیشە چل تفەنگچییەکم دەگەڵ دەبو، لە سەر هەست و دەست لە سەر پەلەپیتکە.توشی هەر ڕێبوارێک دەبوم، نەم دەهێشت بڕوا و خەبەرم لێ بدا،دەم بەستەوە تا زۆر دور دەکەوتمەوە.بۆ چەند کیلۆمیتر لە پێشەوە ڕێگەیان بۆ تاقی دەکردمەوە و هەمیشە دەستەیەک لە دواوە دەیان پاراستم. لە کوێ دەنگ درابام دەمکردە تەقە و خۆم ڕزگار دەکرد.لێم ڕونە ئەحمەد تۆفیق لە جیاتی تۆ ئەمەی بکردایە،زۆر بە هاسانی پێکی دێنا و دەگیر نەدەکەوت. تۆ دەزانی "حەسۆ" شیری کەریشی خواردبێ، تێدەگا کە تۆ داوا دەکەی ژن و کوڕت بچنە (سیتەک)، مانای وایە خۆت لەو ناوەی و دەتەوێ بیان بینی. جوابت بۆ دەنوسێتەوە کە ژنی تۆ خوشکی منە و کوڕی تۆم لە کوڕی خۆم هەڵ ناواردوە،ئەوا بۆم ناردیە سیتەک. سدیق ئەفەندیت لە سەر ڕێگا دادەنێ کە باشت دەناسێ و دەت گرێ. تەنانەت دەمانچەیەکیشت پێ نیە دیفاع لە خۆت بکەی.چۆن کەسێک بە ئاشکرا دژی بارزانی بجوڵێتەوە و هەمو کەسیش بیناسن،دەچێ سواری جیپی مسافر بەری دەبێ و بە نێوەڕاستی جادە دا سەفەر دەکا و دەیەوێ بچێ بە چەک و ئەسپابی دوژمنانی بارزانی لە ئێران کار بکا و بە عەقیدەی بارزانی زیان لە شۆڕشەکەی ئەو بدا؟ زۆر بە داخەوە پیاوی ئەو کارە نەبوی،خۆزیا ئەحمەد تۆفیق با.زۆریش بۆ ئایندەت دڵ تەنگم، بەڵام دەستم ناڕوا،ئەوەندەی بتوانم حەولی خۆم دەدەم کە لە کوشتن ڕزگار بی".

لەو باسەی سەرەوەی هەژار دا،ئەگەر ئینسانی بێلایەن و خاوەن ویژدان و ڕاستگۆ لێی ورد ببنەوە بۆیان دەردەکەوێ

کەهیچی وا نییە. غەیری ئەوە نەبێ کە ئەو برادەرە یەکم شت،بۆ دیتنی برادەرانی دەرەوەی وڵات هاتووەتە ئەوێ و لە ڕێگای ئەوانەوە ویستوویە چارەیەک بۆ مەسەلەکە بدۆزنەوە و پشتیوان و یارمەتیدەرێک غەیری حکوومەتی عێراق بە هاو فکری هەموو لایەک بۆ خۆیان پەیدا کەن. دەنا ئەگەر کاک هەژار ڕاست ناکا و ڕەنگە لە قەبریشدا بۆخۆی ویژدانی ناڕەحەت بێ، کە ئەو هەموو شتە ناڕەوایانەی لە سەر ئەو برادەرە شەهیدانە نووسیوە. کە هەر لەوسەفەرە دا کاک سولەیمان دە داو کەوتووە نە هیچ پووڵێکی پێ بووە و نە ئەسلەحەیەک و، نە بەڵگە و مەداریکێک؛ ئەگەر شتێکی لەو بابەتانە دەگۆڕێدا بووە،چۆنە بەڕێوەبەرانی شۆڕش لانیکەم بۆ پاکانەی ئەو کارە چەوتەی خۆشیان بوویێ بڵاویان نەکردووەتەوە؟! نووسینەکانی هەژار لەو بارەوە وەک ئینسانی پەککەوتەی قوون تەندووران دەچێ، کوا زەمانی ئەوە ماوە فڵان کەس وای بۆ گێڕامەوە و فیسارە کەس وای گوت!

دووهەم شت، مەبەستی هاتنەوەی کاک سولەیمان بۆ شاری سولەیمانی ئەوە بوو بەڵکە بتوانێ ژن و کوڕی ی دەستبەسەرکراو و یەخسیری لە چنگی حەسۆ ڕزگار کا.ئەویش لە ڕێگای شێخ لەتیفەوە کە لە زۆر بارەوە بۆ کوردایەتی نەک هەر قسووری نەبوو بەڵکە لە زۆر لە گەورەپیاوەکانی ناو شۆڕشی ئەیلوول خزمەتگوزارتر و دڵسۆزتر بوو.

هەموو "تاوان"ی کاک سولەیمان لە نەزەر هەژارەوە ئەوەیە کە گۆیا لەو سەفەرە دا چاوی بە مام جەلال کەوتووە یان فەرماندەی ئەرتەشی پێنجی دیوە و قەولی چەک و یارمەتی لێوەرگرتوون. دیارە ئەوە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە. گریمان ئەوە ڕاست بێ! کوا ئەوە تاوانە؟ مەگەر تاقمی مەکتەبی سیاسی کۆن کە لە لایەن بارزانییەوە جارێک ڕەتێنرابوون بۆ هەمەدان (ئێران)، و دوای ئەوەی "شا" هەرچی بێ حورمەتی و نائینسانییەت بوو لە گەڵی کردبوون، بە ناچاری نەهاتنەوە ناو شۆڕش؟ ئەگەرچی زۆریش لە سەرکردەکانیان لە دۆڵە ڕەقە و لای هەباس ئاغا دانیشتن و خۆیان بێ ئیلاقە کرد.بەڵام واش وێیان هەڵنەکردن و کەوتنە ئازار دان و تاقیب کردنیان کە بە ناچاری پەنایان بۆ دوژمنی خۆیان (حکوومەتی عەبدولڕەحمان عارف)بردەوە و بە قەولی خۆیان دەستیان کردەوە بە کاری سیاسی. لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان بە عالەم ئاشکرا هاوکاری دەوڵەتی عێراق بوون،بەڵام لە سەرتاسەری کوردستانی عێراق بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیر و ئینسانە سیاسییەکان ئەوانیان پێ باشتر بوو. هەرچەند ئەمن قەت پاڵ وە دوژمن دانم بە لاوە ڕاست نەبووە و نییە،بەڵام وەک ڕاستی و بۆ مێژوو بیڵێم ئەوان کە گۆیا لە بەکرەجۆ بوون و هاوکاری حکوومەت،کەچی زیاتر لە سەد کەس لە پێشمەرگە و هەڵاتووەکانی ئێمەیان کە لە چنگی تەسلیم کردنەوە بە ئێران خۆیان گەیاندبووە لای ئەوان بەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە ئاگاداری کرد، کە زۆربەیان ئێستا ماون.لە حاڵێکدا زۆری وەک ساڵح لاجانی، سولەیمان کەرقەشان، عەوڵای بایزە قنجە و عەزیز ئەحمەد و... خۆیان تەحویلی شۆڕش دایەوە لە سەر وەعدە و بەڵێنی خۆیان،بەڵام زۆر بێشەرمانە درانەوە بە ڕێژیمی ئێران و لە پادگانی "جەڵدیان" ئیعدام کران.

هەژار هەمـوو کارەکـان و پێوەنـدییە ناسـالمەکانی بەڕێـوەبەرانی شـۆڕش و بەتـایبەت بارەگـای بـارزانی ( و کەرەج نشینییەکەی دوای ئاشبەتاڵیی خۆشی بێتە سەر) بەلاوە پەسند بووە و بە هەقی زانیوە. بەڵام ئەوە بە ڕەوا نـابینێ کە ئەنـدامانی ڕاونـراوی حیزبـی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانێ دە بەرانبەر ڕێژیمی " حەمە ڕەزا شـا"ی زاڵم و خوێنڕێژ دا، دۆستێکیان هەبێ! کە نەشیان بووە.

کاک هەژار دەڵـێ گۆیـا لە سەر داوای بـارزانی لە گونـدی (وەسـان) چـاوی بە کـاک سولەیمان کەوتـووە و لە سەر چوونی بەکرەجـۆ و پێوەنـدی قایـد فیـرقەی پێـنج قسـەی لە گەڵ کـردووە. هەر ئەوەی کە بـۆ خـۆی دەڵـێ فـایق گـوتی" ئەوانە یاریدەمان نادەن تەنانەت بریندارێشمان بۆ دەرمان ناکەن،حازر نیم هاوکاریتان بکەم" لێرە دا غیـرەت و شەهامەت و بێ تـاوانی کـاک فـایق زۆر بە ڕوونـی دەردەکەوێ بە تـایبەتی دەو کـاتە ناسکە دا کە ئەو دە ژێـر تەهدیـدی مەرگ دابـووە و سوور دەزانێ یان دەکووژرێ یان دەدرێتەوە بە ئێران. بەڵام حـازر نەبـووە باسـی کەس بە درۆ و ناڕاستی بکـا، چونکە هەم بێ منەت بووە و هەم پاک. دەنا ئەگەر پێوەندی گرتبا بـۆچی باسـی نەدەکرد، خۆ ئەو و هاواڵەکـانی هەرچی کردوویـانە لە دژی ڕێژیمی شایان کردووە نەک لە دژی بارزانی و شۆڕشەکەی. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ مەگەر بـارزانی وەکیلی ڕێژیمی "شا"ی گۆڕبەگـۆڕکراو بـووە تـاخەڵکی لە سـەر مەحـکەمە و ئیعـدام بکـا؟ ئەوەش کە هەژار دەڵـێ دوای گەڕانەوە داوام لە بـارزانی کردووە تەحویلی ئێرانی نەداتەوە وا نییە.چونکە دەلیلی بەهێـز هەیە هەر بە نووسراوەی خودی هەژار، ئەویش ئەوەیە چۆنە بۆ " عومەری حەوتەوانە" تکای قەبووڵ کراوە و ئازادیان کردووە وەک لە پێشەوە ئیشـارەم پێکردووە، بەڵام بۆ کاک سولەیمان تکای ناگرن کە هەم لە باری ڕابردووی سیاسییەوە،هەم لە بـاری هاوشارێتی و ناسیارییەوە دەبێ فەرقـی لە گەڵ عومەر حەوتەوانە هەبێ!!

ڕاستی ئەوەیە دوای گەڕانەوەی لە لای سولەیمان موعینی بە بارزانی گوتووە مەیلی خۆتە هەرچی لێی دەکەی بەڵام ئەمن ئەوەی دەزانـم کە ئەو ئینسـانە یەکجـار ترسەنۆکە و ئەگەر بە زینـدوویی بـدرێتەوە بە ئێران عـالەم زۆر بە گـرتن دەدا و پاشانیش لە دژی خۆت بەکاری دێننەوە.هەر وەک ئەو ڕاستییە کە ئەو دەم نەفەرمان لە بـن دەستی خۆیانـدا هەبـوو و ئەو شتانەی بە ئێمە ڕادەگەیاند،لە چێشتی مجێور دا دوای نیزیک بە بیست ساڵ بۆ خۆی ئیشارە بە ترسەنۆکی کـاک سولەیمان دەکا و دەڵـێ پێمگوتووە:"ئەتۆ کوڕی ئەو مەیدانە نەبوی و ئەگەر ئەحمەد تۆفیق بـایە لە جیـاتی تـۆ زۆر باشتری بەڕێوە دەبرد". هەژار ئەوەی بە قـازانجی کاک سولەیمان و بە زەرەری خۆیـانە خـۆی لـێ بـواردووە و باسـی ناکا.دەنـا هەر ئەوکـات ئەوەی ئێمە بیستمان کاک سولەیمان زۆر قسەی ناشیرینی بە هەژار گوتـووە کە" بـۆ تـنۆکە خوێنێک نە لە بەر تـۆ، نە لە بەر گەورەکەت ناپارێمەوە،چونکە دەزانم ئێوە دۆڕاندووتـانە و تەحویلم هەر دەدەنەوە.خوێنی منیش لە خـوێنی هاواڵەکـانم زیاتر نییە."

کەریمی، فەتاحی قادری (کوڕی کاکە ڕەزا) و سمایلی نمەشیری و لەناو پێشمەرگەکاندا شەهید مینەشەم،کەریم نەستانی و عەبدول نەستانی کە کارمان لە سەر کردبوون و دڵ گەرممان کردبوون بۆ چوونەوەی وڵات و کاری نهێنی. کێشەی ئێمە چەند جار گەیشتە لای بارزانی و زۆری ئامۆژگاری کردین و گوتی بۆ واز لە ئەحمەد ناهێنن. لە وەڵامدا گوتمان ئێمە نەهاتووین لێرە بنووین و بخۆین، ئێمە بۆ کاری سیاسی و یارمەتی ئێوە هاتووین،نە ڕێگامان دەدەی بچینە جەبهە و نە هەتا ئێستاش هیچ کارێکمان بۆ شۆڕش کردووە... بارزانی گوتی من ئیجازە نادەم ئێوە کە لە ئێران هەڵاتوون و پەناتان بۆ من هێناوە بچنە شەڕ و لە بەین بچن.من مرۆم زۆرە و ئێوە غەریبن.بەڵام ئەگەر یارمەتی ترتان لە دەست دێ بیکەن.دوای ئەوە ئێمە گوتمان کە وابێ دەتوانین سەفەری وڵات بکەینەوە و یارمەتی و پیتاک بۆ ئێوە بهێنین وکاری تەشکیلاتی خۆشمان بکەین بەو شەرتە لە سەر سنووری لای حاجی ئۆمەران و قەڵادزە ڕێگامان بدرێ بنکە بکەینەوە. هەر لەوێ بارزانی موافەقەتی کرد و نامەی بۆ بەرپرسانی ئەو کاتە نووسی کە بنکە بکەینەوە.لە سەر ئەو بڕیارە، ئێمە نیزیکەی ١٥ کەس بە کاک سولەیمانیشەوە هاتینە زینوێی شێخی کە ئەو کات کاک سەعید کاوە (کوێستانی) وەک ڕابیتی حیزب، ماڵی لەوێ بوو.ئەو مەدرەسەی کە ئەو ماڵی تێدا بوو کرا بە بنکە و بەرپرسی ئەو کاتی پارتی لەوێ کاک عەزیز عەقراوی و عەزیز سورمی (سەر بە بارزانی بوون).مەلا حەسەنی ڕەستگار بوو بە بەرپرسی ئەو بنکەیە.کاک سولەیمانی موعینی و من و مینە شەم و کەریم نەستانی و عەبدول نەستانی و کۆمەڵێکی دیکەش هاتینە ناوچەی قەڵادزە و زۆری کێشا هەتا پارتی ڕازی بوو ئێمە لە سونێ بنکە بکەینەوە.بە دوای کردنەوەی بنکەی سونێ،زۆری نەخایاند پێشمەرگەمان زیادی کرد و زۆر کۆنە ئەندام و کادری حیزبمان لێ کۆ بوونەوە وەک "ڕەئووف مەلا حەسەنی بۆکانی" و شەهید "ڕێبوار" و "هەڵمەت" (پاشان بوو بە جاش و کووژرا).

لە کاتی خانوو دروستکردندا ڕۆژێک بڕیارمان دا،چەند کەسێک بۆ سەفەری ناوەوەی وڵات و پیتاک کۆکردنەوە دەستنیشان بکرێن. لەو جەمعەی کە لەوێ بوون تەنیا ئەو پێنج کەسەی خوارەوە ئامادەی ئەو سەفەرە بوون:

١- سولەیمانی موعینی

٢- مینە شەم

٣- کەریم نەستانی

٤- عەبدول نەستانی و

٥- ڕەسووڵی پێشنماز (٣ نەفەری ئاخر لە ژیاندا ماوین).

ئێمە لەو سەفەرە دا سێ مانگمان پێچوو. تەواوی ناوچەکانی سەردەشت و لاجان و مەنگوڕایەتی و گەورکایەتی و چۆمی



سەرچاوە Serchawe

مەجیدخان و بۆکان و بانەمان کرد لە هەمووی ئەو ناوچانە کۆمیتەمان دانان و پووڵ و یارمەتییەکی یەکجار زۆرمان بۆ شۆڕش هێنایەوە.لە بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانە زەکات دەدرا بە حیزب و زەکاتی گەنم و دانەوێڵەیان بۆ دەچاڵ دەکردین وپاشان دەنێردرا بۆ سونێ یان زینوێ و ئەوانیتر بە وڵاغی کوێستانچییان بۆ بارزانمان ڕەوانە دەکرد و کاک ئەحمەد تۆفیق بە ناو پێشمەرگە و بارزانییەکاندا بڵاوی دەکردەوە.هەرچی دووربینی باش و خەنجەری جەوهەرداری چاک بوون کە ئاغاکان دەیاندایێ،ئێمە بە دیاری دەماندا بە بارزانی.

**بەسەرهاتی لێک بڵاو بوونی ئێمە ئاوا بوو، نەک ئەوەی کاک هەژار وەک چیرۆک سازی کردووە.**

وەک ئاخر سەرنج، کاک هەژار لە لاپەڕە ٣ دا،زۆر باسی چاولەدەستی و لارەملی و هەژاری و بەدبەختیی شاعیران و نووسەرانی کورد دەکا و ئەوەی بە خراپ دەزانێ کە بە گەورە پیاوانیان هەڵگوتووە و دە موقابیلدا پووڵیان وەرگرتووە. بەڵام بابزانین بۆخۆی چ دەڵێ. لە لاپەڕەی ٣ی کتێبەکەیدا دەنووسێ:

"... من بارزانیم بە گەورەی خۆم قبووڵ کرد بو،شانازیم بەوە دەکرد کە نۆکەری بم،پێشم شەرم نەبو ئەو یاریدەم بدا،چونکە لام وابو مەرد و ڕەندێکە نمونەی کەم لە دنیا دا هاتون."

ئەوەی کە بارزانی بەشی هەرە زۆری عومری خۆی دە بەربەرەکانی و ململانێ لە گەڵ دوژمنانی کورد بردۆتە سەر حاشای لێناکرێ و تەنانەت ئەوانەی کە ناخۆشیشیان دەوێ ناتوانن خۆ لەو ڕاستییە ببوێرن؛جا کە تیپی ئێمەش وەک شەهیدان ئەحمەد تۆفیق و کاک فایق، یان من و مەلا حەسەنی ڕەستگار و زۆری دیکە بارزانیمان خۆش ویستووە،زۆرتر بە نێوی بابی گەورە یان بابی کوردان باسمان کردووە نەک کەلیمەی نۆکەر.بەباوەڕی من ئەگەر کەلیمەی نۆکەر بەکار هێنرا ڕاستەوخۆ ئاغایەک دروست دەبێ کە ئەمن لە هەموو ژیانمدا موخالیفی ئاغایەتی بووم و ڕقم لەنۆکەر و نۆکەرسفەتان هەستاوە و لە ژیانمدا ئەو کەلیمەیەم بەرانبەر بە بابیشم بەکار نەهێناوە و هەر کەسیش بەرانبەر بە من بەکاری هێنابێ زۆرم لە دڵی گران هاتووە.دەشزانم و لێشم ڕوونە بارزانی ڕەحمەتیش ئەگەر وەسەرخۆشی نەهێنابێ، بەو کەلیمەیە ناڕەحەت بووە. هەرچی دەکەم بۆم ناچێتەوە سەر یەک ئینسانێکی زانا، کوردێکی تێکۆشەر،چۆن دەتوانێ هێندە خۆی چووک بکاتەوە کەلیمەی نۆکەر بەکار بهێنێ.

لە کۆتاییدا، شتێکی دیکە کە دەمهەوێ ئیشارەی پێبکەم ئەوەیە کە زۆر لە شەخسیەتە سیاسییەکانی کورد،چ ئەوانەی پارتی بوون و چ ئەوانەی شیوعی،یان بێلایەن بوون لە کتێبەکەی کاک هەژار دا کەوتوونەتە بەر لۆمە و تەشەر و حەملە پێکردن. بە تایبەتی هێندێک لەوان نەماون و تەنانەت لە ڕێگای کوردستاندا شەهید بوون؛پێم وایە کاک هەژار لەو

بارەیەشدا وەک مەسەلەی کاک سولەیمانی موعینی و برادەرانی دیکە غەدری لێکردوون و بە غایەی تایبەتی ئەو شتانەی نووسیوە. بۆ نموونە شەهید کاک "سالّح یووسفی" جگە لەوەی بە دەستی بەعسی عێراق شەهید کراوە،ئەوەندەی ئەمن ناسیومە لە ساڵی ١٩٦٣وە هەمیشە وەک نەفەری دووهەم لە دوای بارزانی ناوی هاتووە و سەبارەت بە پێوەندی لە گەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆری "شا"ش هەڵوێستی زۆر قاتعانە و چوامێرانە بوو.

ئەوەش بڵێم کە ئەمن لە سەر ڕوونکردنەوەکانی خۆم کە لە بارەی بۆچوونە پڕ لە هەڵە و ناڕاستییەکانی کاک هەژار ئیشارەم پێکردوون، بەتایبەت مەسەلەی شەهید سولەیمانی موعینی و هاواڵەکانی، باکم لە کەس نییە و وەک ڕۆژ لێم عەیانە هەرچی گوتوومە ڕاستە و لە زۆر بارانیشدا لێم کەم کردووەتەوە کە بۆتە هۆی نارەحەتی دڵ و دەروونی خۆم. تەنیا و تەنیا داوای لێبوردن لە براژنە، مەعسوومەی خێزانی کاک هەژار دەکەم و هیوام وایە لێم دڵمەند نەبێ، چونکە لەو مەسەلانە دا،نە لەگەڵمان بووە و نە ئەو کەسانەی دەناسی کە من باسم لە سەر کردوون؛ دیارە بۆخۆشی باش دەزانێ کە ئێمە چەندە بەیەکەوە ئاموشۆ و تێکەڵاویمان گەرم و دۆستایەتیمان خۆش بووە.

سەرچاوە: گۆڤاری گزینگ ٠ ژمارە ٢١

ڕێکەوت: پاییزی ١٩٩٨ (١٣٧٧)

---



سەرچاوە
Serchawe

## سیامەند موعینی: چیدی خیانەت ناتوانێت کۆسپ بێت لە بەرانبەر ڕێچکەی شۆڕشگێڕیدا



سیامەند موعینی لە میانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF)، سەرنج دەخاتە سەر ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٧٦ و ١٩٦٨ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەروەها باس لە هێڵی خیانەت لە کوردستان دەکات.

بەبۆنەی یادی سەرهەڵدانەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ز. ( ١٣٤٦ - ١٣٤٧ هەتاوی) سیامەند موعینی هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پەژاک) لە میانەی دیمانەیەکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF) خوێندنەوە بۆ ئەو قۆناغەی تێکۆشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات. موعینی ڕایگەیاند، «خیانەتی بنەماڵەی بارزانی بەتایبەت لە شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حاشا هەڵنەگرە. هەر بۆیە وەک پەژاک ئێمە هەمیشە خاوەندارەتی لە ڕەنج و تێکۆشانی باب و باپیرانمان دەکەین.»

**دەقی دیمانەکە:**

**پرسیار**: بە ڕێز سیامەند موعینی سەرەتا بەناوی ئاژانسەکەمان زۆر سوپاستان دەکەین، بۆ ئامادەبوونتان لەم دیمانەیەدا.

**سیامەند موعینی**: سڵاو ڕێزم هەیە بۆ ئێوە و خوێنەرانی ئاژانسەکەتان. هیوادارم بتوانین لەم دیمانەیەدا بەکورتی لەسەر ڕووداوەکانی نیوسەدەی ڕابردووی شۆڕشی کوردستان ڕاوەستە بکەین و پەنجە بخەینە سەر خیانەتەکان و ئاماژەیەکیش بە ڕەوتی شۆڕشێریی خەباتگێڕانی گەلەکەمان بکەین.

**پرسیار**: سەرهەڵدانەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی چۆن و لە چ هەلومەرجێکی سیاسیدا دەستیان پێکرد؟

**سیامەند موعینی**: ئاوات و خولیای ئازادی و گەیشتن بە سەربەستی بۆ هەر کوردێکی بە نامووس لە زۆربەی بەهاکانی ژیان بە نرخترە. بۆ گەییشتن بەو ئاواتە مرۆڤی شۆڕشگێر بەهای گرانی داوە و بە هەزاران ئینسان گیانی خۆیان لەم رێگەیە کردووەتە قوربانی.

پاش تێکشاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەشێک لە منداڵان و گەنجانی ئەو سەردەمە بە بیرەوەری و یادی کۆماری کوردستان فرچکی شۆڕشگێڕیان گرتووە و ئەو بێ حورمەتیە گەورەیەی کە بە گەلی کورد کراوە، هیچ کات هەژموونی دەستەڵاتی پەهلەویان بۆ قبووڵ نەکرا و بەربەرەکانی بە دژی ئەم ڕژێمە و خۆبەرێکخستن کردنی گەل بوو بە کاری رۆژانەیان. رژیمی پەهلەوی وەک حکوومەتێکی داگیرکەر و داپلۆسێنەر تارمایی بە سەر رۆژهەڵاتی کوردستاندا کێشابوو.

هاوکات و لەو سەردەمدا لە باشووری کوردستان شۆڕشێکی جەماوەری سەری هەڵدابوو و ئەم شۆڕشەی باشووری کوردستان هیوایەکی لە دڵی ئەم گەنجانەی رۆژهەڵات زیندوو کردبوویەوە. لەسەر ئەم خوێندنەوەیەی کە هەم دەتوانن یارمەتیدەری شۆڕشی باشووری کوردستان بن و هەم دەرفەتێکی لەبار بۆ ئەوان خوڵقاوە کە خۆبەرێکخستن بکەن و بۆ زیندووکردنەوەی حیزبی دیموکرات تێکۆشان بکەن. لە سەر ئەم ئەساسە بوو کە پۆل پۆل گەنجانی ڕۆژهەڵات ڕوویان دەکردە باشووری کوردستان و شۆڕشی باشووری کوردستان ببووە قیبلەگەیەکی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هاوکات لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی ١٩٥٠ و دەستپێکی ١٩٦٠-ەوە حکوومەتی دیکتاتۆری محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی هێرشێکی بەرفرەوانی خستە سەر ئازادیخوازان لە ئێران. کوردستانیش لەم هێرشەدا بێ بەش نەکرا. گرتن و کوشتن و بێ حورمەتی بە گەل، ببووە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە کوردستان و لە دێهات و گوندەکانی کوردستان ژەندرمە دەستەڵاتی ڕەهایان هەبوو بۆ هەر کارێک و هەر بێ حورمەتییەک پێیان خۆش بوایە دەیان کرد. لە باشووری کوردستانیش شۆڕش گەرم بوو و تێکۆشان لە لوتکەدا بوو. هەموو بەشەکانی کوردستان هیوا و ئومێدیان بەم شۆڕشە هەبوو کە بە داخەوە لە ساڵەکانی ١٩٦٣ بەم لاوە ساواک و شای ئێران بە تەواوی دەستیان خستە ناو شۆڕشی باشوور و لە ئەنجامدا بە هۆی فاکتەری جیاواز کە لێرەدا ناگونجێت باسی بکەم، ئەم شۆڕشەیان بە لاڕێدا برد و بەشێک لە سەرکردەکانی شۆڕشیان وەک نۆکەر و پیاوی خۆیان بە کاردەهێنا.

**پرسیار**: بنەماڵەی موعینی کێن؟ خاوەن چ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین؟ لە ناوینانەدا بە دیاری کراوی مەبەستمان لەم دیدارە کەسایەتی کاک سولەیمان موعینییە، دەپرسین سولەیمان موعینی کێیە؟



سەرچاوە
Serchawe

**سیامەند موعینی**: محەمەدئەمین موعینی باوکی کاک سولەیمان وەزیری ناوخۆی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان بوو. کە بەشێکی زۆری ژیان و تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی کوردستان تەرخان کرد. لە موکریان و کوردستان ناوی موعینییەکان لەگەڵ شۆڕشگێڕی و فیداکاری بۆ کوردستان دێتە سەر زمان و لەم ڕێگەیەدا محەمەدئەمین موعینی ٤ ڕۆڵەی گەنجی پێشکەش بە تێکۆشان و خەبات کرد و گیانیان کردە قوربانی.

کاک سولەیمان منداڵی یەکەمی ئەم بنەماڵەیە و لە تەمەنی لاوێتییەوە لەگەڵ کاری سیاسی و خزمەت بە گەل و نیشتمان ئاوێتە بووە. سولەیمان هەر لە تەمەنی لاوی و لە سەردەمی خوێندکاریدا لەگەڵ هاوڕێیانی وەک سەید عەبدوڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، خەریکی کاری سیاسی و تەشکیلاتی دەبێت. هاوکات لەگەڵ کاری سیاسی لە خزمەتکردن بە هەژار و بێدەرەتانان نامێنێتەوە و دەکرێت بگوترێت بەشی هەرە زۆری ڕۆژگارانی ژیانی سەردەمی لاوێتی کاک سولەیمان بەم بوارانەدا تێپەڕ بووە. بۆ خزمەت بە نیشتمانەکەی قەت دوودڵ نەبووە. هەمیشە بە ورەیەکی شۆڕشگێڕی و بە ئیمانەوە ئامادەی خزمەت و تێکۆشان بووە و لە سەر ئەم تێکۆشانە گیانی خۆیشی بەخت کردووە.

**پرسیار**: دوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی و کۆتایی هاتن بە کۆماری مەهاباد، چ هەوڵێک هەبوو بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**سیامەند موعینی**: لە دوای تێکشکانی کۆماری کوردستان، بۆ ماوەیەک بێدەنگی بە سەر کوردستاندا زاڵ بوو. ساڵی ١٩٥٣ (١٣٣٢ی هەتاوی) لە سەردەمی دەسەڵاتی دوکتور محمد موسەدیق-دا،کاک سولەیمان و ئەحمەد تۆفیق دەورێکی بەرچاویان گێڕاوە لە ڕێکخستنی گەنج و لاوان و سازدانی خۆپیشاندان و میتینگەکانی شاری مەهاباد. هەروەها کاک سولەیمان ماوەیەکیش بەرپرسایەتیی ڕاهێنانی سروودی نەتەوەیی کوڕ و کچانی شارەکەی لە ئەستۆدا بووە.

بۆ خۆبەڕێکخستن کردن لە هەمو بوارەکان کەڵکیان وەردەگرت و ڕۆژی ١٥ی ٦ی ١٩٥٣ ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد بە ڕێبەرایەتیی کاک سولەیمان و سەید عەبدوڵای ئیسحاقی و چەند لاوێکی تێکۆشەری دیکە کۆبوونەوەیەکی بەرین لە باغی میکائیل سازدەدەن. مەبەست لەو کۆبوونەوەیە ئەوە دەبێت کە لاوانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریی لە چوارەمین ڤیستیڤاڵی جیهانیی یەکێتیی لاوانی دیموکرات هەڵبژێرن بەڵام لە گەرمەی گوتوبێژی ئەو لاوانەدا ژاندارمە دڕندەکانی حکوومەتی ئێران هەڵدەکوتنە سەریان و پاش لێدان و ئازاردانیان لوولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەی ئەو گەنجانە دەکەن و مێرمنداڵێک بەناوی «حەسەن ڕەمەزانی» شەهید دەکەن و چەند کەسیش بریندار دەکەن. ئیدی ئەو لاوە شۆڕشگێڕانە دەکەونە شەقامەکانی شار و بە گێڕانی تەرمی



سەرچاوە
Serchawe

ئەو لاوە شەهیدە ڕێپێوان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە وەڕێدەخەن. هەر لەو سەردەمەدا پێداگری و خەباتی نەپساوەی بەرهەڵستکارانی سەراسەری بوو بەهۆی هەڵاتنی شای ئێران و هاتنە سەر حوکمی حکوومەتی دوکتور موسەدیق کە هیوای چاکسازی و بوژانەوەی لێ دەکرا. بەڵام بەداخەوە بە هۆی پشتیوانیی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لە شای ئێران و لە ئاکامی کودەتایەکی نیزامی شای ئێران گەڕێندرایەوە و حکوومەتی دیموکراتیی موسەدیق ڕووخا. دوای ڕووخانی حکوومەتی دوکتور موسەدیق لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی١٩٥٤، هێزە سەرکوتکەرەکانی ئێران هێرشیان کردە سەر جەماوەری شار و گوندەکان. گرتن و کوشتن و بێ سەروشوێنکردن دەستی پێکرد.

**پرسیار**: چ هۆکارێک هەبوو کە شۆڕشگێرانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان چوونە باشووری کوردستان؟

**سیامەند موعینی**: هەروەک پێشتریش باسم کرد هەم هێرش و گوشاری هێزە نیزامییەکانی محەمەد ڕەزاشا و فەزایەکی خەفەقان پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و نەمانی دەرفەت بۆ کاری سیاسی و هاوکات دەستپێکردنی شۆڕشێکی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان، لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بۆ گەشەپێدانی ئەم شۆڕشە خۆیان گەیاندە باشوور و وزە و هێزی شۆڕشگێریی خۆیان خستە خزمەت ئەم شۆڕشە. هاوکات لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش چوونە ناو ئەم شۆڕشە بە نیازی خزمەتکردن، وەک دوکتور شوان و سەعید یاڵچی و کۆمەڵێک خەباتکار و تێکۆشەری دیکەی کورد.

**پرسیار**: کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی (ئینقلابی) حیزبی دیموکراتی کوردستان چییە؟ کەی دامەزرا؟ کێ بوون ئەو کەسانەی ئەو کۆمیتەیان دامەزراند؟ مەبەستمە بزانم بە چ شێوازێک ئەو کۆمیتەیە دامەزرا؟

**سیامەند موعینی**: ئەم پرسە وەڵامەکەی کتێبێکە و بە چەند دێڕ ناتوانین لە ناوەڕۆکی ئەم بزووتنەوەیە تێبگەین بەڵام بە کورتی بەم شێوە بوو: تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات دوای تەسلیمبوونی مەلا مستەفا و کوڕەکانی بە ساواکی ئێران و میتی تورک و کەوتنە داوی هێرش بردنە سەر تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە و خەباتکارانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات کە ڕۆحی شۆڕشگێڕیان بەهێزتربوو لە بەرژەوەندی شەخسی و ترس لە گیانی خۆیان، دوای کۆنگرەی ٢ی حیزبی دیموکرات بڕیاریان دا کە خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە دژی حکوومەتی پاشایەتی گوڕ بکەنەوە. ساواکی شا ئەم بڕیارەی بە مەترسی دەزانی بۆ سەر ئاسایشی خۆی و ئەمریان بە مەلا مستەفا و کوڕەکانی کرد کە پێش بەم شۆڕشگێڕانە بگرن یان بیانکوژن و تەسلیمی حکوومەتی ئێرانیان بکەنەوە. لە کۆتاییدا ئیدریس بارزانی بوو بە مەئموری ڕاوەدونانی ئەم شۆڕشگێڕانە. زۆربەیانیان کوشت یان تەسلیمی ئێرانیان کردنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: هەڵوێستی بارزانی چی بوو؟ ئایا بارزانی هەبوونی کۆمیتەیەکی بەم شێوەیەی پێخۆش بوو؟

**سیامەند موعینی**: مەلا مستەفا رێبەرێکی عەشیرەتی بوو و خوێندنەوەی سیاسی و ئەنالیزی نەبوو. رەمەکی و کلاسیک سیاسەتی دەکرد. بۆیە کەوتە دژایەتی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات. هاوکات دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستانی وەک دۆست و پشتیوانی شۆڕشی خۆی پێناسە دەکرد و بە شێوازێکی عەشیرەتی ڕکێفی پارتیی دیموکراتی کوردستانی لەبەردەستدابوو و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنا. تێگەیشتنی بارزانی ئەوە بوو کە عەشیرەتی خۆی سەردەست بکات و ئەرکدار بوو کە هەر سەرهەڵدانێک یان ڕوحێکی شۆڕشگێڕی لە هەر شوێنێک سەرهەڵبدات لەناوی ببات. چونکە شۆڕشگێڕی و تێکۆشانی ئازادی لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان نەبوو. ئەم ڕوحە شۆڕشگێڕییە بۆ ڕەوتی بارزانیش مەترسی بوو. بۆیە بارزانی هیچ تێکۆشانێکی دژبە دەوڵەتانی داگیرکەر قبووڵ نەدەکرد و دەیگوت، ڕاوەستن با کوردستانی ئێراق سەرکەوێت پاشان فکرێک بۆ بەشەکانی دیکە دەکەینەوە. بەڵام مەبەست پێشگرتنی بزاڤی شۆڕشگێڕی بوو لە بەشەکانی دیکە و ئەرکێک بوو کە لە پڕاکتیکدا ئەم دەوڵەتانە بە بارزانیان دابوو واتە خزمەت بە داگیرکاری بە ناوی کوردایەتی.

**پرسیار**: لە کاتێکدا کە شۆڕش لەو قۆناغەدا لە باشووری کوردستان بوو، ئایا لەو کاتەدا مستەفا بارزانی هیچ جۆرە هاوکارییەکی دەکرد بۆ زیندووکردنەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؟

**سیامەند موعینی**: پارتی لە دامەزراندنییەوە (١٩٤٦ هەتا سەرەتای ١٩٦٣) حیزبێکی نیشتمانیی کوردستانی بوو. لە دوای جیابوونەوە و دەرکردنی بەشێک لە خەباتکارانی مەکتەبی سیاسی، وردە وردە ڕێچکەی حیزبێکی بنەماڵەیی کۆنەپەرستی گرتەبەر. هەتا لە کۆنگرەی ٨ی ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان بە یەکجاری بوو بە حیزبی بنەماڵە. لەو کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمجار کوڕانی مەلا مستەفا بارزانی؛ ئیدریس و مەسعوود بوونە ئەندامی سەرکردایەتی دواتر م. س و ئەندامی بارەگەی بارزانی.

وەکو جەرجیس فەتحوڵا و بەڕێز ئەیووب بارزانی دەیگێڕنەوە، لەو کۆنگرەیەدا تەزویر بۆ هەردووکیان کراوە بۆ ئەوەی دەنگیان وەکو یەک بێت تا کێشە بۆ بنەماڵە دروست نەبێت! بەو پێیە، جووتەبرا هەر یەکی ٤٥٠ دەنگیان هێنا و گەیشتنە لووتکەی ناوەندی بڕیار و ئەم ڕێچکەیە ئێستاش بەردەوامە و بنەماڵە بە هەموو خەیانەتکارییەکی کردوویەتی، وەک مۆزمێک بە گەردەنی ئەم گەلەوە نووساوە و بەردەوام خیانەت بە گەل و نیشتمان دەکات. بەهۆی بەهێزبوونی باری ماڵی و میدیایی، ئەم خیانەتە بۆ کەسانی ساویلکەی سیاسی بە کوردایەتی دەفرۆشنەوە. مەلا مستەفا دوای ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام



سەرچاوە
Serchawe

لە خزمەتکردنی دەوڵەتانی ئێران و تورکیەدا بووە و ئێستا کوردایەتی بە گەلی کوردی دەفرۆشنەوە.

**پرسیار**: بارزانی بە هێزی عەشرەتەوە هات بۆ مەهاباد و پشتگیری کۆماری کوردستانی کرد. ئایا کە خەباتگێرانی ڕۆژهەڵات چوون بۆ لای بارزانی بە هێزەوە چوون؟ یان هیچ هێزێکی دیاریان لەناو ڕێزەکانی پارتی دیمووکراتی کوردستاندا هەبووە؟ ئەگەر هەبووە لە ژێر چ ناوێکدا تەنزیم کرابوو؟

**سیامەند موعینی**: قۆناخەکە جیاواز بوو. کاتێک عەشیرەتی مەلا مستەفای بارزانی کە زۆر نەبوون لە گەڵ حکوومەتی ئەوکاتی ئێراق لەسەر چەتەگەری کەوتنە شەڕ و نەیانتوانی لە باشوور بمێننەوە، عەسکەری ئێراق و بەشێک لە عەشیرەکانی دیکەی ناوچەکە ئەم جەماعەتەیان بۆ دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاونان و لە سەرما و سۆڵی ئەو سەردەم لە ناوچەی شنۆ جێگیر بوون. کۆمەڵێک وەزیر و کاربەدەستی ئەو سەردەمەی کۆمار داوایان لە پێشەوا کرد کە ئەم عەشیرەتە بگرنە ژێر چەتری خۆیان. بەڵام ئەوەی کە من لە قەدیمیانم بیستوە کە دەڵێن لە دەستپێکدا پێشەوا قازی زۆر ئەلاقەی بە هاتنی مەلا مستەفا نیشان نەداوە. هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە باقرۆڤ بە قازی محەمەدی گوتووە کە ئەم پیاوە کار بۆ ئینگلیزەکان دەکات و زۆر گونجاو نییە لەناو کۆماردا جێ بگرێت. بەڵام سەرەڕای ئەم تێبینییە قازی محەمەد ناردوویەتی بەدوایاندا و بە ڕەسمی پێشوازییان لێکردوون و شوێن و ئیمکاناتیان بۆ دابین کردوون.

ئەو سەردەمە کە شۆڕشی باشووری کوردستان گەشاوە بوو و بوو بە ناوەندێکی هیوا بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کەوتنە یارمەتیدانی ئەم شۆڕشە و لە بواری ڕاگەیاندن و بەڕێکخستنکردندا دەستێکی باڵایان لەم شۆڕشەدا هەبوو. بابەتێک ئەوەیە کە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاراکتەری عەشیرەتی نەبووە و سەرۆک عەشیرەت ئەم ڕەوتەی بەڕێوە نەبردووە. تەنیا لە باشووری کوردستان مەلا مستەفا و کوڕەکانی بۆ بەرژەوەندیی عەشیرەتی و بنەماڵەیی دەستیان بەسەر ئەم شۆڕشەدا گرتووە و بۆ ئامانجەکانی خۆیان کەڵک لە پارتیی دیموکرات وەردەگرن.

**پرسیار**: هۆکار چییە کە ئەندامانی کۆمیتەی ئینقلابی لە لایەن بارزانییەوە دەکرێنە ئامانج؟ ئایا تەنها لەبەر فشارەکانی ساواک بوو بۆ سەر شۆڕشی باشووری کوردستان، یاخود بارزانی پێشکەوتنی خەباتێکی بەم شێوەیەی لە قازانجدا نەبوو؟

**سیامەند موعینی**: هەروەک پێشتریش باسم کرد هەردووک ئاماژە کە کردووتانە دەتوانن ڕاست بن. بەڵام لەو سەردەمەدا بە بڕوای من فشاری ساواک و کاربەدەستانی ئێران و هاوکات ملکەچی مەلا مستەفا بۆ ئێران، بوون بە هۆکار کە هێرش کرایە سەر بەشێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات. ئەوەش شاراوە نەبێت کە بەشێکی دیکە کەوتنە خزمەتی پاراستنی پارتی و

بنەماڵەی بارزانی وەک ئەمیری قازی، هەژار موکریانی و کۆمەڵێکی دیکەش بێ هەڵوێست ژیانی خۆیان پاراست.

**پرسیار**: بەڵگەی ئەوە لەبەردەستدایە کە کاک سولەیمان موعینی لەناو زینداندا بەدەستی بارزانی شەهید کراوە؟ ئەگەر زانیاریتان هەیە دەتوانن لە ڕێگەی ئاژانسەکەمانەوە چۆنیەتی شەهیدکردنی سولەیمان موعینی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن؟

**سیامەند موعینی**: ئەوە شاراوە نییە و هەر کەس دەزانێت کە شەهیدکردنی کاک سولەیمانی موعینی بە فەرمانی بارزانی و داخوازی شای ئێران و ساواک ئەنجام دراوە. دوکتور مەحموود عوسمان هەم بۆ منی باس کردووە کە ئەم خیانەتە بە دەستووری مەلا مستەفا بووە. تەنانەت لە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیی خۆیدا ئەم مژارەی بە وردی باس کردووە.

کاک سولەیمان بە نەخشەیەکی داڕێژراو کاتێک لە سیتەک بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات، لەگەڵ خەلیل شەوباش کە پێشمەرگەیەکی گەنجی بانەیی بوو، لە ماشێنی قالە تەگەرانیدا دەبن. بەرپرسێکی پارتی بە ناوی سەدیق ئەفەندی (سەدیق ئەمین) کاک سولەیمان و خەلیل شەوباش لە ماشێنی قالە تەگەرانی دادەبەزێنن و هەر لە ڕێگەدا خەلیل شەوباش شەهید دەکەن و تەرمەکە لە پشت گوندێک فڕێ دەدەن. پاش ماوەیەک خەڵکی گوند پێدەزانن و تەرمەکەی بە خاک دەسپێرن، دواتر کاک سولەیمان دەبەنە بارەگەی بارزانی و ٢ مەئمووری ساواک لەو شوێنە دەبن. هاوکات هەژار موکریانی لە کتێبی چێشتی مجێوری کەس نەخۆریدا باسی ئەم ڕووداوە دەکات بەڵام زۆر بەدرۆزنی و چەواشەکاری دەینووسێت. پاش شەو و ڕۆژێک بە داخوازی ساواک هەر لەو شوێنە ئیعدامی دەکەن و تەرمەکەی بە هێلیکۆپتەر کە هەر لەو شوێنە چاوەڕوان بوو، دەبەنەوە ئێران و لە سەربازخانەی پیرانشار هەڵیدەواسن و وێنەی دەگرن. ئەوە و بە دەیان بەڵگە هەیە کە ئینکار ناکەن و تەنانەت مەسعوود بارزانی خۆیشی لە کتێبێکدا کە بۆیان نووسیوە باس لەم بابەتە دەکات و دەڵێت: لە ساڵی ١٩٦٧ دا شۆڕش ناچاربوو کارێکی ناخۆش ئەنجام بدات کە نەدەتوانرا خۆی لێ ببوێرێت. ئەویش کاتێک سلیمانی موعینی کە دژی ئەحمەد تۆفیق بوو، دەستگیر کرا. کە چووبووە پاڵ جاشەکانی ٦٦ و هاوکاری ڕژێمی عێراقی لە دژی شۆڕش کردبوو. ئیدی کوژرا و لاشەکەی بۆ ئێران نێردرایەوە. نەدەکرا وا چاو لە مەسەلەی چارەنووسی سلیمانی موعینی بکرێت کە مەسەلەیەکی حیزبی ناوخۆییە. ئەو هاوکاری جاشەکانی ٦٦ ی کردووە و دوژمنی شۆڕشە و ناکرێت کێشەکەی جیابکرێتەوە بە بیانووی ئەوەی کە پێوەندی بە کاروباری حیزبەکەیەوە هەبووە. هەرچەندە ئێمە ئەو کۆتاییە ناخۆشەمان بۆ ئەو پیاوە نەدەخواست.» مەسعوود بەبێ بنەما دەڵێت، کاک سولەیمان هاوکاری مەکتەبی سیاسی و مام جەلالی کردووە و پێوەندی لەگەڵ ڕژێمی ئێراقیدا هەبووە. ئێستا دوای زیاتر لە ٥٠ ساڵ دەرکەوتووە کە ئەوە درۆیە و ئەوە تەنیا بۆ پاساوی کردارە قێزەونەکە و خیانەتی باوکیەتی.

**پرسیار**: هەڵوێستی گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەرامبەر ئەم خیانەتەی بارزانیدا چی بوو؟ ئایا ئەم کردەوەی بارزانی ئومێدی شۆڕشی کوردستانی نەشکاند کە لەو قۆناغەدا شۆڕش لە باشووری کوردستاندا بوو؟

**سیامەند موعینی**: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش ئەم ڕووداوە مەلا مستەفا زۆر خۆشەویست بوو و خەلک سوێندیان بە سەری دەخوارد، بەڵام دوای ئەم کردەوە و دەرکەوتنی خیانەت و خزمەتکاری بارزانی بۆ ساواکی شا، ئیدی خەڵک بۆی دەرکەوت و ئەو خوشەویستییە بوو بە ڕق و کین بەرانبەریان. تەنانەت لەناو شاردا بەئاشکرا جنێویان بە مەلا مستەفا دەدا کە ڕۆژانە گەل دەیبینی جەنازەی گەنجەکانیان تەحویلی ئێران دەدرایەوە و لە ناوەڕاستی شار هەڵیاندەواسین بۆ ئەوەی خەڵک بترسێنن. ئیدی کاریزمای بارزانی تێکشکا و ڕومەتی ڕاستیی خۆی بۆ گەل نیشان دا و هەتا مردنیش کە بە سەرشۆڕی مرد ئەو خیانەتەی بە ناوچاوانییەوە مابوو.

**پرسیار**: مەبەستی بابەتەکەمان خیانەتی بنەماڵەی بارزانی و شەهیدکردنی کاک سولەیمانە. دەمەوێت بپرسم خاڵی لاوازی کۆمیتەی ئینقلابی و کەموکورتی خەباتگێران لەو کاتەدا چی بوو؟ چ دەستێکی ناوخۆیی و دەرەکی لەپشت شکستهێنانی ئەم جوڵانەوەیە بوو؟

**سیامەند موعینی**: خیانەتی بنەماڵەی بارزانی یەک و دوو نین - هەزاران مرۆڤی شۆڕشگێڕیان شەهید کردووە. دەیان کتێب و بابەت هەیە کە باسی ئەم مژارانە دەکات و لەم کورتە باسەدا جێگای نییە بیانهێنمە سەر زمان. شەهیدکردنی کاک سولەیمان یەکێک بوو لەو تاوانانەی بە دەستی ئەو کەسانە کراوە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا کە لە بنەماڵەی بارزانی بێ منەت بوو، لە نووسراوەیەکدا بەناوی خیانەتەکانی قیادە موەقەتە و کوڕانی بارزانی باسی زۆر مژاری تر دەکات. بەڵام ئێستا هەموویان کپ و بێدەنگ بوون و تەنانەت هەندێکیان بە سەروباڵای مەلا مستەفادا هەڵدەڵێن بەڵکوو پاکەتێک دۆلاریان پێ بگات. بەو شێوازەش دەخوازن ڕاسان و شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵات بەڕێوەبەرن!

**پرسیار**: شکستهێنانی ئەم جوڵانەوەیە چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو؟

**سیامەند موعینی**: بێ گومان کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ورەی خەڵک لە ڕۆژهەڵات هەبوو. کاتێک دەبینن گەل متمانە دەدات بە ڕێکخستنێک یان کەسێک یان پارتییەک و ئەم کەس و پارتییەش بە ئاشکرا خیانەت دەکات و باشترین ڕۆڵەکانی گەل قەتلوعام دەکات و لە گەڵ دوژمنی خوێنخۆری گەلەکەی هاوکار و هاوپەیمانە، ئیدی ورە دەشکێت. ئەو سیناریۆیە و ڕەوشە بەتایبەت پیلانی ساواک و سیستەمی داگیرکاری ئێرانە و مەلا مستەفا و کوڕەکانی بەڕێوەیان بردووە. ئێستاش دەبینین کە



سەرچاوە
Serchawe

مەلا مستەفا ئوجاقی کوێر نەبووەتەوە و کوڕ و نەوەکانی بەردەوام هاوکاری تورکیە و ئێران دەکەن بۆ جاسووسی و شەهیدکردنی شۆڕشگێڕان لە هەموو کوردستان.

**پرسیار**: ئێستا کە شۆڕش بەردەوامە ئێوە چ خاڵێکی لاوازی شۆڕش و شۆڕشگێرانی کورد بە کۆسپ دەبینن لە بەردەم سەرخستنی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؟ لە بەرامبەر ڕژێمی داگیرکەری ئێران چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر خەباتگێرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**سیامەند موعینی**: ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارچەیەکی گەورەی کوردستانە و قوربانی زۆری داوە و گەلێک شۆڕشگێر و تێکۆشەری بە ئەزموونی تێدا هەیە. یەکەم بە بڕوای من خەباتی ڕۆژهەڵات پێویستی بە ئیرادە و یەکگرتوویەکی بنگەهی هەیە و خەباتێک لەسەر بناخەی کولتوور و ڕئالیتەی سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵات بە کولتوورێکی نوێ بونیادبنرێتەوە. ئێستا ڕژێمی ئێران فشارێکی زۆری سیاسی، ئابووری، و دیپلۆماسی لەسەرە و ئێستا پێویستە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەم بنەمایە لێکتێگەیشتنێکی سیاسی و درووستیان هەبێت. حیزبەکان پێویستە بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە و ئەم دەرفەتە زێڕینە لە دەست نەدەن. بەڵام هەر وەک عەرزم کردی پێویستە ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕی هەبێت و باوەربەخۆبون و تێگەییشتن بەردی بناخەی سەرکەوتن دەبێت.


**پرسیار**: ڕێزدار سیامەند موعینی زۆر سوپاستان دەکەین کە پێشنیازەکەی ئێمەتان قبوڵ کرد و وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەتان دایەوە، پێم خۆشە لە کۆتاییدا بپرسم لە ژیانی شۆرشگێڕی کاک سلێمان موعینیدا چ هەڵوێستێک یان چ گوتەیەکی کاک سلێمانی باوکتان هەیە کە لە فکر و هۆشی ئێوەدا مابێتەوە و کاریگەری لەسەر ژیانی شۆرشگێڕی ئێوەدانابێت؟

**سیامەند موعینی**: کاک سولەیمان موعینی بۆ شۆڕش و گەلەکەی ژیاوە. بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان تێکۆشانی کرد. هیچ کات لەم تێکۆشانە ڕێی بە دوودڵی نەدا و هەموو خۆشیی ژیانی بەجێهێشت بۆ تێکۆشان. بۆیە وەک قارەمانێکی ڕاستین ژیا و وەک قارەمانێکیش ژیانی پێشکەش بە گەلەکەی کرد. کاک سولەیمان لە نووسراوەیەکی خۆیدا بۆ سەردێڕ دەنووسێت: «پۆڵا دەشکێت بەڵام قەت ناچەمێت» ئەو وتەیە بیر و باوەڕی پتەوی دەوێت بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕێک نەچەمێت.

**s.m**

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF) - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠١٩

# لەساڵیادی تیرۆرکردنی تێکۆشەری ڕۆژهەڵات سولەیمان موعینی




**«مێژوو لەبیرمەکەن، بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە.»**

## وردەکاری تێکۆشانی موعینی و چۆنیەتی تیرۆرکردنەکەی:

**شاسوار مامە**

سولەیمان موعینی، لە ١٧ی شوباتی ١٩٣٣ (٢٨ی ١١ی ١٣١١ هەتاوی) لە گەڕەکی سەهۆڵخانەی شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان، سولەیمان بۆ خوێندن دەنێردرێتە شاری تەورێز. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و گیرانی باوکی، دەگەڕێتەوە مەهاباد و دەست بە خوێندن دەکاتەوە. کاتێک کە باوکی بۆ تاران دوور دەخرێتەوە، سولەیمانیش دەچێتە تاران و لە وێ دەخوێنێ. لەگەڵ گەڕانەوەی باوکی بۆ مەهاباد، ئەویش دیسان دەگەڕێتەوە و لە فێرگەی محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی، دەست بە خوێندن دەکاتەوە.

سولەیمان هەر لە تەمەنی لاوی و لە سەردەمی خوێندکاریدا، لەگەڵ هاوڕێیانی وەک سەید عەبدوڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، خەریکی کاری سیاسی و ڕێکخستن دەبێت. هاوکات لەگەڵ کاری سیاسی، لە خزمەتکردن بە هەژار و بێدەرەتانان

درێغی ناکات. دەکرێ بگوترێ بەشی هەرە مەزنی ڕۆژگارانی ژیانی سەردەمی لاوێتیی سولەیمان بەم بوارانەدا تێپەڕ بووە. سولەیمان شان بە شانی بیری شۆڕشگێرانەی، کەسایەتییەکی چالاکی بواری وەرزشی و کارامەی گۆڕەپانی چالاکیی وەرزکاریش بووە و هۆگرایەتییەکی پتەوی لەگەڵ کەژوکێو و داوێنی سرووشتی جوانی کوردستان هەبووە.

ساڵی ١٩٥٣ (١٣٣٢ی هەتاوی)، لە سەردەمی دەسەڵاتی «محەممەد موسەدیق»دا، سولەیمان دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە لە ڕێکخستنی گەنج و لاوان و سازدانی خۆپیشاندان و میتینگەکانی شاری مەهاباد. هەروەها ماوەیەکیش بەرپرسیارەتیی ڕاهێنانی سروودی نەتەوەیی کوڕ و کچانی شارەکەی بە ئەستۆیەوە بووە.

ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٣ ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد، بە ڕێبەرایەتیی سولەیمان موعینی و سەید عەبدوڵلای ئیسحاقی و چەند لاوی تێکۆشەری دیکە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوان لە باخی میکائیل ساز دەکەن. مەبەستی کۆبونەوەکە ئەوە بوو لاوانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریی لە چوارەمین فێستیڤاڵی جیهانیی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی هەڵبژێرن. بەڵام لە گەرمەی گوتوبێژی ئەو لاوانەدا، هێزە دڕندەکانی حکوومەتی ئێران هەڵدەکوتنە سەریان و پاش لێدان و ئازاردانیان، لولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەیان دەکەن و مێرمنداڵێک بە ناوی «حسن ڕەمەزانی» شەهید دەکەن و چەند کەسێکیش بریندار دەکەن. ئیدی ئەو لاوە شۆڕشگێڕانە دەکەونە شەقامەکانی شار و بە گێڕانی تەرمی ئەو لاوە شەهیدە، ڕێپێوان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە بەڕێدەخەن.

هەر لەو سەردەمەدا پێداگری و خەباتی نەپساوەی سەرانسەری بەرهەڵستکارانی ڕژێم، بوو بە هۆی هەڵاتنی شای ئێران و هاتنە سەر حوکمی حکوومەتی «محەمەد موسەدیق»، کە هیوای چاکسازی و بوژوانەوەی لێدەکرا. بەڵام بەداخەوە بە هۆی پشتیوانیی ڕۆژئاوا لە شای ئێران و لە ئاکامی کودەتایەکی ڕێکخراو، شای ئێران گەڕاندرایەوە و حکوومەتی موسەدیق ڕووخێنرا. دوای ڕووخانی حکوومەتەکە، لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٥٤، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی ئێران هێرشیان کردە سەر جەماوەری شار و گوندەکان. کوشتن، گرتن و بێسەروشوێن کردن دەستی پێکرد.

لە شاری مەهاباد دا، یەکێک لە گیراوەکان محەمەدئەمین موعینی (باوکی سولەیمان موعینی) بوو کە ماوەی ٢٠ ڕۆژ لە گرتووخانەی سەربازیدا ڕایان گرت. هەر ئەودەم لە لایەن فەرماندەی نیزامیی شاری مەهاباد، کە سەرلەشکەر «کەریم وەرئەهرام» بوو، بە باوکی سولەیمانیان گوت: «بە شوێن سولەیماندا بنێرە و پێی بڵێ کە حکوومەت لێی دەبوورێت و دەتوانێ بەبێ هیچ ترسێک بگەڕێتەوە ماڵی خۆی.» بەڵام سولەیمان بەهۆی ناسینی کارنامەی کرداری ڕژێمی ئێران، ئەم داوایەی بەرپەرچ دایەوە و وەڵامی «نا»ی دانەوە. پاش ماوەیەک، لە ساڵی ١٩٥٦ سولەیمان بەنیازی چوونە تاران و بەردەوامبوونی ژیانی سیاسی و نهێنی بەرەو ناوەندی ئێران وەڕێ کەوت، بەڵام لە نێوان ڕێگای تاران - تەورێزدا بە هۆی

سیخوڕە نهێنییەکانی رژێم ناسرایەوە و دەستگیرکرا. لە گیرانی سولەیمان هیچ کەس ئاگادار نەبوو، دوای تێپەڕینی ماوەیەک، «عەبدولای حەکیمزادە» وێنەی سولەیمان لە لاپەڕەی رۆژنامەیەک لە نێو زیندانییەکانی ژێردەستی رژێمدا دەبینێت و هەواڵ بە بنەماڵەکەیان دەگەیەنێت. سولەیمان لەژێر ئازار و شکەنجەی زیندانەوانانەدا دەمێنێتەوە هەتا رۆژی ١ی ئاداری ١٩٥٧ لە بەرانبەر ئەسپاردنی بارمتەیەکی دە هەزار تمەن-ی ئەو سەردەمە، ئازاد کرا.

سولەیمان ماوەیەک لە تاران دەمێنێتەوە و لەگەڵ هاوبیرێکی خۆی بەناوی «بەحری» دەست بە چالاکی دەکاتەوە، بۆ داپۆشینی هەڵسوڕانی سیاسی، دوکانێکی وێنەگری دەکەنەوە و خەریکی کار دەبن. سولەیمان موعینی ناتوانێ خەڵکی خۆی لەبیربکات و لە هەندەران بمێنێتەوە، هەربۆیە دەگەڕێتەوە مەهاباد. لە ساڵی ١٩٥٩، لەگەڵ کچێکی خەڵکی گوندی سیاقۆڵ، بەناوی «مریەم عومەری»ی زەماوەند دەکات و ساڵی ١٩٦٠ دەبنە خاوەنی کوڕێک و ناوی لێ دەنێن «سیامەند».

پێکەوەنانی خێزان و باوەشی گەرمی بنەماڵەش ناتوانێ ئەو هیوا گەرمەی کە لە مێشکی سولەیمان دایە لەنێوببات.

لە ساڵی ١٩٦٠دا رژێمی پاشایەتیی ئێران هێرشێکی هەمەلایەنە و بەربڵاوی کردە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاکامی ئەو هێرشەدا زیاتر لە١٥٠٠ گەنج و لاو کەوتنە بەردەستی هێزەکانی پۆلیس و سەرباز. ئەم رەشبگیری و بێسەروشوێن کردنە بە هۆی عەبدولا موعینی (براپچووکی سولەیمان) بەو ڕادەگاتەوە، ئەویش هاوڕێکانی ئاگادار دەکاتەوە و بە پێی بەرنامەیەکی زۆر نهێنی، لەگەڵ چەند هاوڕێیەک، بەهیوای گەیشتن بە باوەشی «شۆڕشی باشووری کوردستان» بەرەو باشوور دەکەونە ڕێ.



سولەیمان موعینی و هاوڕێکانی هەر کە دەگەنە باشووری کوردستان، بە ئاگاداری و لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکایەتی ئەوسەردەمەی بزووتنەوەی چەکداری باشووری کوردستان، لە هەوڵی سازمانکاری و بووژاندنەوەی ڕێکخراوە پەرشوبڵاوبووەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبن.

دەزگای ساواک و سوپای ئێران لە ساڵی ١٩٦٥دا، دیسان هێرش دەکەنە سەر ڕێکخراوە نهێنییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ژمارەیەک لە خەباتکارانی دەگرن، بەڵام ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب کە یەکێک لەوان «عەبدوڵا موعینی» بوو، لە زەختی پۆلیس ڕزگاریان دەبێ و پەنا دەبەنە بەر باشووری کوردستان.

کۆمبوون و تێکەڵبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕەپانی تێکۆشانی باشووری کوردستاندا بە پێشەنگەیەتی سولەیمان موعینی (فایەق) و عەبدوڵلای ئیساقی (ئەحمەدتۆفیق)ەوە، ڕژێمی ئێرانی تۆقاند.

بۆ ڕاگرتن و تێکدانی ڕێکخراوی تازەدامەزراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ساواک لە مەهاباد کەوتەوە خۆ. سەرەتا بنەماڵەی کەسانی بەناوبانگی وەک سولەیمان موعینی دەخەنە لیستی هەرە باڵای میکانیزمی کار و خەباتە دزێوەکانی خۆیان. هەربۆیە لە لایەن ساواک-ەوە بە «میرزا محەممەدئەمین موعینی(باوکی سولەیمان موعینی)» ڕادەگەیەندرێت: «شای ئێران لە کار و کردەوەکانی سولەیمان و هاوکارانی خۆش دەبێت، بە مەرجێک دەست لە چالاکی هەڵبگرن و بگەڕێنەوە زێد و نیشتمانەکەی خۆیان.» تەنانەت ساواک بەڵێنیی هەمە چەشنە کارئاسانی و پێدانی پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئیداریی بۆ سولەیمان موعینی دەستنیشان دەکات. باوکی سولەیمان موعینی سەری بۆ ئەم فەرمانە نزم نەکرد و هیچ وەڵامێکی نەدانەوە. هەربۆیە ساواک «کەریم خوسرەوی (کەسایەتی ناسراوی مەهاباد و خزمی بنەماڵەی موعینییەکان)» بەهەمان مەبەست و بە هەمان بەڵێنەکانەوە ڕەوانەی باشووری کوردستان دەکات.

سولەیمان موعینی کە دوژمنی کوردی باش دەناسی و پیلانە گڵاوە مێژوویەکانی دەزانی، وەڵامی بۆ ناردنەوە و پێی ڕاگەیاندن: «من ڕۆڵەی کوردم، خۆم بە ئاڵاهەڵگر و درێژەدەری ئامانجە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان دەزانم. من پێشەکی و هەر لەسەرەتای کار و هەڵوێستگرتنەکانمدا، شێوەژیان و شێوەمەرگی خۆم دیاری کردووە و هەرگیز ئەم گرانبارە زەنگین و ڕەنگینەم بە هەموو ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی ناگۆڕمەوە.»

سولەیمان موعینی، بە دڵ و گیان هەموو وزەی خۆی دەخاتە خزمەت شۆڕشەوە و لە نزیکەوە لەگەڵ «مەلا مستەفا بارزانی» کار دەکات و بەشێکی هەرە زۆری ڕۆژنامەی «دیسان بارزانی» بە قەڵەمی ئەو دەنووسرێت. لە کار و چالاکی سیاسی و ڕێکخستنیدا تێکۆشەرێکی گیانبەختکار دەبێت و لە هیچ مەترسییەک سڵ ناکاتەوە.

سولەیمان و ژمارەیەک لە هاوخەباتانی ئەو، لە بزووتنەوەی چەکداری باشوور وردتر دەبنەوە و وردبینانەتر سەیری پەیوەندییەکان و پلە و پایەی کادرەکان دەکەن، زوو تێدەگەن کە دەزگەی «شۆڕش» بە سەرۆکایەتیی بارزانی، لە ڕێگەی خزمەت بە گەلەکەی لای داوە. هەروەها سولەیمان بە چاوی خۆی دەبینێ کە دەرەبەگە مەزنەکانی ئەو سەردەمە لەنێو پارتی دێموکرات، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی عەشیرەتی خۆیان و دەرەبەگەکانی دیکە کەڵکی ناسیاسی لە ئیمکانیاتی «شۆڕش» وەردەگرن. هەر ئەم شێوە کارەی مەلا مستەفا بارزانی و دارودەستەکەی دەبێتە هۆی دابڕان و دوور کەوتنەوەی ڕوناکبیر و زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقدا. هەر درێژەدان بەم سیاسەتە و لایەنگیری لە دەرەبەگەکانیش بوو کە توانی ببێتە هۆی شێواندن و تاریک کردنی پەیوەندییەکانی نێوان «عەبدولکەریم قاسم» و مەلا مستەفا بارزانی کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت و سەرەنجام شەڕی لێ کەوتەوە. لە درێژەی شەڕی نێوان هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و بزووتنەوە چەکدارییەکەی کورد لە باشوور، مەلا مستەفا دەستی یارمەتیی بۆ شای ئێران درێژ کرد و شۆڕشی کوردی خستە باوەشی ڕژێمی ئێران.

بارزانی بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی شای ئێران، سیاسەتی خۆی لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی ئێران داڕشتەوە و لە گوتەکانی خۆیدا دەڵێت: «ئێمە دەبێ پێشەکی گەلی کورد لە عێراق ئازاد بکەین، جا دوایە بیر لە بەشەکانی دیکە دەکەینەوە.» بە مانایەکی دیکە »خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەینە قوربانیی سیاسەتی پێوەندییەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕش لەگەڵ شای ئێراندا.»

بەڵام سولەیمان موعینی و هاوڕێکانی مل بۆ ئەم سیاسەتە نادەن و لە ژێر تیشکی بیر و فەلسەفەیەکی نەتەوەییدا، بەرپەرچی ئەم شێوە خۆبەدەستەوەدانە دەدەنەوە و پێوەندییەکانی مەلامستەفا و شای ئێران بە قوماریکی پڕ لە مەترسی دیپلۆماسی دەزانن.

بارزانی کە لە هۆشیاری و زانایی سولەیمان موعینی ئاگادار بوو، پێی وابوو ئەگەر پلە و پایەی ئەو لە شۆڕشدا بچێتەسەر، ئەوا لایەنگرەکانی ڕادەکێشێت و ئەوانی دیکەش بەشوین ئەودا دەچن. بەڵام سولەیمان، کە ڕۆڵەی دڵسۆزی گەلی خۆی بوو، بە کردەوە هەموو ژیانی خۆی و ئاسایشی بنەماڵەکەی خۆی لە پێناو هەستی بەرزی نیشتیمانپەروەریدا فیدا کردبوو، هەرگیز لە بەرانبەر پلە و پایەی حیزبی و سیاسیدا ئامادە نەبوو مل بۆ سیاسەتی ناڕاست کەچ بکات و لە ڕێی خزمەت لابدات.

بەهۆی قوڵبوونەوەی پەیوەندییەکانی مەلا مستەفا بارزانی و ڕژێمی ئێران، بەرەبەرە دەزگەی پاراستنی ئێران (ساواک)، شوێنپێی زیاتر و قوڵتری لە جەرگەی بزووتنەوەی چەکداری باشووردا وەدەستکەوت، دەسەڵاتی زیاتری تێدا وەدەستهێنا.

لەدایکبوونی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان) لەو سەردەمە دا، جوڵانەوەیەکی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان درووست کرد کە دەزگەی پاراستنی ئێران بە مەترسییەکی مەزنی لێکدایەوە. کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئەگەرچی وەک هەڵوێست، لە هەنگاوی یەکەمدا خەباتی سیاسیی گرتبووە پێش، بەڵام ساواک و دەزگەی سیخوڕیی ئێران لەدایکبوونی ئەو سیستەمە نوێیەیان بە مەترسییەکی گەلێک مەزن دەزانی، هەربۆیە بە هەموو تواناوە لە ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هێزی نیزامی، جاش و سیخوڕیان بۆ وەگەڕخست. لە بەشی باشووری کوردستانیش ئاستەنگی توندوتۆڵیان خستە سەر ڕێ.

دەزگەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێمۆکرات کە بریتی بوون لە: «سولەیمان موعینی، سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، خەلیل شەوباش، عەبدولا موعینی، مەلا مەحموود زەنگنە و چەند خەباتکارێکی دیکە» کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی جاش و سوپا. لە هەردوو بەری سنووران، بزوتنەوە ساواکەیان لە خوێندا نوقوم کرد.

لە ڕاستیدا ئامانجی بە بەرنامەی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێمۆکرات، پەیوەندی گرتن لەگەڵ زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە شار و دێهاتەکانی کورستانی ڕۆژهەڵاتدا بوو، کە هەر لە دەسپێک و سەرەتای کاردا، لە سایەی سەرڕاستی و دڵ و دەروون خاوێنی ئەندامانی بەڕێوەبەر، کادر و هەوادارانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبدا، ژمارەیەکی بەرچاوی هێزی زەحمەتکێشیان پێوە لکا. ڕێکخستنی هێزی زەحمەتکێش و ڕاکێشانی ڕوناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمیتەی ئینقلابی ئەوەندە ناودار کرد کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو مەڵبەندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە.

دەزگەی ساواکی ئێران کە لە باشووردا حوکمی دەڕۆییشت. لە یەکەم هەنگاودا بۆ لە ڕیشە دەرهێنانی کۆمیتەی ئینقلابی، بە فەرمانی شای ئێران یەکێک لە خوێنخۆرترین فەرماندەکانی خۆی بۆ سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات تەرخان کرد. ئەو کەسە »ژەنەڕاڵ ئەرتەشبود ئوەیسی» بوو کە لە ئاست شای ئێراندا بە گەورە نۆکەر، لە لایەن گەلی کوردەوە بە خوێنمژترین دوژمن ناسراو بوو. ئەو ژەنەڕاڵە، فەرمانی لەناوبردنی بزووتنەوەی نوێی گەلی کوردی لە شای ئێران وەرگرت و دەستییپێکرد. ژەنەڕال ئوەیسی، دوای ئەوەی کە لەو دیوی سنووری ڕۆژهەڵات دڵنیا بوو، لەم دیوەشدا هێزێکی لە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان ساز کرد و بە هەموو هێزی سیخوڕ و جاش و سوپاوە قۆڵی فەوتاندنی لێ هەڵماڵین.

زۆری نەخایاند لە ئاکامی پیلانێکی ڕێکخراو کە کەسێک بەناوی «قادر تەگەرانی» ئەنجامیدا. سولەیمان موعینی و خەلیل شەوباش لە ڕێگەی شاری سلێمانی - سیتەک کەوتنە داوی پیاوانی سەدیق ئەفەندی و ڕەوانەی بنکەی بارزانی کران.

جێگەی باسە شێخ لەتیفی حەفید، دۆستایەتی، نزیکایەتی و هاوڕێیەتییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. گەلێک جاران کارئاسانیەکانی ئەو دەبووە هۆی پێشکەوتنی بەرنامەکانیان.

شەوێک کە سولەیمان موعینی و سیامەندی کوڕی و خەلیل شەوباش سەردانی شێخ لەتیف دەکەن، شێخ لەتیف بەئاشکرا پێیان دەڵێت: «خۆتان لە داوی قادر تەگەرانی بپارێزن، چونکە ناوبراو گرێدراوی چەند سیاسەتێکی دژ بە یەکە و پێدەچێت لەم بوارەدا خەریکی سات و سەودای سیاسیش بێت.» سولەیمان لە وەڵامدا دەڵێت: «من لەمێژە قادر تەگەرانی دەناسم و باوەڕ ناکەم ئەو بیری پیس و چەوتی بۆ ئێمە هەبێت.» بەڵام بەداخەوە دوایی دەرکەوت کە قادر تەگەرانی هاوکات پیاوی ئێران، عێراق و بارزانییە و سێ سەرە خەریکی سەوداکردنە.

هەر ئەو ڕۆژەی کە قادر تەگەرانی بە پێی پیلانێک سولەیمان موعینی و خەلیل شەوباش بە «جێپ لاندرۆڤەر»ەکەی لە ڕێگەی سیتەکەوە بۆ سلێمانی دەبات، لەوێ ڕادەستی کەسێک بەناوی «سەدیق ئەفەندی»یان دەکات. سەدیق ئەفەندی لە ڕێگەدا خەلیل شەوباش شەهید دەکات و سولەیمان موعینی بۆ بنکەی بارزانی دەگوازێتەوە.

دەگێڕنەوە کە مەلا مستەفا بارزانی لە کاتی گەیشتنی سولەیمان موعینی، بە ئەوپەڕی بێڕێزی و بەدەم جوێن و قسەی ناشایستە، کە لە سەرۆکی بزووتنەوەی میللەتێک بەدوورە، سولەیمان دادەگرێت و پێی دەڵێت: «باشترین کار ئەوەیە خۆی ڕادەستی ئێران بکاتەوە و لەگەڵیان پێکبێت، بەڵام سولەیمان ڕابردووی دەخاتەوە بیر و دەڵێت: «ئەو سەردەمەی کە وا شۆڕشی باشووری کوردستان لە ئەوپەڕی هەژاریدا بوو، من و کەسانی وەک من بۆی تێکۆشاوین و هەرگیز چاومان لە حەسانەوە و سازان لەگەڵ حکومەتە داگیرکەرەکان نەبووە کە ئێستا من هەم بێت. من وەک کوردێک کە هەڵگری بیر و باوەڕێکی خاوێنی کوردانەم، بۆم هەیە بە شوێن ئاواتەکانمدا بڕۆم و گیانمی بۆ بەخت بکەم. من هەرگیز ئامادە نیم سەرم شۆڕ بکەم و مل بۆ ڕژێمێک دانەوێنم کە دەستی بە خوێنی کۆمار سوورە.»

ئەوەی کە ئاشکرایە، لەو دەمەدا جگە لە مەلا مستەفا بارزانی، ئیدریس و مەسعوودی کوڕی و دوو کارگێڕی ساواک-ی ئێرانیش ئامادە بوون و گوێگری ئەم قسە و باسەی بارزانی و سولەیمان بوون.

مەسعوود بارزانی لە کتێبی «البارزانی و الحركة التحررية الكردية» لە لاپەڕەی٣٦٢دا نووسیویەتی: «لە ١٩٦٧دا شۆڕش ناچاربوو کارێکی ناخۆش ئەنجام بدات، کە نەدەتوانرا خۆی لێ ببوێردرێت. ئەویش کاتێک سلێمانی موعینی کە دژی ئەحمەد تۆفیق بوو دەستگیر کرا، کە چووبووە پاڵ جاشەکانی ٦٦ و هاوکاری ڕژێمی عێراقی لە دژی شۆڕش کردبوو، ئیدی کوژرا و لاشەکەی بۆ ئێران نێردرایەوە. نەدەکرا وا چاو لە مەسەلەی چارەنووسی سلێمانی موعینی بکرێت کە مەسەلەیەکی

حیزبی ناوخۆییە. ئەو هاوکاری جاشە کانی ٦٦ی کردووە و دوژمنی شۆڕشە و ناکرێت کێشەکەی جیابکرێتەوە بە بیانووی ئەوەی کە پەیوەندی بە کاروباری حیزبەکەیەوە هەبووە. هەرچەند ئیمە ئەو کۆتاییە ناخۆشەشمان بۆ ئەو پیاوە نەدەخواست.»

مەسعوود بەبێ بەڵگە سولە یمان موعینی تۆمەتبار دەکات و کوشتن و ڕادەستکردنەوەی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئێران، بە کارێکی ئاسایی دادەنێت و ڕەوایەتی دەدات بە فرۆشتنی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئێران، لە ژێر سێبەری «شۆڕشی باشوور»دا.

مەلا مستەفا بارزانی، فەرمان دەردەکات سولەیمان بخەنە بەندیخانەی شۆڕش. پاشان فەرمان بە «هەژار موکریانی شاعیر» دەکات کە سەردانی سولەیمان موعینی بکات و بە هەر زمانێک بێت، ئەو ناچار بە چوونەوە و خۆبەدەستەوەدان بکات. هەژار، هەر بەو شێوەی کە لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا نووسیویەتی، لە جیاتی دڵدانەوە و دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ بەردەوامبوونی خەباتی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەست دەکات بە دادگەیی کردنی سولەیمان. تەنانەت لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا کە دوای مردنی چاپ کراوە، گەلێک ناو و ناتۆرەی دوور لە ڕاستی داوەتە پاڵ سولەیمان موعینی و تاوانەکانی سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەی بارزانی پێ شاردۆتەوە. ئەگەرچی نووسراوەکانی هەژار لە ئاست موعینی تژە سووکایەتی و بێ ڕێزین، بەڵام دیار و ئاشکرایە کە هیچیان درووست نین و هەر هەمووی ئەوەندە ساختەچییانە سازکراون، کە ڕواڵەتی شاعیرانەی هەژاریان هێناوەتە ژێر پرسیارەوە. دەبێ بڵێین جێی گەلێک داخ و کەسەرە بۆ پیاوێکی ئەدیب و شاعیری وەک هەژار، کە سەردەمێک لەگەڵ مامۆستا «هێمن» دوو شاعیری میلیی کوردستان بوون و لە ڕیزی یارانی بە وەفای «پێشەوا قازی محەمەد» دەناسران، لەو سەردەمە ناسکەدا کە بزووتنەوە و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دنەدەر و چاوسووری زانا و لێهاتووی گەرەک بوو، هەژار لە جیاتی کۆمەک و پشتیوانی لە سەرهەڵدانی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شان بە شانی کاربەدەستانی ساواک، تێکۆشەرێکی کورد دادگەیی دەکات و دوای تێرۆرکردنیشی، بە ئەوپەڕی هەژاری و کەسادی و دۆڕاوییەوە لە چێشتە مجێور نەخۆرەکەیدا بە خراپە باسی ئەو کەسە دەکات و هەر لە سەردەمی کوڕ و کاڵی و لە هەرەتی لاوەتیی خۆیدا دەستی لە هەرچی خێر و خۆشی ناو بنەماڵەکەی هەڵگرتبوو و فیداکارانە بۆ کوردستان تێدەکۆشا.

لە کتێبی «چپ در ایران به روایت اسناد ساواک - لاپەڕە ٣٠٦» سەبارەت بە هەژار موکریانی نووسراوە: «عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی کوڕی مەلا محەممەد ناسراو بە هەژار، لە ساڵی١٣٢٥ لەگەڵ یاخییەکان هاوکاری کردووە. پاش تێکشکانی سەرهەڵدانی ئازەربایجان و لە بەینچوونی قازی محەممەد، هە ژار هەڵدێتە عێراق و لەو ناوچەیەی مەلا مستەفای لێ

دەبێت جێگیر دەکرێت، ناوبراو لەو ماوەیە کە لە عێراق دەبێت لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هاوکاری دەکات و هاوکارییەکەش بەو چەشنە دەبێت کە شیعر و هەڵبەستیان بە زمانی کوردی بۆ ساز دەکات، هاوکات کاری تە بلیغیان بۆ ئەنجام دەدات.»

بەپێی ڕاپۆرتی ساواک لە ١٤ی ئابی ١٣٥٤ ناوبراو وەبەر لێبووردنی شا دەکەوێت و لەگەڵ مەلا مستەفا دێتەوە ئێران و دەنێردرێتە کەرەج، ماڵێکی دەدرێتێ کە نرخی زیاتر لە یەک ملیۆن تمەن بووە و مانگانەش مووچەی چوار هە زار تمەنی بۆ دەبڕێتەوە. ناوبراو لە وەزعی خۆی زۆر ڕازی بووە.» بەپێی ڕاپۆرتی ساواک، هەژار لە ساڵی ١٣٥٤ لەگەڵ مەحموود جەعفەریان (جێگری سازمانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی میللی ئێران) قسە دەکات و زۆری پێ خۆش دەبێت هاوکاری بەرنامە کوردییەکانی ڕادیۆی ئێران بکات. لە ساڵی ١٣٥٥ ئەو کارەی پێ دەسپێردرێت.

بەپێی ڕاپۆرتی ساواک، لە ٧ی ئابی ١٣٥٦ هەژار دەڵێت: «تەمەنێکم تێپەڕکردووە و تێگەیشتووم کە ژیانم دۆڕاندووە، ئێستاش دەمەوێ بۆ خۆم بژیم.»

دوای نائومێدبوونی دەزگەی بارزانی بۆ ڕوخاندنی کەسایەتیی سولەیمان موعینی، مەلا مستەفا بڕیار دەدات موعینی ڕادەستی ئێران بکرێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی ساواک لە وەرگرتنی سولەیمان بە زیندوویی خۆ دەپارێزن و داوای تەرمی بێ گیانی ئەو لە بارزانی دەکەن. بارزانی و داروودەستەکەشی بەبێ ئەوەی مەبەستی ساواک لێکبدەنەوە، ئەم کارەش دەکەن و سولەیمان موعینی بە دەستی بەستراو شەهید دەکەن.

ساواک لەم کارەدا دوو ئامانج دەپێکێت، یەکەم: تێکدان و پەرشوبڵاوکردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی تازەپێگرتوو. دووەم: ڕەش و دزێوکردنی ڕواڵەتی بزووتنەوەی کورد لە باشوور، بەتایبەت لە پێش چاوی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساواک هەردوو مەبەستیشی بۆ پێکهات. بزووتنەوەی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نوقمی خوێن کرد و شەپۆلی نارەزایەتی و ڤین و تووڕەیی خەڵکی زەحمەتکێشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی لە «سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کوردستان» بزواند.

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی ئایاری ١٩٦٨ (٢٥ی ٢ی ١٣٤٧ی هەتاوی) ، بە فەرمانی «سەرۆکی شۆڕشی کوردستان»، سولەیمان موعینی شەهید دەکرێت. هەر ئەو ڕۆژەش تەرمەکەی بە کۆپتەر دەگوازرێتەوە ئەودیوی سنوور و لە پیرانشار (خانێ) دادەنرێت. بۆ ورە بەرزکردنەوەی هێزی نیزامیی شاهەنشاهی، نیشانی سەرباز و هێزەکانی ڕژێم دەدرێت، دوای وێنەگرتنی، تەرمەکە ڕەوانەی شاری مەهاباد دەکرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو ڕۆژەی کە هەواڵی شەهیدکرنی سولەیمان موعینی لەنێو خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری دەنگی دایەوە، خەڵک ڕژانە سەر شەقام و کۆڵانەکان. دوکان، بازاڕ و دائیرەکان داخران و بە گشتی بەرەو گۆڕستانی «بداغ سوڵتان» کەوتنەڕێ. ڕۆژی هەینی ١٧ی ئایاری ١٩٦٨ (٢٧ی ٢ی ١٣٤٧ی هەتاوی) شەهیدی سەربەرزی کورد، لە سەر دەست و باوەشی گەرمی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاکی نیشتیمانەکەی دەسپێردرێت.

هەتا ئەو ڕۆژە، مەلا مستەفا وەک ڕەمزی شۆڕش و کاریزمایەکی بە تواناى کوردایەتی ناوی لەسەر زمانی کوردانی رۆژهەڵات بە خۆشی و ڕەوانی دەگەڕا، بەڵام بەم هەڵوێستە ناشایستەیە و بەم سوورکردنی پەنجەی شۆڕش بە خوێنی ڕۆڵەی شۆڕش، ئیدی ڕەمز و کاریزماکە شکا و هەتا لە ژیان دابوو، نەکەوتەوە نێو دڵی گەلی کوردستان.

کاتێک «محەمەد ئەمین موعینی» هەواڵی شەهیدکردنی سولەیمانی کوڕی دەبیستێت، دەڵێت: «پێم وانییە مەلا مستەفا ئەم کارەی کردبێت، چونکە من گەلێکم خزمەتی مەلا مستەفا کردووە و قەت بڕوا ناکەم ئەو خیانەتە مەزنە بە دەستی ئەو لە کورد کرابێ.» بەڵام دواتر بۆی ڕوون بوویەوە کە تاوانەکە بە بڕیاری ساواک و بە دەستی بارزانییەکان کراوە.

--------------------

زانیارییەکانی ئەم بابەتەم لە »کوردیپێدیا« وەرگرتووە و پێیداچووومەتەوە.


شاسوار مامە - ١٥ی ئایاری ٢٠١٧ - بەرلین

سەرچاوە: ماڵپەڕی قادرزادە - ڕێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# ئەمڕۆ ساڵیادی تیرۆرکردنی سولەیمانی موعینی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لەلایەن بارزانی و پارتییەوە



ژ - ت(ناوەندی هەواڵ)

ئەمڕۆ ٥٤هەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی سولەیمان موعینی یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان (پەدەکە) بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانییەوە. بارزانی تەرمەکەی موعینیی رادەستی ساواک و حکومەتی پاشایەتیی ئێران کردەوە.

حکومەتی داگیرکەری پاشایەتیی ئێران وەک داگیرکەرەکانی تری کوردستان هەموو مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەوتکردبوو. گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بە بەدەستهێنانی مافەکانی لە دژی ڕژێمی پاشایەتی دەستی بە تێکۆشان کرد. چەندین کەسایەتی و پێشەنگی شۆڕشی ئەو سەردەمە لە دوای کۆماری کوردستان خۆیان ڕێکخستەوە و بزووتنەوەیەکی بەربڵاو و بەرفراوانیان لە دژی ڕژێمی داگیرکەری ئێران دروستکرد و سەدان ڕۆڵەی گەلی کورد بەشدارییان لەو بزووتنەوەیەدا کرد.

بەهۆی هەوڵی ئەو تێکۆشەرانەوە لە ساڵانی ١٩٦٧ بۆ ١٩٦٨ بە پێشەنگایەتیی سولەیمان موعینی (ناسراو بە فایەق ئەمین)، مەلا ئەحمەد شەڵماشی (ناسراو بە مەلا ئاوارە)، ئیسماعیل شەریفزادە، محەمەد ئەمین سیراجی، قادر شەریف، خەلیل مستەفازادە (ناسراو بە خەلیل شەوباش) و.. هتد بزووتنەوەیەکی بەرفراوانیان بۆ ئازادیی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد ڕێکخرا.

جموجوڵ و چالاکیی ئەو پۆلە لە شۆڕشگێڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان رژێمی پاشایەتی ئێرانی رووبەرووی قەیران کردبووە. لە بەرامبەردا هێزە جۆراجۆرە شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمە هەستیان بە گەورەیی و بەهێزیی ئەو بزووتنەوەیە کرد و دەستیان بە پشتیوانیکردن لەو بزووتنەوەیە کرد و ژمارەیەک لە پێشەنگەکانی خۆیان رەوانەی کوردستان کرد بۆ ئەوەی پشتیوانی لەو تێکۆشانە بکەن. یەکێک لەو کەسایەتییانەش کوروش لاشایی بوو. لە باشووری کوردستانیش باڵی مەکتەبی سیاسی و حزبی شیوعی و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکان وەک شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید و دەیان رۆشنبیر پشتیوان و دۆستی ئەو شۆڕشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

ئەو شۆڕشگێڕانەی رۆژهەڵات هەر وەک هەموو بزووتنەوەکانی تر لەلایەن ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و خەڵکی باشووری کوردستانەوە پشتیوانییان لێدەکرا و بەو هۆیەشەوە بۆ ڕێکخستنی کارەکانیان لەباشووری کوردستانەوە دەستیان بە جموجوڵ و خۆڕێکخستنەوە کرد. هاوکاتیش هەموو جۆرە هاوکارییەکیان پێشکەشی شۆڕشی باشووری کوردستان دەکرد و لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاوکاریی بەردەوامیان بۆ شۆڕشەکەی باشووری کوردستان کۆدەکردەوە و پێشکەشی ئەو شۆڕشەیان دەکرد.

رژێمی داگیرکەری پاشایەتیی ئێران بۆ لەناوبردن و پاکتاوکردنی ئەو بزووتنەوەیە دەستی بە جموجوڵ و هاندانی سیخوڕەکان و بەکرێگیراوەکانی کرد، چونکا ئەو پشتیوانییەی باشوور و یەکگرتوویی تێکۆشەرانی باشوور و رۆژهەڵات لەو سەردەمەدا بە تەواوەتی رژێمی پاشایەتیی تەنگاوکردبوو، بۆیە لە ڕێگەی ساواک و بەکرێگیراوەکانییەوە پەیوەندیی بە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و بارەگای بارزانی بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانییەوە کرا و داوایان لێکردن ئەو کەسانە بکوژن، یان دەستگیریان بکەن و رادەستی ئێرانیان بکەنەوە.

بارەگای بارزانی بەهۆی وەرگرتنی پارەی بەردەوام لە ساواک و رژێمی ئێران و بەهۆی ئەو پشتیوانیانەی رژێمی داگیرکەری ئێران لێی دەکردن، بە خێرای لە دژی شۆڕشگێڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەستبەکاربوون و لە ڕێگە پیاوەکانیانەوە دەستیان بە پیلانگێڕی کرد و تەونی سیخوڕییان بەسەر کار و چالاکیی ئەو شۆڕشگێڕانەوە دروستکرد و چەندین پروپاگەندەی زۆر

نەشیاو و بەدەر لە هەموو پێوەرێکی مرۆیی و نەتەوەیی لە دژی ئەو تێکۆشەرانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردەوە.

بارزانی و پارتی لە دوای هەڵبەستنی چەندین درۆ و چەواشەکاری لە دژی تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕازیکردنی دەزگای سیخوڕیی ساواک دەستی بە ئەنجامدانی پیلانگێڕییەکانی کرد. بە فەرمانی بارزانی و پارتی چەندین کەسایەتی و شۆڕشگێڕی ئەو سەردەمەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر داوای رژێمی پاشایەتیی ئێران و ساواک تیرۆر کران.

سولەیمان موعینی، کە یەکێک لە پێشەنگە دیار و بەرچاوەکانی ئەو بزووتنەوەیە بوو راستەوخۆ لەلایەن پارتی و بارزانی و ساواکەوە کرایە ئامانج.

لەو کاتەدا سولەیمان موعینی و خەلیل شەوباش لە دوای ماوەیەک مانەوە لە سلێمانی و رێکخستنی بەشێک لە کاروبارەکانیان و کۆبوونەوە لەگەڵ چەندین کەسایەتیی ئەو سەردەمەدا بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە سلێمانییەوە بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێکەوتن. پارتی لە رێگەی سیخوڕێکییەوە بە ناوی قالە تەگەرانی دەستیکردبوو بە چاودێریکردنی جموجوڵەکانی سولەیمانی موعینی و قالە تەگەرانی خۆی وەک دۆستی موعینی نیشان دابوو. سولەیمانی موعینی ڕاستەوخۆ لەلایەن شێخ لەتیفی شێخ مەحمود، کە یەکێک لە دۆستە گرنگەکانی ئەو دەمی شۆڕشی ڕۆژهەڵات بوو لە دوای کۆماری کوردستان ئاگادار دەکرێتەوە، کە خۆی لە قالە تەگەرانی بە دوور بگرێت.

موعینی لە بەرەبەیانێکی زوودا لە سلێمانی شاخی گۆیژە بە ئۆتۆمبێلە جێبەکەی قالە تەگەڕانی تێدەپەڕێنێت و دەگاتە ناوچەی سیتەک. قالە تەگەرانی پێشتر پارتی و مولازم سدیق ئەفەندیی لە گەشتەکەی موعینی ئاگادار کردبووە، بۆیە مولازم سدیق ئەفەندی لەسەر داوای بارزانی و بەپێی بەرنامەیەکی پێشوەختە بۆسەیەکیان بۆ سولەیمان موعینی و خەلیل شەوباش دانا و لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیاندا بە بەرچاوی قالە تەگەرانییەوە دەستگیریانکردن. بە ڕێزەوە قالە تەگەرانییان بە رێکرد و بە توندوتیژی و بێڕێزییەوە پەلاماری موعینی و شەوباشیان دا. لەسەر فەرمانی بارەگای بارزانی هەر لەوێدا خەلیل شەوباش بە بەرچاوی سولەیمان موعینی-یەوە تیرۆر دەکەن و سولەیمان موعینی-یش بەرەو بارەگای بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەو کات دەبەن.

سولەیمان موعینی لە سەرکردایەتیی شۆڕشدا گوشارێکی زۆری خرایە. ڕاستەوخۆی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی سەرپەرشتیی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە و گوشارەکانی سەر موعینیان دەکرد. مستەفا و ئیدریسی کوڕی هەموو سنورێکیان بەزاند و تەنانەت لە رێگەی چەند کوردێکی ئێرانەوە، کە لەو سەردەمەدا خزمەتکاری بارەگای بارزانی بوون چەندین

سوکایەتی بە موعینیی شۆڕشگێڕ و کوژنەدەر کرد. تاقمەکەی بارزانی زۆر هەوڵیاندا سولەیمانی موعینی بیکەنە پیاوی دەستەمۆی خۆیان، بەڵام سەرباری هەوڵە بەردەوامەکانی کەسە نزیکەکانی بارزانی، موعینی خۆڕاگریی کرد و خۆی نەدا بە دەست داواکەیانەوە.

بارزانی و حیزبەکەی بەوە نەوەستان، بەڵکو سەرجەم ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەگای بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دا لەگەڵ سولەیمانی موعینی ئەنجام دەران راستەوخۆ بۆ ساواک دەزگای سیخوڕیی ئەو کاتی ئێران دەنێردران و هەموو زانیارییەکانیان لەسەر شۆڕش و جموجوڵی تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان رادەستی رژێمی داگیرکەری پاشایەتیی ئێران دەکرد. ئێرانیش بەو خزمەتەی ماڵی بارزانی یەک بە یەک شۆڕشگێڕانی رۆژهەڵاتی تیرۆر دەکرد.

بنەماڵەی بارزانی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا و ئەوەی ڕادەستی ساواکیان کردووە، شۆڕشی رۆژهەڵاتی کوردستانیان بە ئاژاوەنانەوە ناوبردووە و لێکۆڵەرەکانی سەرکردایەتی پارتی و بارەگای بارزانی لە چەندین شوێن دا جەختیان لەوە کردووەتەوە ئەوەی سولەیمانی موعینی و هاوڕێکانی ئەنجامی دەدەن کاری ئاژاوەنانەوەیە و هەموو کارەکانیان لە دژی رژێمی پاشایەتی زیانی بۆ پارتی و بارزانی دەبێت، بۆیە زۆر هەوڵیانداوە رێگری لە هەموو جوڵەیەکی ئازادیخوازانەی گەلی رۆژهەڵات بە سەرۆکایەتیی موعینی و هاوڕێکانی بگرن.

لە دوای شکستی هەوڵی لێکۆڵەرەکانی پارتی و بارزانی لە رۆژی ١٥ی ئایاری ١٩٦٨ / ٢٥ی گوڵان (بانەمەڕ) سولەیمانی موعینی لەسەر فەرمانی بارەگای بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی تیرۆر دەکرێت و بە خێرایی تەرمەکەی رادەستی جەنەراڵ بەیاتی بەرپرسی دەزگای ساواکی ئەو کاتی ئێران دەکەنەوە. ئەو جەنەراڵە ئێرانییەش تەرمەکەی موعینی لە شنۆ و پیرانشار (خانێ) و مەهابادا بە بەرچاوی خەڵکدا دەگەڕێنێت، بەڵام لە دوای چەند رۆژ بەهۆی نارەزایەتیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە رژێمی ئێران ناچار دەبێت تەرمەکە رادەستی بنەماڵە و کەسوکاری موعینی بکاتەوە. خەڵکی مەهاباد و چەندین ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە رێوڕەسێمکی جەماوەریی زۆر گەورەدا تەرمەکەیان لە گۆڕستانی بوداق سوڵتانی مەهاباد دا بە خاکسپارد.


تیرۆرکردنی کوردە تێکۆشەرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تەنها بە تیرۆرکردنی ئەو سەرکردەیە کۆتایی پێنەهات و هەر یەک لە مەلا ئاوارە و سەدیق ئەنجیری ئازەر و چەندین سەرکردە و شۆڕشگێڕی تری رۆژهەڵات لەو ماوەیەدا لەلایەن پارتییەوە تیرۆرکران، کە بە گشتی لەلایەن شۆڕشی ئەیلولەوە بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی زیاتر لە ٧٠ شۆڕشگێڕی رۆژهەڵاتی کوردستان تیرۆرکران.

پارتی بەو کردەوە تیرۆریستییانەیە بۆ ماوەیەک ڕێگری لە هەستانەوەی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. تەنانەت دوای ئەوەش بارزانی لە ئەمریکا مرد و ڕژێمی پاشایەتیی ئێرانیش ڕووخا، بەڵام هەر بنەماڵەی بارزانی و پارتی، کە ئەو کات پێیان دەوت، قیادە موەقەتە ئامادە نەبوون دەست لە خیانەتەکانیان هەڵگرن و بە خۆیاندا بچنەوە. بۆیە لە ماوەیەکی کورت دا خێرا خۆیان لە ڕژێمی تازە دەستبەکاربووی ئێران بە سەرۆکایەتیی خومەینی نزیک کردەوە و هەر وەک پاسدارێک بوونە بەرگریکارێکی ئەو ڕژێمە. قیادە موەقتە دەستی بە هەڵگیرساندنی شەڕێکی خوێناوی لە دژی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. نەک تەنها شانبەشانی پاسدارەکان، بەڵکو زۆر زیاتر لەوان و زۆر توندتر لەوان لە دژی کۆمەڵە و دیموکرات دەجوڵانەوە. پاسدارەکانیان فێری شەڕ دەکرد و چاوساغییان بۆ دەکردن. بۆ ئەوەی خزمەتکاربوونی خۆیان بە ڕژێمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشان بدەن، چەندین ناوچەیان بۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە دەست پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرهێنا و ڕادەستی سوپای پاسدارانیان کرد. تاوەکو ئێستا بە پێچەوانەی هەموو بانگەشەکان بنەماڵەی بارزانی و پارتی یەکێک لە گەورەترین دۆستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و بە شێوازە جۆراوجۆرەکانیان ڕێگری لە هەموو جوڵەیەکی ئازادیخوازانەی کوردانی ڕۆژهەڵات دەکەن.

ژ - ت

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی هەواڵ - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠٢٢

## کورتە ژیاننامەی محەمەد ئەمینی موعینی




محەمەد ئەمین کوڕی حاجی عەبدوڵلا، کوڕی موعینودەولە، کوڕی حاجی عەبدوڵلا، کوڕی حاجی سەعید، کوڕی حاجی محەمەد ئەمین، کوڕی حاجی عەبدوڵلا، کوڕی حاجی سەعید، کوڕی موعین، کوڕی حاجی مەولانا، لە ساڵی (١٢٨٨ی هەتاوی) ١٩١٠ی زایینی لە شاری سابڵاغ لەدایکبووە. تەمەنی پێنج ساڵان دەبێت کە باوکی لە نزیک ماوەت، دەکوژرێت. قۆناغی منداڵی و لاوێتیی ئەو بە دەستکورتی تێدەپەڕێت. دوای چەندێک دهکەوێتە بواری بازرگانی و سەرو سامانێک پێکە وەدەنێت. ساڵی(١٣١٠هەتاوی) ١٩٣١زایینی دەگەڵ خاتوو «زارا قادری» خێزان پێکەوەدەنێن. پاش ساڵێک کوڕێکیان دەبێت و ناوی «سولەیمان»ی لێدەنێن. دوای سولەیمان، سێ کچیان بە دوای یهکتردا دەبێت بە ناوهکانی: «فاتمە، پەریزاد و ئامین». دوای سێ کچهکان کوڕێکی تریان دەبێت کە ناوی دەنێن «سەعید»، کە زیاتر بە «خانە»ی بانگدەکەن. محەمەد ئەمین لە سەفەر بۆ تەورێز و بەردەوامبوونی لە کاری بازرگانی دا،

ساڵی ١٩٤٢ لە شاری تەورێز، دووەمین هاوسەری خۆی هەڵدەبژێرێت کە خاتوو «زەری خانمی» تەورێزی دەبێ. لەو خانمەیش چوار کوڕ و سێ کچی دەبێ بەناوەکانی: «عەبدوڵلا، جەعفەر، نەوید، مستەفا، سورەییا، ڕەعنا، فەریبا».

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بەهۆی ناسراویی کەسایەتیی ئەو لە کۆمەڵگای کوردستانی ئەو سەردەمەدا و هەروەها چالاکی سیاسی، لە کابینەی حکومەتی کۆماری کوردستاندا پلەی وەزیری ناوخۆی کوردستانی پێدەدرێت و لە پەیوەندییەکانی دیپلۆماسی حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان و ڕوسەکان، بەڕێوەبەرایەتیی کاری میوانداری و پێڕاگەیشتن وەئەستۆ دەگرێت. لە ڕاستیدا قورسایی پێڕاگەیشتنی میوانانی دەرەکی دهکەوێتە سەرشانی بنەماڵەی ئەو. لەم پەیوەندییەشدا ئەرکی

سەرشان و خزمەت بە کوردستان کردنی خێزانی میرزا محەممەد ئەمین، واتە زاراخانمی خێزانی لە هی مێردەکەی نامێنێتەوەو دەکرێ بگوترێ ئەو شێرەژنە چەشنی پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەر شان تێکۆشاوە.

کاری میوانداریی بنەماڵەی موعینی وەک ئەڤینێکی ڕاستەقینە بووە بۆ کوردستان. چونکە لە بری میوانداریێتی و خزمەت بە دیپلۆماتەکانی ئازەر و ڕووس، هەر نەک هەرگیز هیچ جیرە و پاداشێکی لە حکومەتی کوردستان وەرنەگرتووە، بەڵکە لە باری ئابوورییەوە یارمەتیدەری حکومەتی کوردستانیش بووە. میرزا محەممەد ئەمین خۆی گوتەنی، بۆ بەرەوپێشبردنی کار و باری ولات و بۆ خزمەت بە کوردستان و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی، خۆی و بنەماڵەکەی هەموو هەنگاوێکی پێویستیان هەڵێناوەتەوە بەبێ چاوەڕوانیی باری مادی. ئەوەی کە لە حکومەتی کوردستان وەری گرتووە، تەنیا یەک «تمەن»ی کاغەزی بووە کە لە دەستی پێشەوای وەرگرتووە و لە هەموو تەمەنی دواییشیدا ئەو تاک «تمەن»ەی پاراستووە. جار جاریش بە شانازییەوە ئەو تاک تمەنەی بە ماڵ و منداڵەکانی نیشانداوە و فەخری پێوە کردووە. گەلێک جاران خۆی بە ژن و منداڵانی خۆی گوتووە کە ئەو تمەنە لە هەموو گەنج و سامانی دنیا بەرزترە و وەک متفەڕک و بەرەکەتێکی پیرۆز بەلای منەوە هەر دەبێ بمێنێت، چونکە ئەوە پاداشی خزمەتەی خۆمە و یادگاری دەستی پێشەوای نەمرمانە.

لە دانیشتنەکانی خۆماڵێدا گەلێک جار بە منداڵەکانی دەگوت:

«ڕۆڵەکانم! هەتا لە دەستتان دێت و دەتوانن، بەبێ چاوەڕوانی لە مزی و موچەخۆری، خزمەت بە ولاتەکەتان بکەن و هەردەمیش هەوڵبدەن گەل و ولاتەکەتان پێشکەوێ و ئەوەندەی لە دەستتان دێت لە دووبەرەکیی خۆ بپارێزن. پێشکەوتووتن و یەکگرتنی خەڵک، سەربەستی و سەربەخۆیی وەدیدێنێ. ئەمەش بزانن کە دوژمنانتان فێڵبازن و لە نەزانی ئێوە کەڵک وەردەگرن بۆ گوراندنی دوژمنایەتیی ناوخۆ و پێکەوە بەشەڕدانتان ...».

محەممەد ئەمین موعینی لە سەرەتای گەنجی و لاوییدا تێکەڵ بە چالاکیی کۆمەڵەی (ژ - ک) دەبێت و بەپێی گوتەی خۆی و باسکردنی زانایی «حوسێنێ زێڕینگەران»، دەبێ لە ژێر کاریگەریی ئەو کەسایەتییەوە ڕاکێشرابێتە نێو هەڵسووڕانی سیاسیەوە.

دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، محەممەد ئەمین موعینی وەک زۆربەی لێپرسراوان و کاربەدەستانی کۆمار، بۆ ڕاگرتنی یادگارەکانی کۆمار و بۆ پاراستنی گیان، خۆ حەشاردەدەن، بەڵام بە بیستنی لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕابەرەکانی دیکەی کۆمار، لە پەناگا دێنەدەر و بوێرانە دەچنەوە ماڵ. ڕژێمی پاشایەتی هەموو بگێڕان و کاربەدەستانی کۆمار دەگرێت و زۆربە



سەرچاوە
Serchawe

یان حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت. بەڵام چونکە ئەوان گەندەڵیی حکومەتی ئێرانیان لەمێژ بوو ناسیبوو، بە ڕازی کردنی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران و دانی پارە و بەرتیل، حوکمی لەسێدارەدانیان شکاند و کەوتنە بەندیخانە و بە زیندانیی هەتا مردن مەحکوم کران. محەمەد ئەمین موعینی سێ ساڵ لە بەندیخانەکانی مەهاباد، ورمێ و تەورێزدا مایەوەو دواییش بۆ شاری شیراز دوور خرایەوە. دیسان توانی ئەو حوکمەش بکڕێتەوە و لە بری چوونی بۆ شیراز، لە تاران نیشتەجێ بوو. لە تاران دوکانێکی کوتاڵفرۆشتنی کردەوە، بەڵام بەهۆی تاسەی زاراخانم و ئارەزووی منداڵەکانیان بۆ گەڕانەوە، ناچار لە ساڵی ١٩٥٠دا گەڕانەوە مەهاباد. لەوێ بۆ وەدەستهێنانی بژیوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵانی، دەستی بە کار کردەوە، بەڵام هەمیشە لەژێر چاودێریی کاربەدەستانی حکومەتی حەمە ڕەزاشادا بووە. بە گوتەی خۆی، هەتا کەمێک بار و دۆخی سیاسی تووشی نالەباری دەهات، ئەو یەکەم کەس بووە کە کەوتوەتە ژێر چاودێری و جار جاریش کەوتوەتەوە بەندیخانە.

ساڵی ١٩٧٨ کاتێک ڕژێمی حەمە ڕەزاشا بەرەو ڕوخان و مەرگ دەچوو. محەمەد ئەمینی موعینی ئەگەرچی پیاوێکی بە جەرگ و بوێر و دڵگەرم بە شۆڕش بوو، بەڵام زۆرجاران بە کوڕان و کچانی دەور و بەری دەگوت کە چەک و چۆڵ و شەڕ و نائارامی، سەرکەوتن بە گەل نابەخشێت، بەڵکو شێوەکاری شۆڕشگێران لەم سەردەمەدا دەبێ لە ڕێگای بەرزکردنەوەی پلەی ڕامیاری و زانیاری فەرهەنگیی کۆمەڵگا بێت. تەنانەت زۆرجاران دەیگوت: «ئێمەی کورد دەبێ بە دۆست و دوژمن ڕابگەیەنین و پێیان ئیسبات بکەین کە کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و ئازادیخوازە و بەرابەریی مافی هەموو گەلان ستراتیژیی خەباتەکەیەتی».


محەمەد ئەمین موعینی لە ڕۆژی چوارشەممە (٤ - ١٠ - ١٣٧٠ی هەتاوی) ٢٥ - ١٢ - ١٩٩١ی زایینی ماڵاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد و ئاواتی وەدی نەهاتووی بردە ژێر گڵ.

سەرچاوە ماڵپەری بنەماڵەی موعینی



سەرچاوە Serchawe


## کورتە ژیاننامەی عەبدوڵڵا موعینی



Abdullah Moeini 14 April 1943 – 20 June 1968
عەبدوڵڵا موعینی ١٤مانگی نیسان ساڵی ١٩٤٣ ـ ٢٠ مانگی حوزەیران ساڵی ١٩٦٨

عەبدوڵڵا موعینی لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ - ١ - ١٣٢٢ی هەتاوی (١٤ - ٤ - ١٩٤٣)ی زایینی دا لە گەڕەکی سەهۆڵخانەی شاری مەهاباد پێی ناوەتە سەر جیهان. عەبدوڵڵا سەردەمی منداڵیی خۆی لە باوەشی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر و پڕ حەشیمەت دا بەسەر بردووە. لە شاری مەهاباد، لە دوو فێرگەی سەعادەت و سەعدی دا دەورەی سەرەتایی خوێندنی بە ئاخر گەیاندووە و دەورەی ناوەندیشی لە خوێندنگەی محەمەدرەزاشا و پەهلەوی دا تەواو کردووە.

عەبدوڵڵا هەر لە سەرەتای گەنجی و لاوی دا سەرنجی داوەتە سەر خەباتی بێ وچانی سولەیمانی برا گەورەی و لە ڕێکخراوەی نهێنی دا چالاکی نواندووە. لە کۆ کردنەوەی یارمەتی ماڵی و ناردنی بۆ شۆڕشی کوردستانی باشوور دا مۆرە و تاکێکی هەڵسوڕاوی ماندونەناس بووە.



Abdullah Moeini 14 April 1943 – 20 June 1968
عەبدوڵڵا موعینی ١٤مانگی نیسان ساڵی ١٩٤٣ ـ ٢٠ مانگی حوزەیران ساڵی ١٩٦٨

South Kurdistan – Abdullah Moeini & his brother Sulayman Moeini, 1960s
عەبدوڵڵا موعینی لەگەڵ برای سولەیمان موعینی، باشوری کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٠کان

عەبدوڵڵا دوای وەرگرتنی دیپلۆم، نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات، چونکە هێرشی کوتوپڕی دەزگای پۆلیس و ساواکی ئێرانی لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی، بۆ سەر بەدەنەی ڕێکخراوەی نهێنیی شارەکان و گیران و دەسبەسەر بوونی ژمارەیەکی بە رچاوی گەنج و لاوی کورد لە شارەکانی سنە، سەقز، بۆکان، مەهاباد، شنۆ و نەغەدە و گوندە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، عەبدوڵڵا بە ناچاری وڵات جێدەهێڵێت و دەگەڵ چەندێک لە هاوڕێیانی ڕوودەکاتە ئەودیوی سنور و تێکەڵ بە هێزی شۆڕشگێڕی کوردستانی باشوور دەبێت. لە چالاکی پێشمەرگایەتی و بەتایبەت لە ڕونکردنەوە و بەرزکردنەوەی ورەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی زەحمەتکێشی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکدەم ناسرەوێت وخە باتي پيشمەر گايەتی و سیاسی بە دل و گیان دەباتە پیش لە ریگایەش دا جاریک بریندار دە بیت. بەڵام بەداخەوە لە گەرمەی هەنگاوی یەکەم و لە سەرەتا و دەسپێکی پێشمەرگایەتی و سازکردنی شانەی نهێنی لە نێو خەڵکی ئاواییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەواڵی شەهیدکردنی سولەیمان و چەندێک لە هاوڕێیانی پێ دەگاتەوە. شەهید بوونی سولەیمان و هاوڕێیانی نزیکی عەبدوڵڵا، ئەگەرچی زەربەیەکی دەردناک دەبێ، بەڵام عەبدوڵڵا و هاوسەنگەرانی خۆیان نادۆڕێنن و بە ڕوحێکی شۆڕشگێرانەوە خۆ بۆ

خەبات قایمتر دەکەن. بەڵام بە هۆی ساوا بوونی هێزی سیاسی و بەتایبەت ئامادە نەبوون و لەبار نەبوونی هەل و مەرجی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە و، سەربزێوی و خەیانەتی کەسانێکی خۆ بەدەستەوە دەر، لە جەولەیەکی پێشمەرگانەدا لەنزیک گوندی قالویَ لە مەڵبەندی گەورکایەتی، دەکەونە بەر هێرشێکی نابەرامبەری هێزەکانی دوژمن و لە شەڕێکی داسەپێندراو دا عەبدوڵڵا و مینە شەم ڕۆژی پێنج شەممە) ٣٠ - ٣ - ١٣٤٧ هەتاوی (٢٠ - ٦ - ١٩٦٨ زایینی شەهیددەبن.

تەرمی عەبدوڵڵا و مینە شەم دێتەوە ژاندارمەریی مەهاباد، بەڵام ساواک ئامادە نابێ تەرمەکان ڕادەستی کەس و کاریان بکاتەوە .دەڵێن فەرماندەی ژاندەرمەریی ئەو سەردەمەی مەهاباد )سەرهەنگ بابایی(گوتبووی کە تەنیا کەسێک کە دەتوانێ بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی شەهیدەکان سەردانی ساواک بکات و ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێت، شێخ محەمەد معسوم، باوەڕپێکراوی حکومەتە و بەس .باوکی عەبدوڵڵا چەند کەسێک دەنێرێتە لای شێخ، بەڵام شێخ ناچێتە ژێر ئەو داواکارییە و خۆی لێ نادا .ساواک و ژاندارمەری تەرمی عەبدوڵڵا و مینە شەم دەنێرنە پادگانی پیرانشار و لە گۆڕستانێکی کۆنی ئەو شارۆچکەیە دا بە خاکیان دەسپێرن.


سەرچاوە مەڵپەری بنەماڵەی موعینی

---



سەرچاوە
Serchawe

# ٣١ی جۆزەردان و دەستپێکی قۆناغێکی نوێی شۆڕش




**ئاسۆی رۆژهەڵات**

هـاوڕی سـەعید مـوعینی ناسـڕاو بە خـانە، سـاڵی ١٣٢٩ی هەتـاوی لە شـاری مەهابـاد چـاوی بە ژیـن هەڵێنـا. خوێنـدنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سەعدی تەواو کردوو دەورەی ناوەندی لە قوتابخـانەی ناوەنـدی حەمەرەزاشا، لە ڕشتەی ریـازی دا، تەواو کـرد. کـاک سـەعیدی مـوعینی لە بنەمـاڵەی بەناوبانـگ و تێکۆشـەری موعینیەکـانی مەهابـاد و لە خێزانیکـی تێکۆشـەردا پەروەردە ببـوو، بـرای دوو تێکۆشـەری خەبـاتی سـاڵەکانی ١٣٤٦ - ٤٧ ی کوردسـتانی ئێـران کـاک عەبـدوڵاو سولەیمان موعینی بوو. هـاوڕێ سـەعید بە هـۆی سیاسی بـوونی بنەمـاڵەکەی هەر لە دەورانـی دەبیرستاندا لە گەڵ بـاس و بابەتە سیاسییەکان ئاشنایی پەیدا دەکات. پـاش بەشداری کردنـی لە کۆنکوری زانستگا لەبەشی ئامار، لە زانکۆی تـاران وەرگیرا. ساڵی ١٣٤٨ ی هەتاوی لە تاران لەگەڵ هاوڕێیـانی کۆمەڵە ئاشنایی پەیـدا کرد و بەمشێوە کـاک خـانە هەر وەک بنەماڵەکەی، دەستی کرد بە خەبات و بە شێوەی نهێنی لە ریزی ریکخراوی کۆمەڵەدا درێژەی بی چالاکی دا. سـاڵی ١٣٥٤ی هەتـاوی دەکەوێـتە ژێرچـاوەدێری سـاواک و دواتـر لەکاتێـک دا نووسـراوەیەکی کـۆمەڵەی بە دەسـتەوە بـوو لە پـارکی خوێندکارانی زانستگای تاران، لەلایەن کار بەدەستانی ساواکەوە دەستبەسەر دەکرێ.

ماوەیەکی زۆر بێ سەروشوێن دەبێت، بە دوای ماوەیەک بە هەوڵی دوکتور مستافای ئەعلەم، کە خزمی بنەمـاڵەی موعینیە، دەتوانن دوای چەند مانگ لە سەرو شوێنی ئاگـادار ببنەوە. کـاک خـانە سـەرەرای ئەشکەنجەی زۆر بـۆ مـاوەی زیـاتر لە ١٦

مانگ لە زیندان و ژوورکانی تاکەکەسی زیندانەکانی ڕژیمی پاشایەتی، نکۆڵی لە سیاسی بوونی خۆی کردو نهێنیەکانی کۆمەڵەی بۆ ساواک ئاشکرا نەکرد. زیندان و شکەنجە کۆڵی پێ نەداو لەسەر خەباتی دژی ڕژێم سورترو چالاکتر دەبێ. بە دوای نزیک بە دوو ساڵ زیندانی و ئەشکەنجەیەکی زۆر، لە خەرمانانی ١٣٥٦ لەزیندان ئازاد دەکرێ و پەیوەندی دووبارە بە کۆمەڵەوە دەگرێ. دوای ماوەیەک دەست دەکاتەوە بەخوێندن، دەرسەکەی تەواو دەکا و دەگەڕێتەوە مهاباد.

لە ڕۆژی ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی هاورێ "سەعیدی موعینی" ناسراو بە "خانە" بۆ فێربوونی کاروباری پێشمەرگانە لە سەر بڕیاری ڕێبەری ئەوکاتی کۆمەڵە ڕەوانەی کوردستانی عێراق دەکرێت تا پەیوەندی بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بکات. لە کاتێک دا کە کاک خانە لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی دەیانەویست بەرەو شوێنی مەبەست بڕۆن، لە نزیک ئاوایی "دڕێ" سەربە شارۆچکەی "ماوەت" لە ناوچەی "شارباژێر" حکومەتی بەعسی عێراق بە شوێنی ئەو پێشمەرگانە دەزانێت و پەلاماریان دەدات و بە داخەوە کاک خانە پێش لەوەی بگاتە شوێنی ماموریەتەکەی وێڕای دەستەیەک لە پێشمەرگە هاورێیەکان بەدەستی ڕژیمی بەعس لە شەرشیکی نابەرابەردا گیانی ئازیزی بەخت کردو بوو بە یەکەم شەهیدی کۆمەڵە.

کۆمەڵە ڕۆژی شەهید بوونی کاک خانەی وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە دیاری کردووەو لە ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی بەولاوە هەموو ساڵێ ئەم ڕۆژە لە مەقەڕەکانی کۆمەڵە، لە شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان، لە لایەن دۆستان و لایەنگران و بنەماڵەی پێشمەرگە و گیانبەختکردوانی کۆمەڵەوە، ڕێز لەو ڕۆژەو لە خەبات و تێکۆشانی هەموو ئەو کەسانە دەگیرێ کە لە سەنگەری بەرگریدا لە ریزی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە خەباتیان کردووە بە شێوازی جۆراوجۆر یادی ئەم ڕۆژە دەکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٥

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٤ی کوردی - مای ٢٠٢٤ی زایینی




سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، و بابەتەکان.

دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

